


# هاوكێشەی سیاسیی زەمەنی دیكتاتۆری و دەبێت یەكپارچەیی عێراق بە

هەتا چەند رۆژێك پێش ئێستا كە گوێبیستی لێدوانەكانی سیاسەتمەدارانی عەرەبی عێراق دەبووین باس لە گۆڕینی هاوكێشەی هێز لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەكرا، ئاماژەیان بەوە دەكرد لە ئایندەیەكی نزیكدا هاوكێشەكە گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت و جێگۆڕكێ بەو لایەنە دەكرێت كە ئێستا بە كوردی پێیدەڵێن (هەوێنی پرۆسەی سیاسی) و بە عەرەبی پێی دەڵێن (بیضه القبان) و بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (KingMakers) ئەم هەموو چاوەڕوانە بۆ ئەوە بوو پێمان بڵێن چیدیكە هێزی كورد یان هاوپەیمانی كوردستانی ئەو رۆڵە گرنگەی لە پرۆسە سیاسییەكەدا نامێنێت كە پێشتر هەیبووە و ئیدی لەمەو دوا ئەم پارسەنگە دەگوازرێتەوە بۆ لایەنێكی دیكە.

بێگومان ئەم باس و خواسە هەروا لە خۆوە نەهاتۆتە گۆرێ و، بەشێكی پەیوەندی بە ئەدای سیاسیی و نیەتپاكی خۆشمانەوە هەبوو لە پرۆسە سیاسییەكەدا و هەروەها لە هەوڵی بێوچانی هاوپەیمانی كوردستان و سەركردایەتی سیاسیی كوردستان بۆ میانگیری لە نێوان هەردوولایەنی عەرەبی شیعە و سونە و رێگرتن لەوەی كە ناكۆكیەكانی نێوان شیعەو سونە ببێتە شەرێكی ناوخۆی سەرتاسەری لە باشور و ناوەڕاستی عێراقدا.

لێرەدا بێگومان مەبەستمان ئەوەنییە كە بڵێن سەركردایەتی كوردستان و هاوپەیمانی كوردستان كارێكی باشیان نەكردووە كە بەو ئاراستەیە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا كاریان كردووە، بەڵكو مەبەستمان ئەوەیە بڵێن دەبوو ئەزموونی پێشوومان وردتر لەبەرچاو بگرتایە بەتایبەتی كە هەندێك هەڵوێستمان لە عەرەبی شیعەو سونەی عێراق بینی كە لە هەموو بارێكدا ئاماژەبوون بۆئەوەی كە تێروانینی عەرەبی عێراق بەرامبەر بە گەلی كوردستان و دۆزە رەواكەی گۆڕانكاری بەسەردا نەهاتووە، بەتایبەتیش لە هەندێك مەسەلەدا كە زیاتر پەیوەندی بە لایەنی مرۆڤایەتی و نیەت پاكی بۆ پێكەوە ژیانی برایانە هەبوو نەك دانوستاندن لە سەر ماف و داواكاری سیاسیی، لێرەدا دەكرێت ئاماژە تەنها بە دووحاڵەت بكەین، دەبوو ببونایە بە خاڵی هەڵوەستە و لەسەر راوەستان، ئەو دووخاڵەش بریتین لە:

١- عێراق چۆن لە رووی سیاسی و دامەزراندنەوەوە بە قۆناخی راگواستندا تێدەپەڕی، لەهەمان كاتدا زەمینە رەخساندنیش بۆ بونیادنانەوەی دادپەروەری لە نێوان سەرجەم پێكهاتەكانی عێراقیشدا بە قۆناخێكی دادپەروەری راگواستندا تێدەپەڕی (العداله الانتقاليه) لەم قۆناخەدا زۆر پێویست بوو عەرەبی عێراق بۆ ئەوەی نیەت پاكی خۆی بۆ پێكەوەژیان بۆ كورد لە چوارچێوەی عێراقدا بخاتە روو، داوای لێبوردن لە گەلی كوردستان بكات بەوەی ئەو نەهامەتییەی بەسەری هاتووە بەدەستی چەند رژێمێك بەسەریدا هاتووە كە نوێنەرایەتی عەرەبی عێراقی كردووە و عەرەبی عێراقی وەك ئالەتێك بۆ جێبەجێكردنی ئەو سیاسەتە دڕندانەیەی دژ بە كورد بەكارهێناوە، بەڵام بەداخەوە عەرەبی عێراق ئەم ئامادەباشییەیان پیشان نەداو ئامادەش نەبوون بە فەرمی و لە چوارچێوەی دیكۆمێنتێكی فەرمیدا پاكانە لەو رژێمانە بكەن كە دڕندەترین سیاسەتی شۆڤێنیانیانەیان دژ بە كورد پیادەكردبوو .

٢- بۆ سڕینەوەی ئاسەواری كاولكاری و رێكخستنەوەی كوردستان داوا كرا بەشێك لە داهاتی نەوتی عیراق بەرێژەی ٥٪ بۆ قەرەبووكردنەوەی كوردستان تەرخان بكرێت، ئەمە لە كاتێكدا رێژەی ٥٠ ٪ی زیاتری نەوتی عێراق لەسەر خاكی كوردستان دەردەهێنرێت و دەیان ساڵیشە بە داهاتی ئەو نەوتە كوردستان كاول دەكرێت.

**بۆ سڕینەوەی ئاسەواری كاولكاری و رێكخستنەوەی كوردستان داوا كرا بەشێك لە داهاتی نەوتی عیراق بەرێژەی ٥٪ بۆ قەرەبووكردنەوەی كوردستان تەرخان بكرێت، ئەمە لە كاتێكدا رێژەی٥٠ ٪ی زیاتری نەوتی عێراق لەسەر خاكی كوردستان دەردەهێنرێت و دەیان ساڵیشە بە داهاتی ئەو نەوتە كوردستان كاوڵ دەكرێت**




# عێراق و پێگەی کورد
# خۆسەپاندن بەسەرچوو تەوافوقی نیشتمانی بپارێزرێت

رەتکردنەوەی ئەم هەڵوێستە مرۆڤایەتیانە لە لایەن عەرەبی عێراقەوە بەرامبەر کوردستان و ئەو زوڵمەی لە گەلەکەی کرابوو ئاماژەبوون بۆ ئەوەی کە زۆرینەی عەرەبی عێراق ئامادەنین هیچ هەڵوێستێکی ئیجابیان بەرامبەر بە کوردستان هەبێت. بێگومان هەموو لایەك بەو راستییە ئاگادارن کە لایەنی کوردی بۆ رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق چاوی لە زۆر شتی دیکە پۆشیوە (کە نەدەبوو چاوی لێبپۆشێت) زیاد لەمەش وێڕای ئەوەی هەر لە پێگەی قوربانیدا ماوەتەوە بەڵام زۆر هەوڵی جددی هەبووە و دەستپێشخەری کردووە کە چەندین کۆنگرە بۆ دیالۆگی نیشتمانی و برایەتی کورد عەرەب لە کوردستان رێکبخات و هەموویان لە کوردستان کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئەو ئەقڵییەتە کۆنە ببنەوە کە دەیان ساڵە عێراقی کردووە بە گۆمی خوێن، بەڵام بە داخەوە ئەم هەوڵەی کورد نەیتوانی وەك پێویست ئەو ئەقڵییەتە بگۆڕێت .

## تەقاندنەوەی مەزاری ئەلعەسکەرییە و کۆتایی عێراق

لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٦ دوای تەقاندنەوەی هەردوو مەزاری ئەلعەسکەرییە لە شاری سامەڕا، بیتەر گالبریس باڵیوزی پێشووی ئەمەریکا لە کرواتیا کە لەو کاتەدا وەك تیمی راوێژکاری دەستوری لە بەغدابوو، ئەم رووداوەی ناونا کۆتایی عێراق و هەر لەسەر ئەم ناونیشانەش کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (The End of Iraq) گالبریس بۆ کۆتایی هاتنی عێراق وەك دەوڵەت و لەبەر یەکهەڵوەشانی پەیوەندنی نێوان عەرەبی شیعە و سونە، شەهیدکردنی رۆژنامەنووس ئەتوار بەهجەت پەیامنێری کەناڵی عەرەبی بە نموونە دەهێنێتەوە، پیتەر ئەم نموونەیەی زۆر جوان دەسنیشانکردبوو لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤە دایکی سونە و باوکی شیعە بوو. واتە لە ناو جەستەی ئەتواردا شیعە و سونە تێکەڵکردنێکی خودایی بوو، بەڵام شیعە و سونەی عێراق ئەم تیکەڵاوییە خوداییەیان پێ قبوڵ نەبوو و ئەو مرۆڤەیان شەهید کرد، ئەم نموونە پڕ مانایە پەندێك بوو پیتەر گالبریس بۆ بە ئاگاهاتنەوەی ئیدارەی ئەمەریکی بەکاریهێنابوو، بەوەی هەموو هەوڵەکان بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی بە کۆتا هاتووە و دەبێت بیر لە رێگەی چارەی دیکە بکرێتەوە کە ئەویش لێکجیاکردنەوەی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقە لەیەکتری، ئەم جیابوونەوەیەش مەرج نییە جیابوونەوەبێت لەسەر بنەمای سێ دەوڵەتی سەربەخۆی جیاواز بەڵکو، سێ هەرێمی فیدارڵی کە خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوان بن بۆ ئەوەی بتوانن هەرێمە جیاوازەکان بەرێوە بەرن لەگەڵ حکومەتێکی فیدرالی دەسەڵات سنووردار بۆ ئەوەی هەرسێ هەرێمە جیاوازەکە لە چوارچێوەی عێراقدا کۆیان بکاتەوە.

گالبریس پێش جامیس دۆبینز و ستیڤن بیدڵ و لیسلی گلب و کینس پۆلاك هەستی بەم مەترسییە کردبوو، زووتر لەوان ئیدارەی ئەمەریکی ئاگادار کردبۆوە، هەربۆیە بنەمای بۆچوونەکانی گالبریس بووە بنەما بۆ وروژاندنی پرسیارێکی گرنگی دیکە لای ئەو ٤ کەسەی ئاماژەمان پێکرد کە ئەویش ئەوە بوو (لە عێراقدا چی بکەین؟) ئەم هەوڵانە و گەران بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە باسەکەی بە ئاشکرا بردە کۆنگریس و بە نهێنیش چووە ناو هۆڵی وینیستۆن چەرچل لە ناو کۆشکی سپی بۆ ئەوەی ئەگەر ئەمەریکا نەتوانێت لە عێراقدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت ئەوا کارێك بکەن خۆیان لە دووبارەبوونەوەی ڤێتنامێکی دیکە دوور بخەنەوە، هەر ئەو کاتە بوو چیدیکە بیدڵ نەیتوانی راستییەکان لە رای گشتی

---

گروپی ٢٢ی تەمموز کە هیچ کات ئەوەیان نەشاردۆتەوە دەستی دەرەکیان لە پشتەوەیە، پێش ٢٢ی تەمموزی ٢٠٠٨ بە ساڵێك پیلانیان بۆ کێشەی کورد و سەنگی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا داڕشتبوو، پێشتریش لە کۆبوونەوەی قاهیرە چەند کۆنە جاشێکی سەردەمی رژێمی بەعسیان لە ناوچەکانی موسڵ کردبووە نوێنەری کورد

ریکلام
کۆمپانیای کوردستان نێت
KNET

ئەمەریکا بشارێتەوە، هەربۆیە لەسەر لاپەڕەکانی واشنتۆن پۆست وتارێکی بە ناونیشانی (کە سەیری بە غدا دەکەین سایگۆنمان بیردەکەوێتەوە) بڵاوکردەوە، ئەمە بە کردەیی ئەو کۆتاییە بوو کە گالبریس کردبویە ناونیشانی کتێبەکەی، هەربۆیە دەست بەجێ بڕیاردرا و لیژنەیەك لە هەردوو پارتی دیموکرات و کۆماریی بە ناوی گروپی دیراسەتی عێراق دامەزرا و پەنا بۆ هەموو ئەو کەسانە برا کە راستەوخۆ پەیوەندیان بە دۆسیێی عێراقەوە هەیە و هەروەها هەموو ئەوانەشی پێشتر لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و پۆستی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا و کاربەدەستە باڵاکانی هەردوو وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمەریکا لە پۆستە جیاوازەکانی ئیدارەی ئەمەریکیدا کاریان کردبوو. لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراقیش دوکان و پیرمام بوونە وێستگەی کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق و، سەردانە مەکوکییەکانی زاڵمای خەلیلزادی باڵیۆزی ئەو کات و رایان کرۆکەری باڵیۆزی ئێستای ئەمەریکا، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە خاوکردنەوەی ئەم تەنگژە و ئاڵۆزییانەی نێوان شیعەو سونە رۆڵێکی کاریگەری هەبوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لە هێورکردنەوەی باردۆخی موسڵ و کەرکووك و دیالە و هەروەها بە ناردنی دوو یەکەی سەربازی هێزی پێشمەرگە بۆ بەغدا لە هێورکردنەوەی باری ئاسایشی بەغداش رۆڵی کاریگەری گێڕا.



**هەموو مەسەلەکانی بە قاچاخ فرۆشتنی نەوت و تەسفییەی ٤ ساڵی فرۆشتنی نەوت و سوتاندنی بانکی ناوەندی عێراق کە تەنها دیکۆمێنیت سوتابوو، بە پێی بەڵگە و راپۆرتی لیژنەی راسپێردراوی پەرلەمانی عێراق کە بۆ لێکۆڵینەوە لەو رووداوە پێکهێنرابوو، تەنها یەک دۆلاریش لەو رووداوەدا نەسوتاوە، ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە سوتاندنی بانکی ناوەندی عێراق بەدەستی ئەنقەست بووە و بۆ ئەوە بووە تەسفیەی فرۆشتنی ٤ ساڵی نەوتی عێراق دیزە بە دەرخۆنە بکەن**

## کورد نەیهێشت
## حکومەتی بەغدا بڕوخێت

تەنگژەو ئاڵۆزی نێوان شیعەو سونە کاریگەری لەسەر هەردوو ئاستی هاوپەیمانی نێوان شیعە وسونە و هەروەها شیعە و شیعەش هەبوو، هەربۆیە پرۆسەی سیاسیی عێراق رووبەڕووی لەبەر یەکترازانێك بووە، کە دەکرێت بە دوو ئاراستە دەسنیشانیان بکەین :

١- لەسەر ئاستی پێکهاتە جیاوازەکان لایەنەکانی نێو بەرەی تەوافق بە حزبی ئیسلامی عێراقیشەوە لە حکومەتەکەی د. مالکی کشانەوە، هەروەها بەشێکی لیستی ئەلعراقیەش (د. ئەیاد عەلاوی) کشانەوە.

٢- لیستی هاوبەندنی عێراق (کە ناسراوە بەلیستی ئیئتیلافی شیعە) کە گەورەترین لیستی ناو پەرلەمانی عێراق بوو رووبەڕووی جیابوونەوەیەکی چەند لایەنە بووە کە ئەم لایەنانە جیابوونەوە:

أ- تەیاری سەدر ٣٢ ئەندامن.

ب- حزبی فەزیلە ١٥ ئەندامن.

ت- حزبی دەعوا (باڵی تەنزیمی عێراق سەر بە عەبدولکەریم عەنزییە).

ث- گروپی تەزامن کەسەر بە داود قاسمن و ١٥ ئەندامن.

ئەم لێکترازانەی نێو ئیئتیلافی شیعە، زۆرینەی پەرلەمانی لە ئیئتیلافی شیعە سەندەوە، هەربۆیە ئەگەر هاوپەیمانی و پشتگیری هاوپەیمانی کوردستان نەبوایە لەگەڵ کشانەوەی بەرەی تەوافوق و لیستی ئەلعراقیە و هەڕەشەکانی تەیاری سەدر، ئەوا حکومەتی د.مالکی دەمێك بوو رووخابوو.

٣- دوای ئەوەی بە رێگەی پەرلەمان و دەنگدان نەیانتوانی حکومەت بڕوخێنن، ئەم گروپانە بە هاوکاری دەستی دەرەکی بەتایبەتی چەند دەوڵەتێکی عەرەبی، هەوڵیاندا کودەتایەکی سەربازی بەسەر حکومەتی مالکی بکەن و رێکخەری ئەم پیلانەش د. ئەیاد عەلاوی بوو، کە هەر لە سەردەمی ئۆپۆزسیونەوە ئەو بڕوای وابوو دەبێت حکومەتی سەدام حوسێنیش هەر بە کودەتای سەربازی بروخێت.

## ئێستا هەمان گروپ
## بە کارتی کەرکووک هەڕەشە لە ئایندەی عێراق دەکەن

ئەو گروپەی رۆژی ٢٢ی تەمموز بە نهێنی دەنگیان لەسەر مادەی ٢٤ی هەڵبژاردنی پارێزگاکان تایبەت بە کەرکووکدا، هەمان ئەو گروپەن کە پێشتر هەوڵی رووخاندنی حکومەتی عێراقیان دەدا و هەر ئەم گروپەش خاوەنی پێشنیاری دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی کەرکوکن بەرێژەی ٣٢٪ بۆ کورد و عەرەب و تورکمان و٤٪ بۆ کلد و ئاشوری، هەر ئەم گروپەشن کە لەناو پەرلەماندا ئیمزایان کۆکردۆتەوە و وەك ساڵح موتڵەگ لە ژمارەکانی پێشوودا بە گوڵانی راگەیاند ١١٠ پەرلەمانتار ئیمزای لەسەرکردووە و بە قسەی عارف تەیفوری جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش ئەو پێشنیارە بە ئیمزای ٥٧ پەرلەمانتار بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق.

## بۆچی کەرکووک کرا بە ئامانج

گروپی ٢٢ی تەموز کە هیچ کات ئەوەیان نەشاردۆتەوە دەستی دەرەکیان لە پشتەوەیەوە، پێش ٢٢ی تەمموزی ٢٠٠٨ بە ساڵێك پیلانیان بۆ کێشەی کورد و سەنگی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا دارشتبوو، پێشتریش لە کۆبوونەوەی قاهیرە چەند کۆنە جاشێکی سەردەمی رژێمی بەعسیان لە ناوچەکانی موسڵ کردبووە نوێنەری کورد، هەربۆیە پێش ئەوەی باسی کەرکووك بێتە پێشەوە ئەم گروپە لە ناو پەرلەماندا لەسەر چەندین مەسەلەی گرنگ پەیوەست بە هەرێمی کوردستانەوە دژایەتی خۆیان بۆ مافەکانی کورد پیشانداوە، وەك:

١- لەسەر بودجەی پێشمەرگە وەك بەشێك لە سوپای عێراق و بودجەکەی بخرێتە سەر خەرجییە سیادییەکانی عێراق.

٢- لەسەر بەشە داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم بودجەی عێراق و دژایەتیکردنی رێژەی ١٧٪بۆ هەرێمی کوردستان.

٣- بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەکەیان لەدژی کورد زیاتر یەکگرتوو بێت، هەموو مەسەلەکانی بە قاچاخ فرۆشتنی نەوت و تەسفییەی ٤ ساڵی فرۆشتنی نەوت و سوتاندنی بانکی ناوەندی عێراق کە تەنها دیکۆمێنیت سوتابوو، بەپێی بەڵگە و راپۆرتی لیژنەی راسپێردراوی پەرلەمانی عێراق کە بۆ لێکۆڵینەوە لەو رووداوە پێکهێنرابوو، تەنها یەك دۆلاریش لەو رووداوەدا نەسوتاوە، ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە سوتاندنی بانکی ناوەندی عێراق بەدەستی ئەنقەست بووە و بۆ ئەوە بووە تەسفیەی فرۆشتنی ٤ ساڵی نەوتی عێراق دیزە بە دەرخۆنە بکەن، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە لە ناو پەرلەمانی عێراقدا هێندەی بەرەکە دژی ١٧٪و بودجەی هێزی پێشمەرگە بوون، نیوهێندە باسی ئەو پێشلکارییە گەورانە نەکرا کە تەخشان وپەخشان بە داهاتی نیشتمانی عێراق دەکات .

٤- لەسەر ئاستی سیاسیی و بۆ چەواشەکردنی پرۆسەی سیاسیی عێراق، تاریق هاشمی سەرۆکی پارتی ئیسلامی عێراق یاداشتنامەی لێکحاڵیبوونی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئیمزا کرد و بەپێی ئەو یاداشتانەمەیە حزبی ئیسلامی عێراقی ئامادەباشی خۆی پیشانداوە کە هەموو کێشەکان بەرێگەی لێکتێگەیشتن و وتوێژو دانوستاندن و تەوافوقی نیشتمانی چارەسەر بکرێن، هەروەها عەدنان دلێمی و ساڵح موتڵەگ و نوینەرانی تەیاری سەدر و حزبی فەزیلەش هەمان ئامادەباشیان پیشاندا بوو، هەربۆیە کورد و سەرکردایەتی کوردستان نەك تەنها بۆ مەسەلەی کەرکووك بەڵکو بۆ مەسەلەی سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی عێراقیش لە هەوڵی ئەوەدا بوو، هاوپەیمانیەکی فراوانتر لە هاوپەیمانییە چوارقۆلییەکەی نێوان پارتی و یەکێتی و دەعوا و مەجلیس بهێنێتە ئاراوە و هاوپەیمانیەتییەك بێت کە تەواوی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق لەخۆی بگرێت و لەسەر بنەمای تەوافقی نیشتمانی حکومەتێکی بنکە فراوانی یەکێتی نیشتمانی عێراق دابمەزرێت . بەڵام لایەنەکانی دیکە لە پێش هەموویانەوە تاریق هاشمی سەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراق لە دارشتنی پیلانێکی دیکەدابوو، ئەم مەسەلانەشی لە دیمانەیەکی کەناڵی ئەلعەربیە و لە بەرنامەی (بصراحە) زۆر بەسەراحەت ئاماژە پێدەکات و دەڵێت: حزبی ئیسلامی عێراق لە سەرانسەری عێراقدا لایەنگیری هەیە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ئێستا حزبی ئیسلامی رۆڵی هەوێنی پرۆسەی سیاسیی (بیچە القبان) لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا دەگێرێت و لە هەڵبژاردنی داهاتوشدا بنەمای دابەشکردنی تائیفی نامێنێت و عێراقییەکان لەسەر بنەمای مەزهەب و نەتەوە دەنگ بە پارتە سیاسییەکان نادەن) هاشمی لەو قسانەیدا زۆر راشکاوانە خاڵبەندی پیتەکانی کردووە، بەڵام ئاماژەی بەو هۆکارانە نەکردووە کە بۆتە هۆکاری ئەوەی لە کوردستاندا رێزی لێگیراوە .، هاشمی دەبوو لە بەرنامەی (بصراحە) بە سەراحەت باسی نیەت پاکی کوردی بکردایە کە چۆن ئەم میللەتە مەزڵومە ئامادەیە لەگەڵ جەلادەکانی دوێنی لاپەرەی تازە هەڵبداتەوە بەمەرجێك لایەنی بەرامبەر دان بە مەزلومییەتی ئەو گەلەدا بنێت و رژێمی بەعس و دیکتاتۆرییەتی سەدام حوسێن وەك دوژمنی هاوبەشی سەرجەم عێراقییەکان بناسێت، تاریق هاشمی کە سەردانی کوردستانی کردووە لە باردۆخێکدا نەبووە کەس بەخیلی پێبەرێت، داوای لەسەرکردایەتی کوردستان دەکرد لەو تێبگەن کە ناتوانێت هەموو شتێك بکات و هەمووشتێك بڵێت، هەربۆیە سەرکردایەتی کوردستان تاریق هاشمیان برد بۆ سەردانی هەڵەبجە بۆ ئەوەی پێی بڵێن ئێمە لەسەر زامەکانی هەڵەبجەو





کیمیاباران دەستی هاریکاری و لێبوردەیی بۆ ئێوە درێژ دەکەین و ئامادەشـــین لەگەڵتانـــدا بڕین بەمەرجێ ئێـــوە ئەقڵییەت و دیدوبۆچوونتان بەرامبەر کورد و کێشەکەی گۆڕابێت و بڕواتان بە ماف و خاکی کوردســـتان هەبێت لـــە چوارچێوەی عێراقدا، ئەمانە بەڵگەی مێژوویەکی نزیکی ســـاڵێك لەمەوپێشن، بەڵام ئێســـتا تاریق هاشـــمی ئەم هەموو هەوڵەی کورد لەبیر دەکات و ئەندامانی پەرلەمانی ســـەربە حیزبەکەی هاوشـــانی کۆنە بەعسییەکان دژی کورد دەنگ بۆ ماددەی ٢٤ دەدەن و هەموو بنەمایەکی تەوافقی نیشـــتمانی پێشێل دەکات کە پێشتر خۆی ئیمزای لەســـەرکردووە، زیاد لەمانەش هەنگاوە تاکتیکییەکانی لە هەمان بەرنامەدا بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

١- هاشمی سەبارەت بە هۆکاری گەڕانەوەیان بۆ ناو حکومەت دەڵێت: (ئێمە کە بینیمان بەڕێز مالکی خاوەنی بڕیارە بۆ لێدانی ملیشیاکانی بەسرا هەســـتمان کرد پێویستە پشتگیری بکرێت، هەربۆیە من یەکەم کەس بووم چوومە بەسراو و پشتگیریم کرد، هەروەها لە هەڵمەتەکانی موسڵ و دیالەش پشتگیریم کرد).

٢- ســـەبارەت بەو پرســـیارەی کە ئامانجـــی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆ نەوتی عێراقە، هاشمی دەڵێت: وەڵاهی تائێستا هیچ قسەیەکی لەو شێوەیان لەگەڵ من نەکردووە و من وەك جێگری سەرکۆماری عێراق ئاگاداری ئەوە نیم کە هیچ کۆنتراکتێکی جیاواز لەگەڵ هیچ کۆمپانییەکی ئەمەریکی کرابێت . کۆمپانیا ئەمەریکییەکانیـــش وەك کۆمپانیاکانی دیکەی وڵاتانی جیهان بەشداری لە گەڕان و بەرەوپێشـــەوەبردنی کێڵگە نەوتییەکانی عێراقدا دەکەن).

٣- هاشـــمی خۆی بە دامەزرێنەری بیرۆکەی دروستکردنی هێزەکانی ســـەحوە دەزانێت و دەیەوێت ئەم هێزە ببێت بە بەشێك لە سوپای عێراق، ئەو دژی ئەوەیە بە ڕێژەی٢٥٪ی ئەم هێزانە تێکەڵاوی دامەزراوەکانی سوپا و پۆلیسی عێراق بکرێن، هەربۆیە گاڵتە بە کارە مەدەنییەکان دەکات و دەڵێت: چۆن دەبێت کەسێك تا دوێنێ لە نێو ریزەکانی سەحوە دژی تیرۆر شەڕی کردبێت و ئەمڕۆ ئەرکێکی مەدەنی پێبسپێرێت بکرێتە کەناس و شەقامەکان پاکبکاتەوە، سەبارەت بە مووچەی هێزەکانی سەحوەش هاشمی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەوەی ئێســـتا هەر چەکدارێکی سەحوە مانگانە بری ٣٠٠$ لە ئەمەریکییەکان وەردەگرێت، ئەمەش بە شەرمەزاری بۆ دەوڵەتی عێراق دادەنێت.

ئەگەر بە وردی لەســـەر ئەو چەند خاڵەی هاشمی ئاماژەی پێکردوون ڕابوەستین دەبینین، هەوڵیداوە ئەم ئامانجانە بپێکێت:

أ- هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕەوتی پرۆســـەی سیاســـیی عێراق و حکومەتـــی عێراق لە حکومەتێکی بنکـــە فراوانی یەکێتی نیشمانی عێراقەوە بۆ حکومەتێکی سەنترالی خاوەن سوپایەکی بەهێز.

ب- هەوڵـــدان بۆ هاوســـەنگکردنی تەرازووی ســـونە لای ئەمەریکییەکان، بۆیە وەك پێشکەشکاری بەرنامەکە بە هاشمی گـــووت: من ئومێد دەخـــوازم ئەمەریکییەکان پاداشـــتی ئەم شەهادەتەت بدەنەوە .

ت- هەوڵـــدان بۆ تێکەڵاوکردنەوەی پاشـــماوەکانی بەعس و ســـوپای عێراقی پێشوو لەگەڵ ســـوپای تازەی عێراقدا، ئەو پاشماوەیەی کە ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو هەڵیان کوتایە سەر پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە.

ث- هاشـــمی ئەوە بە ڕەوا دەزانێت کە ملیشـــیا و ســـەرۆك خێڵەکانی ســـونە ببنە بەشێك لە سوپای عێراق و بودجەکەشیان لەســـەر خەرجی ســـیادی عێراق ســـەرف بکرێت، بەڵام هێزی پێشـــمەرگە کە لە بنەڕەتدا بنەمای دروســـتبوونەوەی سوپای عێراقی نوێیە قبوڵی نییە وەك بەشێك لە سوپای عێراق حساب بکرێن و بودجەکەیان لەسەر بودجەی سیادی عێراق بێت .

## ماددەی ١٤٠ و
## مەترسیی جێبەجێکردنی لەسەر گروپەکەی ٢٢ی تەمموز

پێشـــتر ئاماژەمان بـــە کرۆکی ئەو پیلانە کـــرد کە لەژێر پەردەی کەرکووکدا یاری پێدەکرێت، لە بنەڕەتیشـــدا مەسەلەکە زۆر لـــە کەرکووك گەورەترە و ئامانجی ســـەرەکی گێڕانەوەی دیکتاتۆرییەتە بۆ عێراق و دووبارە پێشـــێلکردنەوەی مافەکانی گەلی کوردستانە، گروپی ٢٢ی تەمموز کە هەڵسوڕێنەرەکەیان پاشـــماوەکانی ڕژێمی بەعســـە، کارتێکی زۆرباشی کردووە بە میکانیزمی جێبەجێکردنی پیلانەکەی، هەربۆیە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی تەنها لە مەســـەلەی کەرکوکدا کۆکردۆتەوە و هەموو ئامانجەکانیشـــی لەسەر دژایەتی کورد و لاوازکردنی پێگەی کورد لە پرۆســـەی سیاســـیی عێراقدا چڕکردۆتەوە، هەربۆیـــە زۆر گرنگە مەترســـی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ وەك هەنگاوێکی گرنگ بۆ لە ڕیشە هەڵکێشانی بیری بەعس

●●●

ئێستا تاریق هاشمی ئەم هەموو هەوڵەی کورد لەبیر دەکات و ئەندامانی پەرلەمانی سەربە حیزبەکەی هاوشانی کۆنە بەعسییەکان دژی کورد دەنگ بۆ ماددەی ٢٤ دەدەن و هەموو بنەمایەکی تەوافقی نیشتمانی پێشێل دەکات کە پێشتر خۆی ئیمزای لەسەرکردووە

●●●

و شـــۆڤێنی عەرەبی سەیر بکەین، بەعسییەکان بە درێژایی ئەو ٣٥ ســـاڵەی حکومڕانی عێراقیان کردووە هەوڵیانداوە نەخشەی حکومڕانی بۆ عێراق بەو شێوەیە دابرێژن کە هەتاهەتایە بەدەستی کەمینــەی عەرەبی ســـونەوە بمێنێتەوە، هەر ئــەم ئامانجەش وایلێکردون تەواوی سنووری ناوچە سونەنیشینەکانی ببەستنەوە بە هەردوو ســـنوری سعودیە و ســـوریاوە و هەروەها هەوڵبدەن ســـنوری جوگرافی ناوچە عەرەبییەکانی سونەی عێراق لەسەر حسابی جوگرافیای کوردستان و شیعە لە باشور فراوان بکەن.

ماددەی ١٤٠ هەموو ئەم شـــێواندنە ئیدارییی و جوگرافیانە ڕێکدەخاتەوە:

١- ناوچەی بوســـەیە یەکێکە لـــەو ناوچانەی کە ململانێی لەسەرە لە نێوان هەردوو پارێزگای موسەنا و زیقاردا.

٢- بیابانـــی ئەلنەخیب لەنێوان کەربەلا و ئەنبار، حکومەتی عێـــراق ئەم ناوچەیەی لە کەربەلا دابڕیـــوە بۆ ئەوەی تەواوی سنوری سعودیە ببەستێتەوە بە پارێزگای ئەنبارەوەو، بێبەشکردنی کەربەلایە لە هاوسنوری لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە، ئەمەش ئامانجێکی گەورەی سیاســـیی لە پشتەوەیەوە وەك مەسەلەی کەرکووك.

٣- ناوچەی قاسم لە نێوان هەردوو شاری حلە و دیوانیە.

٤-ناوچەی هندییە لە نێوان حلە و کەربەلا.

٥- ناوچەی لەتیفیە لە نێوان حلە و بەغدا.

ئەمە بێجگە لەو ناوچانەی کە لە نێوان پارێزگاکانی عەرەبی ســـونە و هەرێمی کوردستان ناکۆکیان لەسەرە، کە ئەویش تەنها کەرکووك نییە:

١- بەشـــێك لە ناوچەکانی پارێزگای دیالە وەك خانەقین و جەلەولاو مەندەلی و چەندین ناوچەی دیکە.

٢- بەشێك لە ناوچەکانی پارێزگای موسڵ کە دەکەونە سەر پارێزگای هەولێر وەك دیبەگە و مەخمور ...هتد.

٣- زۆربـــەی ئەو قەزاو ناحییانەی پارێزگای موســـڵ کە دەکەونە باکووری موســـڵەوە لەگەل پارێزگای دهۆك ناکۆکیان لەسەر وەك شێخان، ســـنجار، بەعشیقە، حەمدانییە، تەلەعفەر، سنجار ...هتد.

٤- ئینجا مەسەلەی کەرکووك دێت کە پارێزگای کەرکووك بە ناوەندی شـــارو تەواوی قەزاو ناحیەکانییەوە ســـەرلەبەری هەیکەلی ئیداری و دیمۆگرافیاکەی شێوێنراوە .

گروپی ٢٢ی نیسان خۆیان دەزانن جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ هەتاهەتایە ئەقڵییەتی بەعس و سەدام لە عێراقدا ریشەکێش دەکات .، هەربۆیە بە هاوکاری دەستی دەرەکی دەیانەوێت هەموو ئەم راستیانە بچوك بکەنەوە بۆ کێشەی کەرکووك کە دەزانن لای کورد و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەستیارترین کێشەیە و دەبێتە سەرەتای هەڵوەشانەوەی هەموو پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا، کەواتە ئامانجی ئەم گروپە هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی سیاســـیی عێراقە هەربۆیە هەوڵدەدەن، پرۆســـە یاســـاییەکەی ماددەی ١٤٠بگۆڕن بۆ تێروانییکی سیاسیی شۆڤێنیانەو هەر بەهەمان دیدی شۆڤێنیانەش یاسایەکی شۆڤێنیانەی بۆ دروست بکەن، ئەم حاڵەتە وایکردووە کە بەشێکی دیکەی پەرلەمانتارانی



ئەو لایەنانەشی پێ هەڵبخەڵەتێنن، کە لە ریزەکانی مەجلیسی ئەعـــلا و حزبی دەعـــوا و ڕێکخراوی بـــەدردان، کە ئەوانیش هێندەی کورد ناوچەکانیانیان لە رووی جوگرافییەوە دەستکاری کراوە و ئامانجی شـــۆڤێنیانەش لە پشـــت ئەو دەسکاریکردنەوە هەبووە، هەربۆیە لەم باردۆخـــەی عێراقدا کە دەتوانین بڵێین لە ناو پەرلەمانی عێراقدا ئیئتیلافی شیعە زۆرینەی لە دەستداوە و تەنانەت حزبی دەعوا کە ئێســـتا سەرۆك وەزیرانی عێراق سەر بەو پارتەیە، ئەگەر لە ئەنجوومەنی باڵای ئیســـلامی عێراق جیابێتەوە، کە ئەوانیش بەشی خۆیان ناکۆکیان لە نێواندایە، ئەوا دەبێتە کەمینەیەکی ئەوتۆ کە تەیاری ســـەدری پێشی بکەوێت و چانسی گرتنەوە دەستی دەسەڵاتی بۆ نەمێنێتەوە، ئەمە ئەو زەنگە ترســـناکەیە، کە دەبێت ئەو لایەنە عێراقیانەی ئامانجیان بونیادناوەی عێراقێکی نوێیە لەســـەر بنەمـــای دیموکراتی و پەرلەمانی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە، هەڵوەســـتەی لەسەر بکـــەن و هەوڵبدەن رێگە بەوە نەدرێت کـــە نەیار و دوژمنانی عێراقـــی نوێ بەرەیەکـــی ئەوتۆ پێکبهێنن کـــە دواتر نەتوانن رووبەڕوویان ببنەوە و ســـەرلەبەری پرۆسە سیاسییەکە بگۆڕێت بۆ گەڕانەوەی پاشماوەکانی بەعس و دیکتاتۆرییەتێکی دیکەی هاوشێوەی سەدام حوسێن .

## پێشنیارەکانی قۆناخی دووەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان

وابڕیـــارە لە یەك دوو مانگی دادێ ســـتیڤان دیمســـتۆرا پێشـــنیارەکانی قۆناخی دووەم بۆ چارەســـەرکردنی ناوچەکانی

●●●

**تاریق هاشمی ئەوە بە رەوا دەزانێت کە ملیشیا و سەرۆک خێڵەکانی سونە ببنە بەشێک لە سوپای عێراق و بودجەکەشیان لەسەر خەرجی سیادی عێراق سەرف بکرێت، بەڵام هێزی پێشمەرگە کە لە بنەڕەتدا بنەمای دروستبوونەوەی سوپای عێراقی نوێیە قبوڵی نییە وەک بەشێک لە سوپای عێراق حساب بکرێن و بودجەکەیان لەسەر بودجەی سیادی عێراق بێت**

●●●

رێکلام
کۆمپانیای کوردستان نێت
K-NET

**بیابانی ئەلنەخیب لەنێوان کەربەلا و ئەنبار، حکومەتی عێراق ئەم ناوچەیەی لە کەربەلا دابڕیوە بۆ ئەوەی تەواوی سنوری سعودیە ببەستێتەوە بە پارێزگای ئەنبارەوە، بێبەشکردنی کەربەلایە لە هاوسنوری لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە، ئەمەش ئامانجێکی گەورەی سیاسیی لە پشتەوەیەوە وەک مەسەلەی کەرکووک**

دەرەوەی هەرێمی کوردســـتان پێشـــکەش بـــکات، رۆژنامەی نیۆیـــۆرک تایمز بەمشـــێوەیە باس لە قۆناخـــی دووەمی ئەم پێشنیارانە دەکات:

(رۆژی چوار شـــەممە نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان رایگەیاند لیســـتی پێشنیارەکانی پێشکەش دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییەی لە سەر شاری دەوڵەمەند بە نەوتی کەرکوک و ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە لە باکووری عێراقدا هەیە.

ستیڤن دیمستۆرا، نوێنەری تایبەتی نەتەوەی یەکگرتووەکان بۆ عێراق رایگەیاند لە چوارچێوەی ئەرکەکەیدا بۆ یارمەتیدانی عێراق پێشـــنیارەکانی لە کۆتایی مانگی تشـــرینی یەکەمدا دەخاتـــەڕوو. هەروەها ئەو رای گیانـــد ئامانجەکە بریتییە لە هێنانەدی « رێککەوتنێکی-ســـەفقەیەکی- گەورە» لە نێوان عەرەبی ســـوننە، عەرەبی شـــیعە، کورد، تورکمان، یەزیدی و گروپەکانی دیکە کە لێبڕاوانە و پەرۆشـــانە پێداگیری لە سەر بانگەشەکانی خۆیان دەکەن لەو ناوچەیەدا.

پێشـــنیارەکان رەنگدانەوەی چەند مانگێـــک لێکۆڵینەوەن لە لایەن تیمێکی هەمەچەشـــنەوە کە پێک هاتووە لە ١٥ پارێزەر، گفتوگۆکار، ئەکادیمی، دیبلۆماتکار و مێژوونوس، هەندێکیان ئەزموونی بۆســـنیا، ئیسرائیل و خاکەکانی فەڵەستینیان هەیە. بەپێی راگەیاندنەکەی دیمســـتۆرا ئەم کەســـانە جەخت لەسەر کەرکوک دەکەنەوە کە «مشتومڕهەڵگرترین کێشەیە لە ئێستای عێراقدا.»

دیمســـتۆرا و بەرپرســـەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان رەتیـــان کردەوە ئـــەوە ئاشـــکرا بکەن ئایـــا ئەو راســـپاردانە گواستنەوەی دانیشـــتوانەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە خۆدەگرن یاخود دووبارە داڕشـــتنەوەی سنووری پارێزگا و ناوچـــەکان لە خۆدەگرن، لەبەر ئەوەی ناکۆکییەکان هەســـت و هەڵچوونێکی زۆریان خوڵقاندووە لە نێو گروپە تائیفی و ئێتنییە رکابەرەکاندا.

**دیمستۆرا رایگەیاند، یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە لە بری پشت بەستن بە ئەنجامدانی راپرسی بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندەی شارەکە، هەموو لایەنەکان بگەنە چارەسەرێکی سیاسی کە دواتر لە راپرسییەکدا « پەسەند» بکرێت لە لایەن هەر یەکە لە گروپەکانەوە**

لە راســـتیدا کێشەی ئەوەی کێ کۆنترۆڵی کەرکوک دەکات ســـەختترین کێشەیە بۆ ئەوەی چارەســـەر بکرێت. راپرسی بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم کێشەیە لەو وادەیەدا ئەنجام نەدرا کە دەستوور دیـــاری کردبوو و بریتی بوو لە ٣١ی مانگی کانونی یەکەمی رابردوو، هەروەهـــا پێدەچێت ئەگەرێکی زۆر کەم لە ئارادا بێت بـــۆ ئەوەی لە نزیکتریـــن کاتدا ئەم دەنگدانـــە ئەنجام بدرێت. لە راســـتیدا، لایەنە ناکۆکەکانی کەرکوک نەیانتوانیوە تەنانەت قۆناخە ســـەرەتاییەکانی ســـەقامگیرکردن و ئاساییکردنەوەی ناوچەکە تەواو بکەن و ژمارەی ئەو کەســـانە دیاری بکەن کە دەتوانن دەنگ بدەن. دیمستۆرا رایگەیاند، یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە لە بری پشت بەستن بە ئەنجامدانی راپرسی بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندەی شارەکە، هەموو لایەنەکان بگەنە چارەسەرێکی سیاســـی کە دواتر لە راپرسییەکدا « پەسەند» بکرێت لە لایەن هەر یەکە لە گروپەکانەوە.

دیمستۆرا گوتی « ئامانجەکە گەیشتنە بەو رێگاچارانەی کە ئەگەر لایەنە عێراقییەکان بە شێوەیەکی کارا کاریان لەسەر بکەن، ئەوا چارەسەرێکی ئاشتییانە، سیاسییانە و درێژخایەنیان



لـــێ بکەوێتەوە کە دواتـــر لە دەرفەتێکدا، کە مـــەرج نییە لە ئێســـتا دابێت، لە راپرسییەکدا پەســـەند بکرێت یان پشتگیری لـــێ بکرێـــت.» هەروەها گوتی «ســـەرەتا پێویســـتیمان بە رێککەوتن هەیە، لەسەر بنەمای رێگاچارەکانی ئێمە، یان هەر رێگاچارەیەکی گونجاوی دیکە کە ئەوان پێی دەگەن.»

وەك هەنگاوی سەرەتا لە مانگی حوزەیراندا، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان راپۆرتێکی پێشکەش بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق کرد لەســـەر چوار ناوچە: ئاکـــرێ، حەمدانیە، مەخمور و مەندەلـــی. ئەم چوار شـــارە بەو ناوچانە لـــە قەڵەم دران کە ئاڵۆزیەکی کەمتریان تێدایە لـــە نێو چەندین ناوچەی دیکە لە باکووردا کە ناکۆکیان لە ســـەرە. (ئەوانەی دیکەی تەلەعفەر، سنجار، خانەقین و کفری لە خۆدەگرن.) لەگەڵ ئەوەشدا، پیتەر بارتـــۆ، کە راوێژکاری باڵای دیمســـتۆرایە، رایگەیاند «هیچ شوێنێك نەبووە کە چارەسەرکردنی ئاسان بوویێت.»



بارتۆ گوتی تیمەکەی هەڵسا بە گەڕان بە ئەرشیفی عێراقدا بۆ دەستنیشـــانکردنی مێژووی هەر ناوچەیەك، سەدەها بڕیاری کارگێڕیان تاوتویێ کردووە، کە لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانەوە دەرکراون لە ساڵی ١٩٣٢ەوە. )

## کورد لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا

لەم هاوکێشـــە تازەیـــەی دوای ٢٢ی تەمموز پێگەی کورد لـــە پێگەی ســـەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بە ســـونەو شـــیعەوە لە مەترسی زیاتردایە، ئەمەش لەبەرئەوەیە لە بنەڕەتدا پیلانەکە لـــە دژی کورد و بۆ بچووککردنـــەوەی هێزی کوردە لە هاوکێشـــەی سیاســـیی عێراقدا، هەربۆیە کە لەســـەر ئەم هاوکێشـــەیە هەڵوەستە دەکەین دەبێت ئەوە لەبیر خۆمان بەرینەوە کە کێشەکە تەنها کورد نییە و ئایندەی عێراقیشە، بەداخەوە لەم قۆناخەدا هاوپەیمانەکانمان لەسەر ئاستی عێراق و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەتایبەتی ئەمەریکاو بەریتانیا، ئەگەر راستەوخۆش پشـــتگیری پیلانەکەی گروپی ٢٢ی نیسان نەکەن، ئەوا ئەگەر کورد بێدەنگ بێت، ئەوانیـــش بێدەنگی لێدەکەن و ئەگەر کورد بێ هێزبێت ئەو ئامادەباشـــییەیان تێدا نابینین بەو ئاستە دەستی یارمەتی و هاریکاریمان بۆ درێژ بکەن کە لەم قەیرانە راســـتمان بکەنەوە، هەربۆیە زۆرگرنگە لەم قۆناخەدا خەمی یەکەمی کورد راســـتکردنەوەی پێگەی خۆی بێت لە هاوکێشـــە سیاسییەکەدا ئینجا خەمـــی دووەمی دیموکراتییەتی عێـــراق بێت، ئەمەش لەو روانگەیەوە دەبێت ســـەیر بکرێت ئەگـــەر کورد بەهێزبێت و کێشەی کورد لە عێراقدا چارەسەر بکرێت ئەوا بە دڵنیاییەوە، ئەم هەنگاوە دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ نەك هەر بۆ دیموکراسیەت لە عێراقدا بەڵکو بـــۆ فرەیی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەش لە عێراقدا، هەربۆیە پێویســـتە کورد و هاوپەیمانی کوردســـتان بەرژەوەندییەکانی لایەنی بەرامبەر لە روانگەیەکی عێراقییانەوە ســـەیر نەکات، کاتێك ئەوان لە روانگەیەکی شۆڤێنی عەرەبییەوە مافە رەواکانی گەلی کوردســـتان بە هەڕەشە بۆسەر ئوممەی عەرەبـــی لێکدەنەوە و پێیان وایە مافەکانی گەلی کوردســـتان ناسنامەی عەرەبی لە عێراق دادەماڵێت، ئەوا پێویستە ئێمەش لە روانگەی مافە راوەکانی گەلی کوردستانەوە هەڕەشەکانی ئەو لایەنانـــە بخوێنینەوە و لەگەڵ تەواوی ئەو لایەنانە هاوپەیمانی گرێبدەین، کە نەك هەر بروایان بە مافەکانی گەلی کوردســـتان هەبێـــت، بەڵکو تەنانـــەت ئەگـــەر بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش بخاتە مەترســـییەوە، وەك تاریق هاشمیش لە دیمانەکەیدا لەگەڵ (العربیە) ئاشکرای کردووەو دەڵێت : لە دوو دیداردا بە ئەحمەدی نەژادی ســـەرکۆماری ئیســـلامی ئێرانم گووت، ئەگەر ئێران دەســـتێوەردانی خۆی بۆ عێراق رانەگرێت ئەوا ئامادەم لەگەڵ ئەمەریکا ببمە هاوپەیمان، ئەگەر ئەمریکا شەیتانی ئەکبەریش بێت تەنها لە پێناوی ئەوەی کە دەســـتێوەردانی ئێرانی رابگرێت . بێگومـــان ئەم ئاماژەیەی تاریق هاشـــمی لەوانەیە لە رووی پرانســـیپی ئەخلاقییەوە کارێکی باش نەبێـــت بۆ حزبێکی وەك حزبی ئیسلامی عێراق کە ئەمەریکا بە دوژمنی خۆی دەزانێت بەڵام وەك سیاسەت لە جێگەی خۆیدایە ومافی خۆشیەتی ئەو هەڕەشـــەیە بکات، هەربۆیە بۆ ئێمەش لەم قۆناخەدا زۆرگرنگە راشـــکاوانەتر لەگەڵ لایەنی بەرامبەر بدوێین، دەبێت لە زمانی کەسێکی وەك د. جەعفەری تێبگەین کە ئێوارەی هەینی رابردوو لـــە بەرنامەیەکی دیکەی (العربیە) بە ناوی (من العراق) زۆر راشکاوانە هەڵوێستی دژانەی خۆی لەسەر چارەسەری کێشەی کەرکووك و گەڕانەوەی بۆ ســـەر هەرێمی کوردســـتان دەربری، راســـتە د. جەعفەری هێورتر لە ساڵح موتڵەگ قسەی دەکرد، بەڵام واتەی قســـەکانی هەمان واتەی قسەکانی موتڵەگ بوو، ئەمەش لە کاتێکدایە کە هێزی کورد بوو لەســـەر مەســـەلەی کەرکووك د. جەعفەری ناچارکرد دەست لەکار بکێشێتەوەو، بەڵام وێڕای ئەمەش ئێســـتا لە جاران زیاتر لەسەر هەڵوێستە دژەکانی ســـورترە، ئەمەش دەبێت وانەیەکی باش بێـــت بۆ کورد، دەبێت هەموو هەوڵەکان بۆ مانەوەی کورد بێت بە بەهێزی ئینجا با ئەم مانەوەیەش بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو لایانەنە بێت کە بەرامبەر پێی دەڵێت شەیتانی ئەکبەر.

●●●

**لەم هاوکێشە تازەیەی دوای ٢٢ی تەمموز پێگەی کورد لە پێگەی سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بە سونەو شیعەوە لە مەترسی زیاتردایە، ئەمەش لەبەرئەوەیە لە بنەڕەتدا پیلانەکە لە دژی کورد و بۆ بچووککردنەوەی هێزی کوردە لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا، هەربۆیە کە لەسەر ئەم هاوکێشەیە هەڵوەستە دەکەین دەبێت ئەوە لەبیر خۆمان بەرینەوە کە کێشەکە تەنها کورد نییە و ئایندەی عێراقیشە**

●●●

●●●

**ئەمەریکاو بەریتانیا، ئەگەر راستەوخۆش پشتگیری پیلانەکەی گروپی ٢٢ی نیسان نەکەن، ئەوا ئەگەر کورد بێدەنگ بێت، ئەوانیش بێدەنگی لێدەکەن و ئەگەر کورد بێ هێزبێت ئەو ئامادەباشییەیان تێدا نابینین بەو ئاستە دەستی یارمەتی و هاریکاریمان بۆ درێژ بکەن کە لەم قەیرانە راستمان بکەنەوە**

●●●

ڕیکلام
کۆمپانیای کوردستان نێت
KoNET

د.مەحمود عوسمان لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانتارە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بەڵام کەسایەتێکی سەربەخۆیەو سەربەهیچ پارتێکی سیاسی کوردستان نییە . د. مەحمود عوسمان ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵ ئەزموونی لەگەڵ بیرکردنەوەی عەرەبی عێراق هەیە و زۆرجار ئەندامی شاندی دانوستاندنی کورد بووە لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا،لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیشەوە ئەو پەرلەمانتارەی هاوپەیمانی کوردستانە کە رۆژانە بۆ میدیا ناوخۆیی و جیهانییەکان لێدوان دەدات و شرۆڤەی بارودۆخەکە دەکات، وەك خۆی لەم دیمانەی گوڵاندا ئاماژەی پێکردووە ئەو ئاماژە بەراستییەکان دەکات وەك پەرلەمانتارێکی سەربەخۆ، سەبارەت بە مەزندەو بۆچوونانەی کەهەست دەکرێت گۆڕانکارییەکان لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا بێتە ئاراوەو پێگەی کورد لەم هاوکێشە تازەیەدا، د. مەحمود عوسمان لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا بەمجۆرە بارودۆخی ئێستای شرۆڤە کرد.



## د.مەحمود عوسمان بۆ گولان:

# ئەم قۆناخە پێویستی بە هەوڵی جدی کاک مسعود و مام جەلال هەیە دەبێت چاو بە هاوپەیمانیەتیەکانماندا بخشێنینەوە

### پێش ساڵێک مەزندە دەکرا
### کە پیلانی ٢٢ی تەمموز روودەدات

کورد بە هەموو هێزی خۆیی و بەو پەڕی نیەت پاکییەوە بەشداری لەپرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا کردو بەهەمان هێز و تواناشەوە بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی و بونیادنانەوەی عێراقدا کرد، ئامانجی کورد لەم پێناوەدا ئەوەبوو بۆ هەتاهەتایە بیری شۆفینیزم و رەگەزپەرستی لەعێراقدا کۆتایی پێبێت و عێراق لەسەر بنەمای فرەیی وپێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە دابمەزرێتەوە، کورد بە درێژایی پێنج ساڵی رابردوو رۆڵی خێرو میانگیری لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق گێڕاوە و هەرگیز بەشێك نەبووە لە ئاڵۆزی توندو تیژییەکانی عێراق، هەرێمی کوردستانیش هەموو کات بەشە ئارامەکەی عێراق بووە، بەڵام ماوەیەکە هەست دەکرێت، هەوڵدەدەن پێگەی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا بچووك بکەنەوە، هەروەك چۆن لە رۆژی ٢٢ی تەمموزی مانگی رابردوو بینیمان، کە بە پیلانێکی پێشوەختە و بە گەلەکۆمەکێی نێوان کۆنە بەعسییەکان و پاشماوەکانی رژێمی پێشوو و لە خشتەبردنی ئەندامانی چەندین لایەنی دیکە هەوڵیاندا ئاراستەی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا بگۆڕن،

بە داخەوە سەرکردایەتی و بەرپرسەکانی کورد، چ ئەوانەی لە بەغدان و چ ئەوانەی لە کوردستانن، هەڵوێستە ناکەن و لەم مەسەلانە ناکۆڵنەوە و دیراسەتی ئەوە ناکەن کە کێ لەگەڵ کوردە و کێ دژایەتیمان دەکات

یەکێتی و پارتی لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا لێکۆڵینەوەیەکی وردیان نەکردووە

راستە ئێمە لە دەستووردا دەستکەوتمان بەدەست هێنا، بەڵام ئێستا هەوڵ دەدەن وردە وردە لەو دەستکەوتانەی ئێمە کەم بکەنەوە و هەر رۆژەی بیانویەکمان پێدەگرن

هەربۆیە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەین و لەسەر ڕەهەندەکانی ڕابوەستین، د.مەحمود عوسمان سەبارەت بە پێشینەی ئەم پیلانە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خشتەڕوو:

(لە ڕاستیدا ساڵێك پێش ئێستا ئەوە دیار بوو کە ٢٢ی تەمووز ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی ئێمە بەردەوام پەند لە ڕووداوەکان وەرناگرین و بەسەرماندا تێدەپەڕن و ڕووداوی ترمان دێتە پێش. ئەگەر لە بیرمان بێت لە کۆتایی مانگی کانونی دووەم و سەرەتای مانگی شوباتی ئەمساڵدا، زۆر بە زەحمەت توانیمان ڕێژەی لە ١٧٪ بودجەی عێراق بۆ کوردستان تێپەڕێنین، ئەمەش لەکاتێکدا لەگەڵ هەردوو یاسای لێبوردنی گشتی و یاسای پارێزگاکاندا پێکەوە گرێدرابوون. ئەمەش شتێك بوو بە چەشنی ٢٢ی تەمووز، لەبەر ئەوەی دەنگەکان یەکسان بوون ٨٢ دەنگ لەگەڵ ئێمە و ٨٢ دەنگ دژی ئێمە بوون، ئەگەر دەنگی سەرۆکی پەرلەمان نەبوایە یاساکە تێنەئەپەڕی و ئێمە دەرنەئەچووین. پێشتریش چەندین جار گوشار لە ئێمە کراوە لەسەر مەسەلەی یاسای نەوت و گاز، لە مەسەلەی کەرکووك و لە مەسەلەی گرێبەستەکاندا، بەڵام بە داخەوە سەرکردایەتی و بەرپرسەکانی کورد، چ ئەوانەی لە بەغدان و چ ئەوانەی لە کوردستانن، هەڵوێستە ناکەن و لەم مەسەلانە ناکۆڵنەوە و دیراسەتی ئەوە ناکەن کە کێ لەگەڵ کوردە و کێ دژایەتیمان دەکات، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلانە تێدەپەڕن و و دووبارە ڕوودەدەنەوە، تا وای لێهات ئەو کەسانە کۆببنەوە و ببنە گرووپی ٢٢ی تەمموز.

هەروەها یەکێتی و پارتی لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا لێکۆڵینەوەیەکی وردیان نەکردووە لەسەر ئەوەی ئایا لایەنەکانی بەرامبەر تاچەند پابەند دەبن بە بەڵێنەکانی خۆیانەوە و پشتگیریمان دەکەن و لەکاتی دەنگداندا لەگەڵ مان دەبن، ئەوانەی ئێمە ئیمزامان لەگەڵ کردوون زۆربەیان بە ئیمزاکەی خۆیانەوە پابەند نەبوون هەر بۆ نموونە:، حزبی ئیسلامی هەموویان دژمان بوون، حزبی دەعوە زۆربەیان دژمان بوون، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی نیوا و نیو دژمان بوون. ئەمە ئەوە ئەسەلمێنێت کە ئێمە هەڵەبووین لەو هاوپەیمانێتیانەدا، ئەوە دەردەخات کە ئێمە لە بارودۆخی خۆمان نەکۆڵیتەوە و لەسەر ئەوە ڕانەوەستاوین کە دەبێت لەگەڵ کێ هاوپەیمانێتی بکەین و کێ دۆستە و کێ دوژمنمانە.

## ئەمەریکا کە پێشتر پشتگیری ئێمەی دەکرد ئێستا زیاتر بە لای حکومەتی عێراقیدا دەیشکێنێتەوە

لە درێژەی قسەکانیداو سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای پرۆسە سیاسییەکە گوتی:

( دەبێت ئەوە بزانین کە ئێستا لایەنی دیکە دروست بوونە، بۆ نموونە عەرەبە شۆڤێنییەکان سەریان هەڵداوەتەوە، بەعسییەکان سەریان هەڵداتەوە، عەرەبەکان سەرقاڵ نین بە ململانێی شیعە و سوننەوە، ئەمەریکا کە پێشتر پشتگیری ئێمەی دەکرد ئێستا زیاتر بە لای حکومەتی عێراقیدا دەیشکێنێتەوە، بە هەمان شێوە تورکیا لە پێش ٢٢ی تەمموز و لە کاتی ٢٢ی تەمموزدا ڕۆڵی هەبووە، کە دەبێت بزانین ڕاوبۆچونی تورکیا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەمەریکا. واتە ئێمە بە وردی لە بارودۆخی خۆمان نەکۆڵیتەوە، لەوەمان نەکۆڵیتەوە کە کێ لەگەڵ مانە لە دەرەوە و لە ناوەوە، هەر بۆیە هەڵە لە دوای هەڵە دەکەین و کێشە لە دوای کێشە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

ڕاستە ئێمە لە دەستووردا دەستکەوتمان بەدەست هێنا، بەڵام ئێستا هەوڵ دەدەن وردە وردە لەو دەستکەوتانەی ئێمە کەم بکەنەوە و هەر ڕۆژەی بیانویەکمان پێدەگرن، هەربۆنموونە دوای ٢٢ی تەمموز هێزی پێشمەرگە لە پارێزگای دیالە نەما، سبەینێ پێت دەڵێن هێزی پێشمەرگە لە کەرکووکدا بەرە دەرەوە، نیویۆرك تایمز وتارێکی بڵاوکردۆتەوە کە باس لەوە دەکەن کوردەکان زاڵن بەسەر ئەو شارەدا و هێزە ئەمنییەکانی کورد لەو شارەدا باڵادەستن بە هەمان شێوە لە شاری موسڵیشدا، ئەمە هەمووی دەستپێکە بۆ ئەوەی پێمان بڵێن هێزەکانی پێشمەرگە و پاسەوانی هەرێم لە شارەکانی موسڵ و کەرکووکدا بەرنە دەرەوە، ئەمانە هەمووی یەك شتن، لەبەر ئەوە دەبێت وریا بین و پلان و ستراتیجمان هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پلانانەی دژمانن.

## هەڵەی ئێمە ئەوەبوو بەشداری دەنگدانمان کرد بۆ دەنگدانی نهێنی و ئاشکرا

هەندێك کەباسی دەنگدانەکەی ٢٢ی تەموز دەکەن لە هەمانکاتدا باس لەوە دەکەن کورد زۆر لەخۆی دڵنیابووە کە دەنگدانەکە لەبەرژەوەندی خۆی دەبێت، هەربۆیە کاتێك پێشنیاری ئەوە کراوە کە ماددەی ٢٤ بە دەنگدانی نهێنی بێت یان ئاشکرا، د. مەحمود مەشهەدانی پرسیاری لەبەڕێز د. فوئاد مەعسوم سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کردووە، ڕای ئێوە چییە ؟ ئایا ئێوە لەگەڵ دەنگدانی نەهێنین یان ئاشکرا ؟ لەوەڵامدا بەڕێز سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان پێشنیاری کردووە کە با بخرێتە دەنگدانەوە و با دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بریار بدات بە ئاشکرابێت یان بە نەهێنی، بێگومان دەنگدانەکەش لە بەرژەوەندی دەنگدانی نهێنی دەرچووە، هەربۆیە لەسەر ئەم خاڵە شرۆڤەی جۆراو جۆر دەکرێت و هەرە گرنگەکەیان ئەوەیە کە هاوپەیمانی کوردستان زۆر لە خۆی و هاوپەیمانەکانی دڵنیا بووە، سەبارەت بەم خاڵەش پەرلەمانتار مەحمود عوسمان گوتی:

(مەسەلە هەر د. فوئاد مەعسوم نەبوو، بە گشتی برادەرانی یەکێتی و پارتی کە سەرۆکایەتی کوتلەی کوردستانی دەکەن، پێش ئەوەی بێنە ژوورەوە لە دەرەوە لەگەڵ ڕێکخراوی بەدر و حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی و لایەنەکانی تری ئیئتیلاف ئیمزایان کردبوو،هەروەها لەسەر ئەو ڕێگاچارە تەوافوقییەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری کردبوو ڕێککەوتبوون، هەربۆیە ئەوان پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد لە ژوورەوە دووچاری شتێکی چاوەڕوان نەکراوبن و مسەلەکە ببێتە ئەوەی دەنگدان بە نهێنی یان بە ئاشکرا بێت.بەڕای من دەبوو لەو حاڵەتەدا دەرفەتێکیان وەربگرتایە و ڕاوێژیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بکردایە بڕیاریان نەدایە بخرێتە دەنگدانەوە، هەربۆیە ئەوانەی کە دەنگیان بە ئێمە نەدا، دەیانگوت لەبەر ئەوەی بە ئێمە ڕانەگەیەنراوە کە دەنگدان نهێنی بێت، برادەرانی

●●●

**کە حزبی ئیسلامی ڕای دەگەیەنێت من لەگەڵ ماددەی ٢٤ی ئەو یاسایەدام، بۆچی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەکەی؟، کە بەرەی تەوافوق پێ لەسەر ئەو ماددەیە دادەگرێت تۆ بۆچی ئەو هەموو کۆمەک و یارمەتیەی دەکەیت؟، ئەمە جگە لەو هەموو یارمەتییەی پێشتر کراوە**

●●●

●●●

**ئەوەی کراوە لە ٢٢ی تەمموز هەوڵێکی گەورەیە، دەوڵەتی دەرەکی لەگەڵ ە، خەڵکی ناوەوەی تێدایە، لەژێرەوە مالیکی لەگەڵ دایە، هەربۆیە دەبینین مالیکی بێدەنگە و هیچ لێدوانێکی نیە**

●●●

●●●

**خاتوو نەرمین عوسمان جێگری سەرۆکی لیژنەی ماددەی ١٤٠ ڕای دەگەیەنێت کە داوای ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری ماددەکەمان کردووە، پێیان ووتوین کە پارەیە لەبەردەستدا نیە و نەیان داونەتێ**

●●●

**ئەوان لەگەڵ مان نین، ئەگەر ئەو چەند ساڵەی پێش ئێستا بێدەنگ بوونە لەبەر ئەوەی توانایان نەبووە، ئێستا توانایان هەیە بێدەنگ نابن، بەڵام دەبێت کەموکوڕییەکانی خۆشمان ببینین و ڕاستیان بکەینەوە**



**ئیئتیلاف لێکترازانی تێکەوتووە و لەگەڵ کوردەکاندا زۆرینە پێک ناهێنن**

یەکێتـــی و پارتی دڵنیابوون لەوەی ئەوانـــەی ئیمزایان کردبوو دێنـــەدەرەوە لەگەڵ یان، لەبەر ئـــەوە بە ڕای من هەڵەیەك کرا، هەڵەکە ئەوەبوو کە داخڵـــی دەنگدان بووین، داخڵی ئەوە بووین کـــە دەنگدان نهێنی بێت یان ئاشـــکرا بێت، لەبـــەر ئەوە ئەمە مانـــای ئەوەیە کە تۆ مەبدەئـــی دەنگدانت قبوڵکرد، بەڵام کە دەنگەکە ئەوە نەبوو کە ئێمە زۆرینە بین و برادەران هاتنەدەرێ، بەڵام ژمارەیەکی کەم لەو کەسانەی ئیمزایان لەگەڵ دا کرابوو هاتنەدەرێ و دووچاری ئەو نارێکییە بووین کە بینیمان.

### ئەم هەڵەیە ڕاستدەکرێتەوە بەڵام هەوڵی دەوێت

ڕاســـتکردنەوەی هەڵە هەوڵدان و باجـــی دەوێت، بەتایبەتی ئەگەر هەڵەکەش پەیوەســـت بێت بە کێشەیەکی چارەنووسسازی وەك کەرکووکەوە،ئێســـتاش گرووپەکەی ٢٢ی تەموز ســـوورن لەسەر هەڵوێستی خۆیان، تەنانەت عەدنان دلێمی کە تائێستاش لـــە ماڵەکەی خۆیـــدا لەبەغدا پێشـــمەرگە دەیپارێزێت، دژی لێدوانەکەی شـــێخ خالیـــد عەتییە لێدوانـــی داوە و پابەندە بە دەنگدانەکـــەی ٢٢ی تەموزەوە، هەروەهـــا لایەنەکانی دیکەش وەك ســـاڵح موتڵەگ و تاریق هاشـــمیش هەمان شت دووبارە دەکەنەوە، هەربۆیە دەپرسین ئایا دەتوانین ئەم هەڵەیە بە ئاسانی ڕاست بکەینەوە ؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵاندا د. مەحمود عوسمان بەمجۆرە وەڵامی داینەوە:

(لە ڕاستیدا ڕاستکردنەوەی ئەمە هەوڵی دەوێت، دەبێت چاو بە هاوپەیمانێکانماندا بخشێنینەوە،باشـــە کە حزبی ئیســـلامی ڕای دەگەیەنێـــت من لەگەڵ ماددەی ٢٤ی ئەو یاســـایەدام، بۆچی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەکەی؟، کە بەرەی تەوافوق پێ لەســـەر ئەو ماددەیە دادەگرێت تۆ بۆچی ئەو هەموو کۆمەك و یارمەتیەی دەکەیت؟، ئەمە جگـــە لەو هەموو یارمەتییەی پێشتر کراوە. کاتێك ئێمە لەگەڵ ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامی و حزبی دەعـــوە هاوپەیمانی چوارقۆڵـــی دەکەین، لایەنەکانی دیکەی شـــیعە لەبەر ئـــەوە دژایەتیمان دەکەن کـــە ئێمە ئەم هاوپەیمانێتییەمان کردووە، بـــەڵام لایەنە هاوپەیمانەکانمان وەك پێویســـت پابەندبوونەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن. هاوپەیمانی ســـێ قۆلی لەگەڵ حزبی ئیســـلامی دەکەیت لە کاتێکدا زۆر کـــەس دژی حزبی ئیســـلامین، بەڵام لـــە هەمانکاتدا حزبی ئیســـلامی ڕای دەگەیەنێت لەگەڵ ماددەی ٢٤دام، باشـــە بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ دا دەکەین؟ سوودی چییە؟ دەبێت چاوی پێدا بخشێنینەوە. پاشان ئەوەی کراوە لە ٢٢ی تەمموز هەوڵێکی گەورەیـــە، دەوڵەتی دەرەکی لەگەڵ ە، خەڵکی ناوەوەی تێدایە، لەژێـــرەوە مالیکی لەگـــەڵ دایە، هەربۆیـــە دەبینین مالیکی بێدەنگـــە و هیچ لێدوانێکی نیە، ئەمانە دەیانەوێت کورد بچوك بکەنەوە، دەســـتکەوتەکانی کەم بکەنەوە، بیگەڕێننەوە سەر سێ پارێزگاکە. خاتوو نەرمین عوســـمان جێگری سەرۆکی لیژنەی ماددەی ١٤٠ ڕای دەگەیەنێت کە داوای ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری ماددەکەمان کردووە، پێیان ووتوین کە پارەیە لەبەردەســـتدا نیە و نەیان داونەتێ.کاتێك ماددەی ١٤٠ دانرا بۆ ئەوەبوو کە خەڵکی کەرکووك و ئەو ناوچانەی کە ناکۆکیان لەســـەرە خۆیان بڕیار لەســـەر یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە بدەن، ئێ باشە لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە بڕیار دەدەن، دەبوو ئێمە لەو پێنج ســـاڵەدا پارە بخەینەگەڕ لەو ناوچانەدا، هەوڵبدرایە پرۆژەیان بۆ بکەیت و ڕایان کێشـــێن بـــە لای خۆماندا، دیالۆگ دروســـت بکەیت لەگەڵ عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشـــوورییەکان و قەناعەتیان پێ بکەیت کە باشـــترە ئەوان بەشێك لە هەرێمی کوردستان بن، نەك دوای پێنج ساڵ بچێتە ئەو شارە و ئەو هەموو کەموکوڕییە ببینێت و گوێی لەو هەموو ڕەخنەیە ببێت و ئینجا ســـەرۆکی هەرێم بڵێت ڕاســـتە دەبێت خۆم سەرپەرشتی مەلەفی کەرکووك بکەم. ئەمە هەمـــوی کەموکوڕییە و نابێت هەموو شـــتەکان بخەینە ئەستۆی خەڵکی تر، لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئەوان بەم شێوەیەیە، ئەوان لەگەڵ مان نین، ئەگەر ئەو چەند ساڵەی پێش ئێستا بێدەنگ بوونە لەبەر ئەوەی توانایان نەبووە، ئێستا توانایان هەیـــە بێدەنگ نابن، بەڵام دەبێت کەموکوڕییەکانی خۆشـــمان ببینین و ڕاستیان بکەینەوە.

### لە ڕۆژگاری شۆڕشی ئەیلولدا هەر شتێک ڕووی بدایا مەلا مستەفای ڕەحمەتی لەو شاخە خەڵکی کۆدەکردەوە

کەدەڵێن دەبێت سەرکردایەتی کورد چاو بە خۆیدا بخشێنێتەوە، پرســـیار ئەوەیـــە ئایا ئەو پرۆســـەی بـــە خۆداچوونە و چاو بەخۆداخشـــاندنەوەیە چۆن دەبێت و چۆن دەســـتی پێبکەین ؟، لەبەر ئەوەی ئێســـتا هاوپەیمانێتییەکان قورس بوونە، بۆ نموونە ئیئتیلاف لێکترازانی تێکەوتووە و لەگەڵ کوردەکاندا زۆرینە پێك ناهێنن، هەروەها خەریکە عەرەبی ســـونە خۆی یەکلایدەکاتەوە، هەربۆیە ڕاســـتە دەبێت دەســـت پێبکەین، بـــەڵام دەبێت لەوەش ئاگاداربین کەدەست بەکارێکی قورسدەکەین، سەبارەت بەم ئەرکە قورســـە مەحمود عوسمان بەجۆرە لە دەســـتپێکردنە دەڕوانێت: (ئەگەر هەموو ئیئتیلاف لەگەڵ ماندابن دەتوانین زۆرینە پێك بهێنین، بەڵام کێشـــەکە ئەوەیە هەموویان لەگەڵ ماندا نین. بۆ چاو بە خۆداخشـــاندنەوە دەبێت کۆبونەوەیەك، کۆنفرانسێك، یان کۆبونەوەیەکی فـــراوان بکرێت و ڕای هەموو لایەك وەربگیرێت و ئەوکاتە دەزانین دەبێت چی بکەین. کێشـــەکان بەوە چارەسەر نابێت هەردوو پارتە سەرەکیەکەکە کۆبوونەوە دەکەن و دێنە دەرەوە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دەبەستن و سێ چوار لێدوان دەدەن و تەواو. لە ڕۆژگاری شۆڕشی ئەیلولدا هەر شتێك ڕووی بدایا، مەلا مستەفای ڕەحمەتی لەو شاخە خەڵکی کۆدەکردەوە، کە لەو کاتەدا کەســـانێکی کەمیش هەبوون، بۆ ئەوەی لە بارودۆخەکە بکۆڵینـــەوە و پرس و ڕاوێژ بکەین بۆ ئەوەی بزانین چی بکەین و چ نەکەین، ئێســـتا ئێمە ئەمە بـــەدی ناکەین. دەبێت پێکەوە لێکۆڵینەوەیەکی وورد بکەین لەسەر بارودۆخەکە بۆ ئەوەی بزانین سیاســـییەتمان لە نـــاوەوە و دەرەوە چۆن بێت، ڕۆڵی وڵاتانی تر هەڵبسەنگێنین و ئەوە دیاری بکەین کە چ شتێك هێڵی سوورە، لە کوێدا نەرمی بنوێنین و لە کوێدا ناتوانین نەرم بین، لە چیدا دەتوانین ســـازش بکەین و لە چیدا ناتوانین ســـازش بکەین، بە جۆرێك بێتە بەرنامەیـــەك و هەموولایەکمان پێوەی پابەند بین. لەبەر ئەوەی لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردودا شتی گەورە نەکراوە، ئەوا ئێستاش چارەسەری ئەو کێشانەزەحمەت تر بووە.

## دەبێت جەنابی کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال هەوڵی جیدی بدەن

ڕەشبینی ئێمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێشتر پێیان دەوتین کورد لە پرۆسەی عێراقدا سەمامی ئەمانە و پارسەنگی ڕاگرتنی هاوسەنگییە، بەڵام ئێستا ئێمە هیچیان نین و لەبەرەی کەمینەدایین، ئایا ئێوە چۆن لەم مەسەلە دەڕوانن؟ دەربارەیئەم پرسەش بەڕێزی گوتی: (ئەگەر ئێستا بچینەوە پەرلەمان ئەو ١٢٧ دەنگەی بە یاساکە دراوە وەك خۆیان نەماون، ئەوان تەنها لەم ماددەیەدا هاوهەڵوێست بوون، لە هەموو شتێکدا یەکهەڵوێست نین، بەڵام دەبێت پەرلەمانتارەکانی ئێمە لە ناو پەرلەمان و سەرکردەنمان لەگەڵ حزبەکانی تردا هەوڵ بدەن، دەبێت کاك مەسعودبارزانی و مام جەلال هەوڵی خۆیان بدەن و لۆبی بکەن، لەم هەموو کەین و بەینەدا ئەمەریکا لەگەڵ ئێمەدا نیە، بە پێچەوانەوە زۆر فشار لە کوردەکان دەکەن بۆ ئەوەی سازش بکەن، ئەوان لەبەر خاتری تورکیا ئەمە دەکەن و ئەمەریکا لەگەڵ تورکیادایە، تورکیا هۆکارێکی زۆر سلبیە لە مەسەلەکەدا، ئەمانە هەمووی ئێشی ئەوێت، دەبێت لەگەڵ کۆنگرێسدا قسە بکەین، دەبێت ئەگەر پێمان کرا لە ڕێی گفتوگۆوە لەگەڵ تورکیا کێشەکە چارەسەر بکەین، نەتوانین بە شێوەیەکی دیکە، ئەمانە هەمووی ئیشی ئەوێت، ئیشەکەش پلانی ئەوێت، پلانەکەش کۆبوونەوەی ئەوێت و کۆبوونەوەش لێکۆڵنەوەی ئەوێت، هەموو ئەمانە بۆ ئەوەی بزانین کێ لەگەڵمانە و کێ دۆستمانە، هێزی خۆمان چیە و دەتوانین چی بکەین، لە کوێدا هەڵەین و کەموکوڕیمان هەیە، نابێت هەموو شتەکان لە نێوان دوو پارتە سەرەکییەکەدا حەسربکرێت، خەڵکی تریش هەیە لە ناوەوە و دەرەوە دەکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت، بۆ ئەوەی پلانێکی نوێمان هەبێت، ڕاستە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا پلان هەبووە، بەڵام وەك پێویست نەبووە. لە لایەکی ترەوە دەبێت هەموو شتێك بۆ میللەت باس بکەین، من لەگەڵ شەفافیەتدام، کە شاندێکی ئەمەریکی دێت و فشار لە ئێمە دەکات، دەبێت ئەمە بە خەڵکی خۆمان بڵێین هەروەها بە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکاشی بڵێین بۆ ئەوەی فشارەکە کەم بێتەوە. ئەگەر پلانێکمان دارشت کە لە دوای لێکۆڵنەوەیەکی وردی بارودۆخەکە و ئەزموونی پێنج ساڵەکەوە بەدی هات و هەموومان پێوەی پابەند بووین، دەتوانین ڕۆڵێکی باش ببینین، چونکە ئێمە لایەنێکی بەهێزین لە عێراقدا، ڕاستە ئێستا بەهۆی ئەم هەلومەرجەی ئێستای بەغداوە تا ڕاددەیەك لاواز بووینە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە وەزعی بەغداش ئەوەندە بەهێزە.

## گرووپی ٢٢ی تەموز
## بەهەڵە پێشنیارەکەی مام جەلالیان تەفسیرکردووە

ڕێژەی لە٪٣٢ پێشنیاری پەرلەمانی عێراق بوو بۆ یاساکە زیادکرا، لەبەرئەوەی کەیاساکە نێردراوە بۆ پەرلەمان بارودۆخی کەرکووك لەگەڵ شارەکانی دیکە جیانەکراوەتەوە، هەندێك دەڵێن هێنانەناوەوەی ئەم ٪٣٢ ەش بەشێکی پەیوەندی بەخۆمانە هەیە، ڕاستە خۆمان وەك کورد ئەم مەسەلەیەمان بە مەبەستی دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکان بووە نەك دابەشکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنن، دەربارەی چۆنییەتی دروستبوونی ڕێژەی ٪٣٢ د.مەحمود گوتی:

(کاتێك مام جەلال سەردانی شاری کەرکووکی کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێشنیاری ئەوەی کرد کە بەشی پێکهاتەکانی ئەو شارە لە ڕووی ئیدارییەوە بە ڕێژەی لە سەدا ٣٢ بۆ هەر یەکە لە کورد و عەرەب و تورکمان و لە سەدا ٤ی بۆ کلدۆئاشوورییەکان دابەشبکرێن، بەڵام ئەو مەبەستی ئەنجومەنی پارێزگا نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەمەی دواییان لە هەڵبژارندا یەکلادەکرێتەوە، بەڵام ئەوان لێکدانەوەی هەڵەیان بۆ کرد و ئیشیان لەسەر کرد و پێشنیاری ئەوەیان کرد لە ئەنجومەنی پارێزگاشدا بەم شێوەیە بێت، ئەوانەی ماددەی ٢٤ی ڕۆژی ٢٢ی تەمموزیان تێپەڕاند چەندین جار سەردانی تورکیایان کردبوو، هەروەها چەندین جار شاندی تورکیا لە گەڵیاندا کۆبوونەوەی کردبوو، تورکیا ڕۆڵێکی زۆر خراپی بینی لەوەی کە ڕوویدا، هەروەها شۆفینیەتی عەرەبی دروست بۆتەوە، لە لایەکی ترەوە د. فوئادمەعسوم پێی گووتین حزبی ئیسلامی پێیان ڕاگەیاندون کە یان دەنگتان بۆ دەدەین، یان دوای دەخەین، بەڵام نە دەنگیان بۆ داین و نە دوایان خست، بەڵکو دەنگیان بۆ ئەواندا و ئێستاش ئەڵێن ئێمە لەگەڵ ئەواندایین، ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت کە ئێمە هەڵەبووین لە هەڵسەنگاندنەکەماندا. ئەوە گەلەکۆمەیەك بوو لە ئێمە کرا، هۆکاری شۆڤێنییەتی عەرەبی و حکومەتی عێراق بە بێ دەنگ بوونی، ناڵێم هەموویان، هەروەها تورکیا ڕۆڵێکی گەورە و سەرەکی بینی، ئەمەریکا و ئینگلیز پشتگریان لێنەکرد، بەڵام دژیشی نەبوون. مەشهەدانیش لەبەر ئەوەی سەر بە بەرەی تەوافوقە و بەرەی تەوافوقیش هەموویان لە دژی ئێمەبوون، ئەوا ئەویش لەبەر ئەوەی لەسەر لیستی ئەم بەرەیە هاتبوو، نەیدەتوانی دژایەتیان بکات، بەرەی تەوافوق هەموویان خراپ بوون، هەر لە عەدنان دلێمیەوە تا خەڵەف عەلیان و تا حزبی ئیسلامی. کوتلەی عێراقیە، بۆ نموونە ئێمە بینیومانە کە چۆن لە کوردستاندا پێشوازی لە ئەیاد عەللاوی دەکرێت، بەڵام ئەوان هەموویان لە دژی ئێمە دەنگیاندا، ئایا پێویست ناکات چاو بەمەدا بخشێنینەوە؟.

## لە ١٧ ملیۆن هاوڵاتی عێراقی کە مافی دەنگدانیان هەیە، تەنها ملیۆنێک و ٢٥٠ هەزار کەس ناوی خۆیات تۆمار کردوو

سەبارەت بە ئەگەری ئەمجارەی هەڵبژاردن،بێگومان ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت ئەوا سوننەکان دەنگ دەدەن، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمە دەبێت هۆی گۆڕانکاری لە کورسییەکانی کورد و شیعەکاندا؟ دەربارەی ئەم مەسەلەیەش گووتی:

(گەورەترین کێشەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق ئەوەیە خەڵکێکی کەم ناوی خۆیان تۆمارکردووە، لە ١٧ ملیۆن هاوڵاتی عێراقی کە مافی دەنگدانیان هەیە تەنها ملیۆنێك و ٢٥٠ هەزار کەس ناوی خۆیان تۆمار کردووە، کە دەکاتە نزیکەی لە سەدا ٧، ئەمە گەورەترین کێشەیە، نەك کێشەی کەرکووك، ئەوان خۆیان گێل دەکەن. هاوڵاتی ناچێت ناوی خۆی تۆمار بکات،

●●●
**من لەگەڵ شەفافیەتدام، کە شاندێکی ئەمەریکی دێت و فشار لە ئێمە دەکات، دەبێت ئەمە بە خەڵکی خۆمان بڵێین هەروەها بە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکاشی بڵێین بۆ ئەوەی فشارەکە کەم بێتەوە**
●●●



●●●
**ئێمە لایەنێکی بەهێزین لە عێراقدا، ڕاستە ئێستا بەهۆی ئەم هەلومەرجەی ئێستای بەغداوە تا ڕاددەیەک لاواز بووینە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە وەزعی بەغداش ئەوەندە بەهێزە**
●●●

ڕیکلام
کۆمپانیای کوردستان نێت
K-NET

**ئەوانەی ماددەی ٢٤ی ڕۆژی ٢٢ی تەممووزیان تێپەڕاند چەندین جار سەردانی تورکیایان کردبوو، هەروەها چەندین جار شاندی تورکیا لە گەڵیاندا کۆبوونەوەی کردبوو، تورکیا ڕۆڵێکی زۆر خراپی بینی لەوەی کە ڕوویدا**

ئەوان دەڵێن پێشتر لە چەند هەڵبژاردنێکدا دەنگماندا و هیچمان دەست نەکەوت و ئێستا بارودۆخمان خراپە، لەبەر ئەوە بە ڕای من ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت خەڵکێکی زۆر دەنگ نادات، بەڵام ئەگەر بچن دەنگ بدەن، ئەوا عەرەبە سوننەکان دەنگێکی زیاتر ئەهێنن، بە تایبەتی لە ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەبەر ئەوەی پێشتر بەشداریان نەکرد، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی سوننەکان تا ڕاددەیەك کاریگەری دەبێت لەسەر ڕێژەی کورد و شیعەکان.

ئێستا هەست بە گۆڕان ئەکەین لە هەڵوێستی مالیکیدا، بۆ نموونە مالیکی لە پێگەی هێزەوە قسەدەکات و ئێستا پێی لە سەر حکومەتی مەرکەزی داگرتووە نەك فیدراڵی، هەروەها داوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە دەکات بۆ سنووری پێش ٩ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣، دەربارەی ئەم گۆڕانە لەهەڵوێستی حکومەتی مالیکی د.مەحمود عوسمان بەجورە دەیبینێت:

(خۆی ئەم گۆڕانە پێش ساڵێك و پێش ٢٢ی تەممووزیش هەر هەبووە، بە تایبەتی لە دوای کەمبوونەوەی ململانێی نێوان شیعە و سوننە و شەڕی بەسرە و لێدانی سوپای مەهدی و باشتربوونی بارودۆخی ئەمنی بەغدا و موسڵ، ئێستا ئەوان پێیان وایە کە بەهێزترن و پێشتر کە نەیانتوانیوە دەسەڵات بچەسپێنن ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو دەسەڵاتە بسەپێنن، ئەگەر لە لێدوانەکانی مالیکی بڕوانین ئەوا ئەو ڕای دەگەیەنێت کە دەبێت هەرێم و پارێزگاکان ڕۆڵیان هەبێت، بەڵام دەبێت ئەمن مەرکەزی بێت و حکومەتی مەرکەزی بەهێز بکرێت، ئەمەش لەگەڵ فیدراڵیەتدا ناگونجێت. تا ئێستا ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا مشتومڕمانە کە ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی زیندووە و دەبێت جێبەجێ بکرێت، ئەوان دەڵێن ماددەیەکی مردووە، ئەم ماددەیە کە ماددەیەکی دەستوورییە، دەبێت حکومەتی مەرکەزی هەڵسێت بە جێبەجێ کردنی، بەڵام تا ئێستا حکومەتی مالیکی بەیانێکی ڕەسمی دەرنەکردووە کە ئەم ماددە دەستوورییە دەبێت جێبەجێ بکرێت. بێدەنگیش لە بەرژەوەندی ئەو لایەنانەیە کە دژی ئێمەن.

کێشەکەش ئەوەیە کاتێك نووسراوێ بۆ سەرۆك وەزیران بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو بودجەیەی ماددەی ١٤٠ سەرف بکات، ئەو هەڵدەستێت بە دواخستنی سەرفکردنی ئەو پارەیە، مالیکی بە ئاشکرا ناڵێت دژی ئەو خەرجکردنەم و جێ بەجێی ناکەم، بەڵام بە کردەوە کۆسپ و تەگەرەی بۆ دروست دەکات، لە لایەکی ترەوە ئەو ناوچانەی کە ناکۆکیان لەسەرە، یان ناوچەی تێکەڵاون کە ئێمەش هەین و ئەوانیش هەن، بەڵام ئەوان دەڵێن نەخێر تۆ هێزەکانت لەو ناوچانە بکشێنەرەوە، ئەمەش بە مانای باڵادەستبوونی حکومەتی مەرکەزی دێت، کە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر وەزعی کورد دەبێت. بۆ نموونە کاتێك هێزەکانی پێشمەرگە لە هەندێ ناوچەی دیالە کشانەوە، کوردە نیشتەجێکانی ئەو شوێنانە دووچاری کێشە بوونەوە، ئەڵێن فشارمان لێدەکرێت و کێشەمان بۆ دروست دەکرێت، لەبەر ئەوە دەبێت ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت و هێزەکانی ئێمە لەو ناوچانەدا بمێننەوە، کە هێزەکانی ئەوانیش حەقیان هەیە لەوێدا بمێننەوە، تاوەکو یەکلایی دەبنەوە، ئەگەر هاتنەسەر هەرێمی



کوردستان ئەوا پاسەوانی هەرێم لەو ناوچانەدا جێگیر دەکرێن، ئەگەر چوونەوە سەر حکومەتی مەرکەزی هێزەکانی حکومەتی عێراق دادەمەزرێن تێیاندا. بەڵام ئەوان کە لە ڕابردودا بێ هێز بوون و پێویستیان بە ئێمە بوو بەم شێوەیە ڕەفتاریان نەدەکرد، ئێستا هەست دەکەن هەندێ بەهێز بوونە، هەوڵ ئەدەن لەو دەستکەوتانەی ئێمە کەم بکەنەوە کە بە زۆری دەزانن، هەوڵ ئەدەن لە ڕووی ئابوورییەوە لاوازمان بکەن، هێزی پێشمەرگە کەم بکەنەوە و کۆسپ بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دروست بکەن، ئەم لە کردار و ڕەفتارەکانیاندا ڕوونە و بەدی دەکرێت.




**فوئادمەعسوم پێی گووتین حزبی ئیسلامی پێیان ڕاگەیاندوین کە یان دەنگتان بۆ دەدەین، یان دوای دەخەین، بەڵام نە دەنگیان بۆ داین و نە دوایان خست، ئەوە گەلەکۆمەیەک بوو لە ئێمە کرا**

## ئەمەریکییەکان لە ناکۆکییەکانی نێوان ئێمە و مالیکیدا زۆربەی کات پشتیوانی مالیکی دەکەن

سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەش بۆ سنورەکانی پێش ٢٠٠٣/٤/٩ یش گووتی:

( بۆ مەسەلەی فشارکردن بۆ گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنووری پێش ٩ی نیسان، بەڵێ ئەمە هەیە و ڕاستە و ئەمەریکیەکانیش پشتگیری مالیکی دەکەن و بۆ زانیاری ئێوە ئەمەریکیەکان لە ناکۆکیەکانی نێوان ئێمە و مالیکیدا زۆربەی کات پشتیوانی مالیکی دەکەن. دەبێت خەڵك ئەمە بزانن، لەم مەسەلانەدا ئەوان بێدەنگ ئەبن و ئەم بێدەنگیەش



لە بەرژەوەندی مالیکی دەشکێتەوە، هەروەها ئەمەریکیەکانیش لەگەڵ ئەوەدان کە هێزەکانی کورد لە سنووری پیش ٩ی چوار بمێننەوە، ئەوان لە ســـەردەمی بریمەرەوە ئەمە رادەگەیەنن، بۆ ئەوەی وا لێك نەدرێتەوە شـــەڕەکەی ئەوان ســـنووری هەرێمی کوردستانی فراوان کرد، ئەرکی سەرکردایەتی کورد هەڵوێستی وڵاتانـــی دیکە بە خەڵك رابگەیەنێت و شـــەفاف بێت و تەنها باسی شـــتە ئیجابییەکان نەکات و سلبیاتەکانیش بخاتەڕوو بۆ ئەوەی خەڵك لە بارودۆخەکە ئاگاداربن و لە کاتی پێویســـتدا پشتگیریت بکات.

## هەوڵێکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی پیکهاتنی تەوافوقی کەم بکرێتەوە

سەبارەت بەوەش ئایا ســـەردەمی تەوافوق کۆتایی هاتووە؟ د.مەحمود دەڵێت:

(ســـەردەمی تەوافق کۆتایی نەهاتووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێمـــەش لە زۆر شـــتدا پشـــتگیری ئەوان نەکەین یاســـاکان تێناپەڕن، بەڵام هەوڵێکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی ئەم تەوافوقە کـــەم بکرێتـــەوە و کۆتایی پێبهێنرێت و شـــتەکان بە دەنگدان یەکلابکرێنەوە و هاوکێشـــەی زۆرینە و کەمینە بێتە ئاراوە کە ئـــەوەش لە بەرژەوەندی ئێمە نیە. کـــەم و زۆر تەوافوقەکە لەم ئەنجومەنـــی نوێنەرانەدا دەمێنێت، بەڵام رەنگە لە ئەنجومەنی داهاتوودا زۆر شـــت گۆڕانیان بەسەردا بێت، هەرچەندە ئەوەش پەیوەندی بە بارودۆخی عێراقەوە هەیە. )

لە دوماهیی ئەم دیدارەداو سەبارەت بەوەی ئایا هیچ بوارێك بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ عەرەبە ســـوننەکاندا نەماوە تا لەگەڵ کورد لێکتێبگەن، ئایا هەموو سوننەکان خۆیان یەکلاکردۆتەوە کە لەگەڵ کۆنە بەعسیەکان و دەسەڵاتی مەرکەزیدان؟ لەوەلامی ئەم پرسیارەشدا د.مەحمود عوسمان گووتی:

(بە رای من هەمووعەرەبە ســـونەکان وا نین و ناتوانین بڵێین دەســـتمان شـــۆردووە لێیان، بەڵام دەبێت هەوڵێکی زیاتر بدەین لەگەڵ عەشـــیرەتەکانیان، لەگەڵ ئەنجومەنەکانی ســـەحوە و لەگەڵ حزبەکانیـــان، نەك تەنها لەگەڵ یـــەك لایەنێکدا، بۆ نموونە تا ئێســـتا ئێمە هەوڵی خۆمان لەگەڵ حزبی ئیسلامیدا کـــردووە، بەڵام دەرکەوتـــووە کە ئەم حزبە لە ناو ســـوونەکاندا ســـەنگێکی زۆری نیە، ئەمەش زەرەری لە ئێمەداوە، هەندێ لە ئەنجومەنەکانی ســـەحوە لەوان بەهێزترن. لەبەر ئەوە دەبێت لەگـــەڵ هەمو لایەکدا هەوڵ بدەین، رەنگە چەند لایەنێکی ناو ســـوونە هەبن کە بتوانن هاوکاریمان بکەن و بتوانین لێیان نزیك ببینەوە. )

**ئێستا هەست بە گۆڕان ئەکەین لە هەڵوێستی مالیکیدا، بۆ نموونە مالیکی لە پێگەی هێزەوە قسەدەکات و ئێستا پێی لە سەر حکومەتی مەرکەزی داگرتووە نەک فیدراڵی**

**ئەمەریکیەکانیش لەگەڵ ئەوەدان کە هێزەکانی کورد لە سنووری پیش ٩ی چوار بمێننەوە**

**کەم و زۆر تەوافوقەکە لەم ئەنجومەنی نوێنەرانەدا دەمێنێت، بەڵام رەنگە لە ئەنجومەنی داهاتوودا زۆر شت گۆڕانیان بەسەردا بێت**



## ئیبراهیم باجەلان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بۆ گوڵان:

# ئێمە وەک ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە داوامان لە سەرۆک بارزانی کرد هێزەکمان بۆ بنێریت بۆ ئەوەی بمانپارێزیت

**ئەوانەی هەڵیانکوتایە سەر پارێزگاو ئەنجوومەنی دیالە پاشماوەکانی بەعسن و بڕوایان بە دیموکراسی نییە**

***پێمان خۆشـــە بە گشـــتی باس لە بارودۆخی دیالە و ناوچەکانی وەك قەرەتەپـــە و خانەقین بکەین، ئەگەر بتوانی وردەکارییەکانی ئەو بارودۆخەمان بۆ باس بکەیت؟**

- بە داخەوە سوپای عێراقی لەو هێرشەیاندا کە کردیانە سەر پاریزگا و ئەنجوومەنی پارێزگا هەرچی هۆکاری ناشەرعی بوو بەکاریان هێنا و هەرگیز ئەو روداوەم لە بیرناچێتەوە، لەبەر ئەوەی دەستدرێژی بوو بۆ سەر سەرجەم پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق. هەر بۆ نموونە، پارێزگار شیعەیە، د. حوســێن ئەلزبیدیان کە دەستگیرکرد، کەسێکی سوننەیە، کە دەســت ڕێژیان کردە سەر من و تفەنگیان لێ ڕاکێشام و سویچی ســەیارەیان لێســەندم من کوردم، کەواتە ئەمــە کودەتایەکە لە دژی ئەو پێکهاتانەی کە ئێســتا کاروباری عێراق بەڕێوەدەبەن، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو سەربازانە هەتیوەکانی سەدامن و هیچ پەیوەندیان بە مالیکی و ئەنجوومەنی باڵاوە نییە و بەعســییەکانن و ئامانجی خۆیان هەیە و هیچ باوەڕێکیان بە پرۆسەی دیموکراسییەوە نییە.

***ئایا پێشتر ئاگاداربوون لە بارەی ئەو هەڵمەت و هەڵکوتانە سەرە بۆ سەر پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگا؟**

هەڵکوتانە سەر بینایەی پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە، دیوێکی دیکـەی لە خۆبایبوونی حکومەتی مالیکی و ئەو کۆنە بەعسـیانە و پاشـماوەکانی رژێمی بەعسە کە ئێستا لە ناو هێزەکانی سوپای عێراقدا رۆژەکانی سـەردەمی دیکتاتۆرییەتی بەعس و سـەدامیان بیردێننەوە، هەربۆیـەش رۆژ لەدوای رۆژ مەترسـی بەهێزبوونەوەی دەسـەڵاتی حکومەتی مەرکەزی و سـوپای عێراق ئەو مۆتەکەیەیە کە هەموو ئەو عێراقییانە رادەچڵەکێنێت کە بەدرێژای چەندین یەکەی پێشوو کارەسات و نەهامەتییان بەدەسـت حکومەتی مەرکەزی سوپا داپڵۆسێنەرەکەیەوە بینیووە، ئێسـتا پارێزگای دیالە خەریکە بۆ سەردەمی ئەو رۆژە رەشانە دەگەرێتەوە کە پێشـتر لەسەردەمی رژێمی پێشـوودا پیایدا تێپەریووە، هێزێك رەوانەی دیالە کراوە کە وەك هێزەکانی رژێمی پێشوو بۆ هەر کارو کردەوەیەك تەخویل کراون وبێجگە لە رێنمایی و فەرمانی شەخسی یەکەم کە ئێسـتا شەخسی مالکیەو پێشتریش سەدام بووە گوێ لە هیچ یاساو پرانسـیپێکی دیکە ناگرن، هێزێکە هەر لەسەرەتاوە حەز بە نمایشکردنی هێز و بڵاوکردنـەوەی ترس و تۆقاندن و داپڵۆسـینی هاوڵاتیان دەکەن و هەوڵـدەدەن بە زەبری هێـز خۆیان فەرز بکـەن، ئاکامی هەڵکوتانە قێزەوەنەکەی ئەم هێزە بۆ سـەر پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە، کـە تەنیا فەرمان لە سـەرۆك وەزیرانی عێراق وەردەگرن و حسـاب بۆ هیچ شـتێکی دیکە ناکەن، هێندە بە ناشـیرین بەسەر حکوومەتەکەی مالیکیدا شکایەوە کە ناچار بوو دەست بەجێی هەردوو وەزیری بەرگری و ناخۆ رەوانەی دیالە بکات و خۆشـی بە بیانووی ئەوەی سـەرقاڵە بە پێشـوازی سەرۆکی لوبنانەوە خۆی لە کێشەکە دزیەوە، هەردوو وەزیری بەرگری و ناوخۆ کە پێدەچوو وەك لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیشـدا رایانگەیانـد ئـاگاداری ئەم هێـزە نین بۆچی بەو شـێوەیە رەفتاری کـردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەلایەن شەخسـی یەکەمی حکومەتی عێراقەوە تەخویلکراون فەرمانی تەقەکردنیان پێدراوە دژی هەرکەسـێك ئەگەر رێگری ئەنجامدانی ئەرکە راسـپێردراوەکانیان لێبکات، پێش ئەم رووداوە هێزەکانی عیـراق فەرمانی ئەوەیان پێدرابوو کە لقەکانی پارتی و مەڵبەندەکانـی یەکێتی لە ناوچانە بپشـکنن، بەڵام هەردوولا قبوڵیان نەکـردو بەرپەرچی ئەم داوایەی حکومەتی عێراقیان دایەوە و پاشـان مەسـەلەکە بەشێوازێکی دیکە چارەسەر کرا، هەربۆیە ئەمجارەیان بەبێ ئاگادارکردنـەوەو لە نیوەشـەودا پیلانەکەی خۆیـان جێبەجێکرد، بەڵام ئەمجارەیان بۆ سـەر بینایەی پارێزگاو ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە، بەپێی ئەوەی لەو هەڵکوتانەدا سـکرتێری پارێزگار شەهید بووە و شێخ حوسـێن زوبیدی سـەرۆکی لیژنەی ئەمنی پارێزگا دەستگیرکراوە و سـەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە هەرەشـەی کوشتنی لێکراوە پاشان چەکیان کردووە و سویچی ئوتومۆبیلەکەیان لێ سەندووە، هیچ کام لەبەرپرسانی سەرەکی پارێزگای دیالە لە هاتن و هەڵمەتی ناوەختی ئەم هێزە ئاگادار نەبوون و، هەربۆیە سکرتێری پارێزگار و سەرۆکی لیژنەی ئەمنی پارێزگا رێگەیان نەداوە هێزەکە بەئاسانی پارێزگا بپشکنێت .

هەتا ئێستا فەرمانی ئەو هێزە دەستگیرنەکراوە

ئەوەی لەو رووداوەدا مایەی نیگەرانییە ئەوەیە کە دەسـتبەجێ و دوای روودانی ئەم کارەسـاتەو هاتنی هەردوو وەزیـری بەرگری و ناوخۆ بۆ دیالـە فەرماندەی ئەو هێزەی ئەم کارەی ئەنجامداوە دەسـتگیر نەکراوە و بڕیار دراوە کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسـەر ئەم کارە دروستبکرێت، بێگومان دروسـتکردنی لیژنەی لێکۆلینەوەش لەسەر کارێکی لەو جۆرە کـە ئیهانەی بەرزترین دوو دەسـەڵاتی شـەرعی پارێزگایەك بدرێت، لە باشـترین حاڵەتدا ئەو مانایە دەگەیەنێت کە بڕیاری پێشـوەختە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە هەبووە، بەڵام کارەکە هەندێك ئاسـتەنگی هاتۆتە پێش وەك پێویست ئەنجامنەدراوە، ئەگەر ئەم گریمانەیە دووربخەینەوە و وای دابنێین ئەم هێزە بێ فەرمانی سـەرووتر ئەم کارەی ئەنجام دابێ، ئەوا رەوتی رووداوەکە ئاراسـتەیەکی دیکەی دەگرت و رێوشوێنەکانیش توندتر دەگیرانە بەر .

ئـەوەی لە دیالە ئەنجامـدراوە روویەکی ئاشـکراتری ئەو پیلانەیە کە لێی دەترسـین، ئەویـش ئەنجامدانی کارێکە دژی هەر سـێ پێکهاتە سەرەکیەکەی عێراق کە بریتی بوون لە:

١- پارێزگاری دیالە رەعد مەلا حەوێز عەرەبی شیعەیە .

٢- سەرۆکی لیژنەی ئەمنی د.حوسێن ئەلزوبەیدی عەرەبی سوننەیە.

٣- سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا ئیبراهیم باجەلان کوردە .

ئەمە مانای ئەوەیە ئەم رەفتارە لە دوو سـەرچاوەی مێژوویی سەرچاوە دەگرێت کە یەکەمیان دەگەرێتەوە بۆ حەرەکەی شـەواف لە موسـڵ و کودەتایی بەعسییەکان و حەرەس قەومییەکان لە٨ شوباتی ١٩٦٤ .

مێژوو پێمان دەڵێت ئەو دوو بزاڤە کە نموونەی دووشـێوازی شـۆڤێنی عەرەبی و حیزبی بەعس بوون لە عێراقدا هەر لەدەسـپێکەوە بەشێوازی خۆسەپاندن و ترس و تۆقاندن خۆیان بەسەر عێراقییەکاندا فەرزکرد، هیچ بوارێکیـان بۆ پێکەوەژیان و هەمەرەنگی و فرەیی عێراق نەهێشـتەوە، هەربۆیە کاتێك سەیری بارودۆخی ئەمرۆی دیالە دەکەین لە زۆر رووەوە ئەو مێژووە رەشەمان بیردێتەوە.

سـەبارەت بە چۆنییەتی روودانی ئەم رووداوە و هەڵوێسـتی حکومەتی عێـراق بەرامبـەر ئەم رەفتـارە، بەرێـز ئیبراهیم باجەلان سـەرۆکی ئەنجوومەنی پارێـزگای دیالە کە لەکاتی روودانی ئـەم رووداوەدا لە نـاو بینایەی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بووە، بەمجۆرە باسـی ئەو رووداوە و بارودۆخی قـەزاو ناحیەکانی دەوروبەری دیالەی بۆ گوڵان خستە روو.

- سـەرەتا پێیـان گوتین ئەمانـە هێزێکی تایبەتن و پێشـوازیمان لێکردن و دەرگامان لێکردنەوە، بەڵام ئەوان بە شـێوەیەکی نائەخلاقی رەفتاریان کـرد و هەرچی کردارێکی ناشـیرینە کردیان کە ناتوانین وەسـفی بکەین، ئەمە سوکایەتی بوو بۆ هەموو خەڵکی دیالە، لەبەر ئەوەی ئێمە دوو دەسـەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن بوون و لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژاێردرابووین، سوکایەتی بوو بۆ پرۆسە سیاسییەکە، بۆ پێکهاتەکانی عێراق کورد و سوننە و شیعە.

**ئەو هێزەی ئەم کارەی ئەنجامداوە**
**لەبەرچاوی ئێمە سزایان دەدەن و دواتر خەڵاتیان دەکەن**

***چۆن لـە بڕیارەکەی مالیکـی دەڕوانن بـۆ پێکهینانی لیژنەی لێکۆڵینەوە، هەروەها چۆن لە سـەردانی وەزیری بەرگری و ناوخۆی عێراق دەڕوانن بۆ ئەو ناوچەیە؟**

- ئێمە داوای بینینی سـەرۆك وەزیرانمان کـرد، لەبەر ئەوەی ئەوان گوتیان تەنیـا فەرمان لە مالیکیەوە وەردەگرین. بەڵام ئەو پەیوەندی پێوەکردین و داوای لێبوردنی کرد کە ناتوانێت سـەردانی ئێمە بکات، لەبەر ئەوەی سـەرقاڵە بە سەردانەکەی سـەرۆك وەزیرانی لوبنان و شاندێکی عەشایەری لەلایە، بەڵام سەردانی هەردوو وەزیری بەرگری و ناوخۆ دوای سەعاتێك هەندێ لە بارودۆخەکەی هێور کردەوە، لەبەر

**هەرگیز ئەو ڕووداوەم لە بیرناچێتەوە، لەبەر ئەوەی دەستدرێژی بوو بۆ سەر سەرجەم پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق. هەر بۆ نموونە، پارێزگار شیعەیە، د. حوسێن ئەلزبیدیان کە دەستگیرکرد، کەسێکی سوننەیە، کە دەست ڕێژیان کردە سەر من و تفەنگیان لێ ڕاکێشام و سویچی سەیارەیان لێسەندم من کوردم**

**ئەوان ڕووداوەکە دەیخەنە ئەستۆی چەند سەربازێک و دەڵێن ئەمە تەنیا ڕەفتارێکی شەخسی بوو و لەبەرچاوی ئێمە چەند ڕۆژێک زیندانیان دەکەن و دواتر ئازادیان دەکەن و خەڵاتیشیان دەکەن**

ئەوەی چەند ساڵێکە بەرپرسێکی عێراقی سەردانی نەکردووین، لەبەر ڕەوشی ئەمنی. بۆ دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، من پێم وایە ئەوان ڕووداوەکە دەیخەنە ئەستۆی چەند سەربازێك و دەڵێن ئەمە تەنیا ڕەفتارێکی شەخسی بوو و لەبەرچاوی ئێمە چەند ڕۆژێك زیندانیان دەکەن و دواتر ئازادیان دەکەن و خەڵاتیشیان دەکەن.

***ئایا ئەم هێزە لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتە سەربازیە بوون کە پێیان دەوترا « بشائر الخیر»؟**

- نەخێر ئەوان هێزێکی تایبەتن و بە حساب دژی تیرۆر کاردەکەن و لە هەر کوێ تیرۆر هەبێت ئەوان بەرەنگاری دەبنەوە، پێشتریش هەڵیان کوتایە سەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەبەر ئەوەی شەوانە سەد کەس لەبەر حاڵەتی ئەمنی لە ناو بینایەی وەزارەتدا دەمانەوە، هەروەك ئێمە کە دەچینە بەعقوبە و تا ڕۆژی پێنج شەممە دەمێنینەوە.

***بۆچی گومان لەوە دەکرێت کە پارێزگای دیالە و بارەگای ئەنجومەنی پارێزگای دیالە تیرۆریستی تێدا بێت؟**

- نا ئەوان باش دەیانزانی کە تیرۆریستی تێدا نییە، بەڵام پێشتر چەند ڕاپۆرتێکی تر هەبوو لە سەر د. حوسێن کە سەرۆکی لیژنەی ئەمنییە لە ئەنجومەنی پارێزگا و کەسێکی هەڵبژێردراوە، ئەوان هاتن نمایشی هێزیان کرد و ئەم کەسایەتییەیان دەستگیرکرد کە ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە سەر گەڕاندنەوەی عەشایەرە سوننەکان بۆ ناوە پرۆسە سیاسییەکە لە دوای هەڵمەتی «سهم الخارق»، بە داخەوە ئێمە ئەو کاتە نەمان توانی بیست سەرۆکی عەشیرەت عەرەب کۆبکەینەوە بۆ پشتگیری ئەو هەڵمەتە، بەڵام لە دوای ئەم هەڵمەتە، هەڵمەتی « بشائر الخیر» ڕۆژی سەد تا سەد و پەنجا سەرۆك عەشیرەتی عەرەب دێن و پشتگیری ئەم هەڵمەتە دەکەن.

***ئایا هاتنی ئەم هێزە پەیوەندی بە بڕیاری کشاندنەوەی ئەو لیوایەی هێزی پێشمەرگەوە هەیە کە پێشتر لەوێدا جێگیرکرابوون، کە ئێستا ئەوان هاتوون و نمایشی هێزی خۆیان دەکەن؟**

- لە ڕاستیدا من لێدوانێکی زۆرمدا و ڕام گەیاند ئەم لیوایە لە خۆیانەوە نەهاتوون، لە سەر داواکاری ئەنجومەنی پارێزگای دیالە و بە پشتگیری سەرۆك وەزیران لەو ناوچانەدا جێگیرکران و هیچ هێزێك ناتوانێت دەریان بکات، بەڵام دواتر کە لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لەگەڵ حکومەتی عێراق و مالیکی دەست بە گفتوگۆ کرا، گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە لەبەر ئەوەی عەرەبە شۆڤێنییەکان بە شێوەیەکی تر لە جێگیر بوونی ئەم لیوایە تێدەگەن لەو ناوچەیەدا، ئەوا با بکشێینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ ماوەی ساڵێکە بەرەنگاری تیرۆر دەبنەوە و شەهید و بریندارییان هەیە، ئەوا خەڵات و پاداشت دەکرێن و دەگۆڕێن بۆ لیوایەکی سەر بە وەزارەتی بەرگری کە ڕەنگە ئەرکی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانیان لە زنجیرە چیای حەمریندا پێ بسپێرن لە داهاتوودا و بۆ ئەو مەبەستە مەشقیان پێدەکرێت.

من تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ئەو لیوایە هیچ کێشەیەکیان بۆ عەرەبی ئەو ناوچەیە نەبوو. بەڵام ئێستا سکاڵامان لە ناحیەکانی قەرەتەپە، جەلەولا، سەعدیە و جەبارە، هێشتا ئەم ناوچانە ئاسایی نەبونەتەوە و تیرۆر لە ناوچانەدا ماون، من پێشتر گوتم کە ئەگەر دوای ئەم هەڵمەتە بە ناوی» بشائر الخیر« ئەگەر بارودۆخی ئەو ناوچانە باشتر بوون ئەوا با بە ڕێ و ڕەسمێکی شایستە ئەو لیوایە بگەڕێنینەوە. بەڵام هێشتا پێویستمان بەم لیوایە هەیە، پێویستمان بە لیوایەکی بێ لایەن هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم لیوا عەرەبە هەڕەشە دەکەن و دەڵێن هیچتان نەماوە، تەنیا دە ڕۆژتان ماوە و زەمانی تیرۆر زاڵ دەکەن بە سەرماندا. ئەوان ئەوە لەبەرچاو ناگرن کە لە ساڵی ١٩٧٤ چۆن کوردەکان لەم شوێنانە ڕاگوێزراون و عەرەب لە شوێنیان نیشتەجێ کراون، ئەگەر ئەڵێن ئاگاداری ئەمەین ئەوا ئەمە خۆی لە خۆیدا موسیبەتە، ئەگەر ئاگاداریش نین ئەوا موسیبەتەکە گەورەترە هەروەك پەندە عەرەبییەکەی خۆیان دەیڵێت. بە داخەوە ئەوان سەیری ڕابردوو ناکەن و تەنیا ئەمڕۆ دەبینن.

## ئێمە وەك ئەنجوومەنی دیالە داوامان لەسەرۆك بارزانی کرد هێزێک بنێرێت بۆ هاریکاریمان

***حەزدەکەین بە وردی باسی چۆنییەتی هاتنی ئەم لیوایەمان بۆ بکەیت، ئایا لەسەر داوای خۆتان هاتن، ئایا لە کوردستانەوە هاتن، مەسەلەکە چۆن بوو؟**

- ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٦ داوای زیادکردنی ژمارەی هێزەکانی پۆلیسمان کرد، من بە شەخسی داوام لە وەزیری بەرگری کرد کە لیوایەکمان بۆ بنێرێت بۆ دیالە، لەبەر ئەوەی ئەو فیرقەیەی هەبوو بەسەر خاڵەکانی پشکنیندا دابەش ببوون، وەزیری بەرگری پێی ڕاگەیاندین کە تەنانەت ناتوانێت سریەیەکیشتان بۆ بنێرین. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ لە کۆنفرانسی دووبارە داڕشتنی دەستووردا کە بۆ پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کرابوو، لەو کاتەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کاك مەسعود بارزانی ناردی بە شوێن ئێمەدا و هەر پارێزگارێك باسی لە پارێزگاکەی خۆی دەکرد، منیش پێشنیارم کرد کە هاوکاریەکی ئەمنی لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمی هەیە، چی دەبێت ئەگەر ئێمە داوای هاوکاری لە هەرێمی کوردستان بکەین بۆ ئەوەی لیوایەك بنێرن بۆ دیالە کە ببێتە بەربەستێك لەبەردەم تیرۆریستان بۆ ئەوەی نەتوانن دزە بکەنە کوردستان، هەروەها ئەو ناوچانەی ئێمە ئەو ناوچانە



بـــوون کە لە مادەی ١٤٠دا پێیـــان دەوترێت ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەســـەرە. کاك مەسعود پێی راگەیاندنین کە ئەو هیچ لاریەکی نییە، بەڵام دەبێت ســـەرۆك وەزیرانی عێـــراق رەزامەندی بدات، کاتێك من لە هەولێر گەڕامەوە ئەم مەســـەلەیەم لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگادا تـــەرح کرد، ئـــەوان بە کۆی دەنگ پێی رازی بـــوون، لەبەر ئەوەی پێویســـتمان پێی بوو، دواتر بە شەخسی نووسراوەکەم دایە دەستی د. بەرهەم، ئەویش هەردوو وەزیری بەرگری و ناوخۆی بانگهێشت کرد و ئەوانیش رەزامەندیان لە ســـەریدا و بەرزیان کردەوە بۆ سەرۆك وەزیران، د. مالیکیش موافەقەتی لەســـەر کرد. ئەم لیوایە لە کوردســـتانەوە هات لەو شـــوێنانەدا جێگیرکران کە خاڵی پشکنینی لێ بوو، ئەمەش دەرفەتی بۆ ئەو هێزانەی سوپای عێراق رەخساند کە بتوانن هەڵمەتی ســـەربازی بکەن و دەســـتیان واڵا بێت، تاوەکو هەڵمەتی ســـەربازی «الســـهم الخارق» کرا کە هێزەکانی هاوپەیمانان هاتن و رێکخراوی القاعیدە لێکترازا و جیابونـــەوەی تێکەوت و ئەوانەی لەو رێکخراوە جیابوونەوە پەیوەندیان بە حکومەتەوە کرد، کەواتە ئەم لیوایە رۆڵێکی باڵای هەبوو، بە تایبەتی لە شـــوێنە ســـەختەکانی وەك قەرەتەپە و جەبارە. کە ئەمەش بووە هۆی باشـــترکردنی بارودۆخی ئەمنی دیالە و کزبوونـــی تیرۆر. بەڵام ئایا دەبێت لە ماوەی ســـێ رۆژدا نامەیەك بنێـــرن و بەم لیوایە بڵێن رۆڵت کۆتای هات و پاشەکشـــە بکە، ئەمە رەفتارێکی نا ئینسانیی و نا ئەخلاقییە.

***عەبدولکەریم ســـامەڕائی لێدوانی داوە کە دوای کشـــانەوەی ئەو هێزانەی پێشـــمەرگە دەبێت هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی تریش بکشـــێنەوە و تەنانەت سوپای عێراق بگەڕێتەوە بۆ کوردستانیش، ئێوە چۆن ســـەیری ئەم گۆڕانکاریانە دەکەن، لەبەر ئەوەی ئێوە زۆر نزیکن لە رووداوەکەوە؟**



- ئەم هێزانە تەنیا لای ئێمە بوونیان هەیە، بەڵام بە داخەوە ئەوان ئەو هێزە کەمەی پێشـــمەرگە کە پاســـەوانی لق و مەڵبەندەکان و هەندێ فەرمانگـــەی حکومی دەکەن، بە دەســـتێوەردان تێدەگەن، بۆ نموونە کاك مـــەلا بەختیار چەند پێشـــمەرگەیەکی بۆ ئێمـــە دابین کردووە، لەبەر ئەوەی هێزی پۆلیس کەمە، کە پاســـەوانی بارەگا حکومیەکان دەکەن لە پەروەردە و دادگا و قائیمقامیەت، عەبدولکەریم وا هەســـت دەکات ئەمانە هێزی پێشمەرگەن و هاتوون، بەڵام ئێمە بە رەسمی ئەم لیوایەمان لا هەیە و بە بڕیاریش هاتوون.

*** ئایـــا ئەمە نابێتە هۆی لێکردنەوەی ناحیە و قەزاکان لە خانەقین، وەك قەرەتەپە و جەبارە و مەندەلی؟**

- ئەمانـــە ئامانجـــی دووریان هەیە و ئیشـــی بۆ دەکەن، دەســـتی بەعســـیەکان و گروپەکەی ســـاڵح موتڵەگی تێدایە و کەسێك لێرەیە بە ناوی شـــێخ فەیسەڵ کە پێشتر ئەندام شوعبەی حزبی بەعس بووە و تەنســـیق دەکات لەگەڵیاندا و زانیاریـــان بۆ دەنێرێت و ئەوانیش لە پەرلەماندا دەیوروژێنن و ســـەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری ئیحراج دەکـــەن و راپۆرت بە نـــاوی خەڵکی ناوچەکەوە دەنووســـن، کە ئەم کەســـە بە تەنیایە و تەنها چەند خۆفرۆشێکی لەگەڵدایە ئەو ئیشانە دەکەن.

*** ئایا ئەمە ئاسایشـــی خانەقین ناخاتە مەترســـیەوە بە چەشـــنی شـــوێنەکانی تر کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد ئەو لیوا عەرەبە هەڕەشە لە کوردەکان دەکات؟**

-نەخێـــر خانەقین هێزی خۆی هەیـــە و دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات و لە سەدا ٩٠ی دانیشـــتوانەکەی کوردن و لەگەڵ کورددان، بەڵام نیگەرانی ئێمە لەو ناوچانەیە کە پێشتر تەعریب کراون و هێشتا مـــاددەی ١٤٠ لەو ناوچانەدا جێبەجێ نەکراون کە ئاســـایکردنەوە و سەرژمێری و راپرسی دەگرێتەوە و هێشتا هیچیان جێبەجێ نەکراون و مەترسیمان هەیە کە عەرەبە هاوردەکانی دیوانییە و سامەڕا و شارەبان و بەعقوبـــەوە نەگەڕێنەوە و ژمارەی عەرەبـــەکان زیاد بێت و نەبنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان.

*** ئایـــا کارەکانی جێبەجێکردنی مـــاددەی ١٤٠ دووچاری ئیفلیج بـــوون هاتوون لەبەر ئەوەی حکومەتـــی عێراق بودجەی ئەو ماددەیە سەرف ناکات؟**

- تەقریبـــەن ئیفلیج بوونە و خەڵك چاوەڕێی قەرەبووکردنەوەکە دەکەن و تا ئێســـتا تەنیـــا یەك وەجبە وەریان گرتـــووە، خەڵك هەیە قەرزی کـــردووە و گەڕاوەتەوە، بەڵام هـــاوکاری نەکراون و مووچەیان نییە و بارودۆخیان زۆر خراپە و ئەگەر باوردۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا رەنگە بگەڕێنەوە.


***چـــۆن ئایندەی ئـــەو ناوچە کوردیانـــە دەبینیت کـــە هێزەکانی پێشمەرگەی لێ کشاوەتەوە؟**

- ئێمە لە شوێنێکی هەستیارین، کە بەعقوبەیە، هەر سلبیاتێك هەبێت هەر درۆ و دەلەســـەیەك هەبێت و پێیان بـــگات، ئەوا ئێمە هەفتەی کۆبونەوەیەکمـــان هەیـــە لەگەڵ پارێزگار و ســـەرۆکی عەمەلیەی « بشـــائر الخیر» ئێمە بەرپەرچی دەدەینەوە و پێداگیری لە ســـەر مافەکانـــی خۆمـــان دەکەین و مادەی ١٤٠ بـــە خاڵێکی بنەڕەتی دەزانین بۆ چارەســـەرکردنی کێشەی ئەم ناوچانە. ئێمە پێشتر رۆڵی خۆمان هەبووە، ویســـتیان بەم هەڵمەتانە ورەمان بڕوخێنن، بەڵام ئێمە ورەمان بەرزە و هەرگیز تەنازول ناکەین و ئەرکەکانی سەرشانمان جێ بەجێ دەکەین.

●●●
**ئەم لیوایە لە کوردستانەوە هات لەو شوێنانەدا جێگیرکران کە خاڵی پشکنینی لێ بوو، ئەمەش دەرفەتی بۆ هێزانەی سوپای عێراق رەخساند کە بتوانن هەڵمەتی سەربازی بکەن و دەستیان واڵا بێت، تاوەکو هەڵمەتی سەربازی « السهم الخارق» کرا کە هێزەکانی هاوپەیمانان هاتن و رێکخراوی القاعیدە لێکترازا و جیابونەوەی تێکەوت و ئەوانەی لەو رێکخراوە جیابوونەوە پەیوەندیان لە حکومەتەوە کرد**
●●●

●●●
**نیگەرانی ئێمە لەو ناوچانەیە کە پێشتر تەعریب کراون و هێشتا ماددەی ١٤٠ لەو ناوچانەدا جێبەجێ نەکراون کە ئاسایکردنەوە و سەرژمێری و راپرسی دەگرێتەوە و هێشتا هیچیان جێبەجێ نەکراون و مەترسیمان هەیە کە عەرەبە هاوردەکانی دیوانییە و سامەڕا و شارەبان و بەعقوبەوە نەگەڕێنەوە و ژمارەی عەرەبەکان زیاد بێت و نەبنە بەشێک لە هەرێمی کوردستان**
●●●

ریکلام
کۆمپانیای کوردستان نێت
K-NET



# کەرکووک لە دیدی

لە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی ســەدام و بگرە پێش ئەویش، میدیای تورکیا بەردەوام هەوڵی داوە ڕووداوەکانی کوردســتان بە شــێوەیەکی چەواشەکراو نیشانی گەلانی تورکیا بدات و هەستی نەتەوەپەرستی شەقامی تورکی دژ بە کورد بوروژێنێت. بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ هەموو پەیام و دەستپێشخەریەکی کورد لەلایەن گەلانی تورکیا ڕەتدەکرێتەوە ئۆباڵی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

بەڵام ئەوەی جێکای ســەرەنج و لێکدانەوەیە، سەبارەت بە ڕەوشی کەرکــووك و گۆڕانکاریەکانی ئەم دوایی یــە، لە میدیای تورکیدا ڕەنگدانــەوەی زۆر بەکەمــی دەبینرێت. هەرچەندە ئەمە شــتێکی دەگمەنەو لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ڕوینەداوە، بەڵام دەکرێت هۆکارەکانی لەم خاڵانەی خوارەوە پوخت بکەینەوە:

* خەریك بوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە مەسەلەی ئەرگەنەکۆن و دەرکەوتەکانی.

* بڕیاری دانەخستنی پارتی داد و ئەو پێشهاتانەی لەوانەیە ئەم بڕیارە لەگەڵ خۆی بهێنێت.

* وەیان ئەم بێدەنگی یە پەیامێکی سیاسی لە دواوە هەیە؟

بێگومان تورکیا مەسەلەی کەرکووك بۆ خۆی وەك مەسەلەیەکی هەســتیار بەناو دەکات و بەردەوامیش هەوڵی داوە چارەنووســی ئەم مەسەلەیە بە قازانجی کورد

نەشــکێتەوە.بۆیەش ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ چــاوی دەزگاکانــی ڕاگەیاندن و دەزگا پەیوەندیدارەکانی تری تورکیا لەســەر کەرکووك بووە. لە تەنیشت ئەم

چاودێریکردنە ووردەش پڕۆژەو پلانیان دارشتووە بۆ یەکلایکردنەوەی ئەم کێشەیە.

هەرچەند ئەم پڕۆژانە ئەگەر بە شــێوەیەکی ڕەســمیش نەبێت، ڕەنگدانەوەی بۆ ســەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەکان هەبووە، بۆ نموونە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦و

ســەرەتای ٢٠٠٧ چەنــد ڕۆژنامەیەکی تورکی لــە ژێر ناوی کەرکووك دەگەڕێتەوە ســەر هەرێمی کوردستان چەند توێژینەوەیەك و لێکدانەوەیەکیــان بڵاوکردەوە، تیایدا هاتبوو ((کە کوردەکان ئەمڕۆ بونەتە هێزێك و هاوسەنگیەکان بە لای ئەوان دا دەشکێنەوە، ماوەیەکی ترە مەســەلەی کەرکووکیش بەلای ئەواندا دەشــکێتەوە، بۆیە دەبێت تورکیا دەرەك بەم ڕاســتی یە بکات و هــەوڵ بدات پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کوردی بەرەو باشی ببات))وەیان ((کوردەکان بەرەو ســەربەخۆیی هەنگاو دەنێن کەس ناتوانێت پێش ئەم ڕاستی یە بگرێت. دەبێت تورکیا دان بەو ڕاســتی یە دابنێت و سیاسەتی خۆی بەم ئاراستەیە بەڕێوە ببات، بە تایبەتی ئەگەر هەر دەوڵەتێکی کوردی ئاوا بکرێت پێویستی بە تورکیا دەبێت چونکە هیچ ڕێگایەکیان نی

یە بە جیهانی دەرەوەیان ببەستێتەوە)).

وەك لەسەرەتای ئەم نووسینەدا ئاماژەم پێکرد، میدیاکانی تورکیا زۆر بەکەمی تیشکیان خستە سەر ڕووداوەکانی ئەم دوایەیی کەرکووك، ئەگەر لە هەندێك لە ڕۆژنامەکانیشدا ئاماژەیان پێکردبێت، ئەوا وەك هەواڵێك ئاماژەیان پێکردووە، ســەرەڕای ئەمەش سامی کۆهەن لە ڕۆژنامــەی میللیەت لە ژمــارەی ڕۆژی ٤=٨ دا لە ژێر ناوی بڕیارێکــی عادیلانە و درەنگ باس لە ناوەڕۆکی ئەم بڕیارە دەکات و بە یەکســان و گرنگ بۆ یەکیەتی عێراق لــە قەڵەمی دەدات. هەروەها دەڵێت((هەر چەندە لایەنە سیاســیەکانی عێراق دواخستنی ئەم بڕیارە بۆ هۆکاری تەکنیکی دەگەڕێنەوە، بەڵام ئەم دواخستنە لە ئەنجامی فشــاری دەوڵەتەکانی دراوسێ بە تایبەتی تورکیا دەنگی لەسەر دراوە)).


لە پەڕەگرافێکی تری نووســینەکەیدا نووســەر ترسی خۆی لە دەرکەوتەکانی دوای ئەم بڕیارە ناشارێتەوەو دەڵێت((سەرەڕای لایەنە پۆزەتیفەکانی ئەم بڕیارە، ئایا ئەم بڕیارە بە شــێوازێکی تر ڕێگا بۆ پارچەبوونی وڵات ناکاتەوە، شــیعەو سوننە بەتەنیا لەگەڵ یەکتر نە بەڵکو لەناوخۆشیان خەریکە پارچەدەبن)).

هەروەها ڕۆژنامەی وەتەنی تورکی کە وەك ئۆرگانێکی خۆگوزارە کردنی نەتەوەپەرســتە توندڕەوەکان ناســراوە، لــە ژمارەی ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو نووسینێکی ((بولۆند یغیت))ی بڵاوکردۆتەوە، نووســەر شەقامی سیاسی تورکیا بە دوور لە ڕووداوەکانی کەرکووك وەسف دەکات و، سەبارەت بە پۆلۆتیکای حکوومەتیش بە بێ بەرهەم ناوی دەبات. دیســان دەڵێت ئەم سیاسەتەی حکوومەت سەبارەت بە کەرکووك، تورکمانەکانی بێ هیوا کردوەو، تورکمانەکان دەڵێن تورکیا پشتی لە ئێمە کردووە.

ڕۆژنامەنــووس ((فەرای تینچ)) لە ژمــارەی ڕۆژی ٤-٨ ڕۆژنامەی ((حوریەت)) نووســینێکی لــە ژێر ناوی هەتا دەچێت قەیرانــی کەرکووك ئاڵۆزتر دەبێت نووســیوە. نووســەر ســەرەتای نووســینەکەیدا ئاماژە بە چۆنیەتــی دەرکەوتنی ئاڵۆزیەکان دەکات و دواتر پرســیار دەکات و دەڵێت ((لــە دوای ڤەتۆکردنی بڕیارەکە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆك کۆماری عێراق بە بیانووی چارەســەری گەیشــتە ئەمەریکا، ئایــا ئەم چوونەی لەلایەنی سیاســی چ واتایەك دەبەخشێت))؟. دیسان پرسیار دەکات و دەڵێت:((ئایا نەدەکرا ئەم سەردانەی سەرۆك کۆمار بۆ کاتێکی تر دواخرابا؟)) هەروەها لە نووسینەکەیدا هاتووە، لە کاتێك دا حکوومەت خوازیارە پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کورد باشــتربکات، ئایا ئەم ڕووداوانە کاریگەریان نابێت بۆ سەر هەوڵەکانی حکوومەت؟ دواتر نووسەر بەگومان ســەیری ئەو سەرچاوانە دەکات کە باس لە










# میدیای تورکیاوە

چۆنیەتی تەقینەوەکەو هێرش کردنە سەر بارەگای بەرەی تورکمانی دەکات و دەڵێت من گومانم هەیە لە چۆنیەتی ئەم رووداوانە، بۆ ئەوەی حکوومەت بتوانێت هەڵوێستێکی راست نیشان بدات، دەبێت سەرەتا زانیاری ڕاست لەمەڕ رووداوەکە بەدەست بخات.

لە کۆتایی نووسینەکەیدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێك لایەن بەبێ ئەوەی ناویان بێنێت، وا بەباش دەزانن کە ئەگەر کەرکووك بگەڕێتەوە سەر ئیدارەی باکووری عێراق، بۆ تورکیا سوودی زیاترە و تورکیا دەتوانێت ئەو کات بەرژەوەندیەکانی مسۆگەر بکات و، بۆ ئەمەش ئامۆژگاری حکوومەت دەکەن کە لەمەڕ رووداوەکانی ئەم دواییەدا بێدەنگ بێت. بەردەوام دەبێت و دەڵێت بەڵام ئەوانەی ئەم بۆچوونانە ڕەت دەکەنەوە نیگەرانن، وای بۆ دەچن کە ئەمە لێکدانەوەیەکی سەقەتە.

((گۆڤاری باران)) یش، کە گۆڤارێکە گرنگی بە مافەکانی مرۆڤ دەدات لە ژێر ناوی ((لە کەرکووك خوێن دەڕژێت)) لە مەڕ مەسەلەی کەرکووك و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ڕیپۆرتاژێکی لەگەڵ ((عەبدوڵا یوکور)) سەرۆکی مافی مرۆڤ لە تورکیا سازکرد. تیایدا ناوبراو ڕەخنە لە سیاسەتی ئەمەریکا سەبارەت بە تورکمانەکان دەگرێت و بە سیاسەتێکی دووڕوانە لە قەڵەمی دەدات. هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکدا دەرهەق بە سیاسەتی حکوومەت بەرامبەر بە عێراق بە گشتی و کێشەی کەرکووك بە تایبەتی سەرۆکی مافی مرۆڤ لە تورکیا دەڵێت: ((سیاسەتی حکوومەت سەبارەت بە عێراق سیاسەتێکی فرە ڕەهەند نییە و نا هاوسەنگە، پێویستە حکوومەت تەنیا لەگەڵ دامەزراوە حکوومیەکان نە، بەڵکو لەگەڵ هەموو هێزو لایەنەکان بەبێ لەبەر چاو گرتنی مەسەلە تایفی و مەزهەبیەکان پەیوەندیەکانی ڕێك بخاتەوە)). دیسان دەڵێت ((ئیرادەی حکوومەت بۆ پاراستنی مافی تورکمانەکانی کەرکووك لاوازە، بەم حاڵەی ناتوانێت ببێتە هێزێکی فشار بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان)).

سەبارەت بە پرسیاری پرۆسەی ئاسایی کردنەوەی کەرکووك و ئەگەری ئەنجامدانی ڕیفڕاندۆم((عەبدوڵا یوکور)) دەڵێت: کوردەکان لە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا، لە ژێر ناوی ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی کەرکووك نزیکەی ٦٠٠٠٠٠ کوردیان لە کەرکووك نیشتەجێ کردووە، بۆ ئەوەی ڕیفڕانۆم

بتوانێت لە هێنانە ئارای چارەسەریدا ڕۆڵ ببینێت، پێویستە هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکبکەون، ئاخۆ لەماوەی بەر لە ریفڕاندۆم دەبێت چی بکرێت.

ماڵپەڕی ((بیلگی پۆرتاڵ)) نووسینێکی دوورودرێژی ((ئومێدئۆزداغ)) بە مانشێتی سیاسەتی تورکیا لە عێراق و کەرکووك بڵاوکردۆتەوە. نووسەر هەوڵی داوە هەموو سەرەداوەکانی ئەم کێشەیە بە تێڕوانین و لێکدانەوەی خۆی بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەش، لە داگیر کردنی کوەیت لەلایەن سوپای عێراقەوە دەست پێدەکات و بە مەسەلەی کەرکووك و پڕۆژەی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە گرێی دەدات. نووسەر دەڵێت: ((بەم ڕەوشەی ئێستا ئەنجامەکانی ڕیفڕاندۆم ئاشکرایە، چونکە کوردەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تاوەکو ئێستا نزیکەی ٢٣٥ هەزار هاووڵاتیان لە کەرکووك جێنشین کردوە، لە بەرامبەریشدا فشاریان خستۆتە سەر عەرەب و تورکمانەکان بۆ ئەوەی کەرکووك بەجێبهێڵن)) هەروەها جەخت لەسەر ئەنجامنەدانی ڕیفڕاندۆم دەکاتەوەو، وەك هەوڵێك بۆ پارچەکردنی عێراق ناوی دەبات.دیسان بۆ ئاکتیف کردنی سیاسەتی تورکیا داوا لە حکوومەت دەکات، دەستپێشخەری بە سوپا بدات بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست بەرژەوەندی تورکمان و تورکیا لە کەرکووك بپارێزێت.پێشنیار بۆ حکوومەت دەکات بۆ ئەوەی ئەمەریکایەکان ڕازی بکات بەوەی کە تورکیا لە کەرکووك دژی بەرژەوەندی ئەوان کار ناکات و بگرە بە پێچەوانە هەوڵ دەدات بەرژەوەندی ئەمەریکا بپارێزێت.

دەڵێت((بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا تورکیا لە کورد باشترە، چونکە ئەگەر کورد بۆی بڕەخسێت، عێراق پارچە دەکات و، بەمەش جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ئەوەندەی تر لە ئەمەریکا دووردەکەوێتەوەو سیمای ئەمەریکا لە ناوچەکە ناشیرین تر دەبێت)) لە کۆتاییشدا بۆ ئاکتیف کردنی سیاسەتی تورکیا دەڵێت((ڕێژەی شیعە لە ٪٥٠ تا٪٦٠ ڕێژەی دانیشتوانی عێراقە، حکوومەت تاوەکو ئێستا بەرنامەیەکی تایبەتی نییە بۆ پێشبردنی پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ شیعە، پەیوەندیەکان لە چوارچێوەی حکوومەتی عێراقدا قەتیس ماون، پێویستە حکوومەت لەمەولا پەیوەندیەکانی لەگەڵ شیعەکان ڕێکبخاتەوەو، شیعەکان هیچی تر هەست نەکەن کە لەلایەن تورکیاوە فەرامۆش کراون. ڕاستە کێشەی کەرکووك لە ڕواڵەت کێشەیەکی عێراقیە، بەڵام دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین کە پێکهاتەی ئەم شارە وا دەکات ئەم کێشەیە ڕەهەندی هەرێمی و نێو نەتەوەیشی هەبێت،بۆیە لەسەر حکوومەت پێویستە بۆ نێونەتەوەیی بوونی کێشەی کەرکووك کار بکات)).

سەرەڕای ئەوەی هەندێك دەنگی جیاوازا لە ناو میدیای تورکیا دا، سەبارەت بە کورد بەگشتی و کەرکووك بە تایبەتی بە گوێمان دادێن، بە لام لەبەر ئەوەی ئەم دەنگانە شەرمن و خاوەن تێڕوانینی پوخت و بە پڕۆژەکراو نین ، هێشتا کاریگەریان لەسەر شەقامی سیاسی تورکیا لاوازە و ناتوانێت لەسەر ناوەندەکانی بڕیار فشار دروست بکات. بەڵام وەك سەرەتایەکیش بۆ ڕاست کردنەوەی مەنتاڵیتەی سیاسی تورك سەبارەت بە کورد بە خاڵێکی وەچەرخان



# ئایندەی عێراق... تارمایی دیکتاتۆری

لەدوای شـەڕی بەسـراوە هەسـت دەکرێت حکومەتی عێراق بـە جۆرێك لە خۆبایبوون هاوکێشـەی سیاسـی عێراق دەخوێنێتەوە، گەیشتۆتە ئاستێك کە هێزی فەوجێك سـەرباز لە هەموو هێزی هاوپەیمانی لایەنە سـەرەکییەکانی عێراق بـە گرنگتر دەزانێت، بەداخەوە رەفتارەکانی د.مالیکی هێندەی لەگەڵ بیری عەرەبی شـۆڤێنی و پاشماوەکانی رژێمی پێشـوو و کۆنە بەعسییەکان یەکدەگرێتەوە، هێندە لەگەڵ ئەو هێزو لایەنانە یەکناگرێتەوە کە لەسەر لێواری کودەتا سـەربازییەکەی د.ئەیاد عەلاوی رزگاریان کـرد، ئەم بیرکردنەوەیەی ئێسـتای د.مالکی کە پێدەچێت بۆ مانەوەی لە کورسی دەسەڵات هێندە پێی مەست بووبێت، هیچ رەهەندێکی ئایندەی دوورو نزیك لێکجیانەکاتەوە .

ئەوانەی بەووردی چاودێری باردۆخی عێراق دەکەن لەو راستییە ئاگادارن کە راستەوخۆ ئیدارەی ئەمەریکی لە واشنتۆنەوە ئاراستەی حکومەتی د.مالیکی دیاری دەکات و هەفتانە بە رێگە کامێرایی ڤیدیۆیی سەرۆك بۆش کۆبوونەوە لەگەل مالیکی ئەنجامـدەدات و لە دوایین گۆڕانکارییەکانی عێراق ئاگادار دەکرێتەوە . هەربۆیە لەبەرئەوەی سیاسەتی ئەمرۆی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆتە سەپاندنی سەقامگیری نەك فەراهەمکردنی سەقامگیری، بە هەموو شێوەیەك ئەمەریـکا بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی ئایندەی عێراق بەو ئاراسـتەیە بە کوێ دەگات، پشتگیری لە حکومەتی مالیکی دەکات .

بۆب هیرتز کەیەکیکە لە رۆژنامەنووسە بەناوبانگەکانی ئەمەریکا و ماوەیەکی باش لەگـەڵ دەزگای هەواڵگری ئەمەریـکا (CIA)کاریکردووە لە دواین وتاریدا لە واشـنتۆن پۆسـت بەو ئاراسـتەیە رەخنە لە چۆنییەتی مامەڵەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا دەگرێت کە نەیتوانیوە پەند لە مێژوو وەربگرێت



و لەمەشدا مەبەستی ئەوەیە لەوانەیە هەندێك هەنگاو بۆ قۆناخێکی دیاریکراو چەند دەسـکەوتێکی دیاریکراو بەدەست بهێنێت، بەڵام لەسەر ئاستی رەهەندی دوور مـەودا هیـچ دوورنییە بن لادن یان هیتلەرێکـی دیکە بەرهەمبهێنێت، لەوانەیە مێژووی دروسـت بوونی هیتلەر تارادەیەك بۆ نەوەی ئێستا دوور بێت، بەڵام دروسـت بوونی بن لادن دوێنێیەو هەمـوو کەس دەزانێت چۆن ئەمەریکا بەدەستی خۆی ئەم بلادنەی دروستکرد و کاتێکیش بن لادن گەورەترین گورزی لە ئەمەریکا وەشاند ئەم سـەرۆك بوشەی ئیستا بە هەموو جیهانی راگەیاند ( ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت دۆسـتی بن لادنە و لەریزی بن لادن حسابی بۆ دەکرێت ) بێگومان رێکخراوی حەماسـیش هەر بەرهەمی هەمان سیاسەتی هەڵـەی ئەمەریکابوو کە ئێسـتا نەك هەر بۆتە ئاسـتەنگ بۆ سیاسـەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، بەڵکـو حەماس بۆتە ئەو هێزەی کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشـووی ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی فەلەستیندا زۆرینەی دەنگی بەدەستهێنا و حکومەتیشی پێکهێنا، راستە ئێستا مەحمود عەباس وەك سەرۆکی دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستینی دەسەڵاتی لێوەرگرتۆتەوە، بەڵام لەم حاڵەتەشـدا ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە بەگشتی و کەرتی غەزە بە تایبەتی کەوتۆتە مەترسـییەوە، ئەم باردۆخە خراپەی لە ئاکامی سیاسـەتە هەڵەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا دروستی کردووە، بۆتە هۆکاری ئەوەی بۆ یەکەمجار لەمێژووی ئیدارەکانی ئەمەریکادا، ئیدارەی سەرۆك بوش خۆی لە بەردەوامی پرۆسـەی ئاشـتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدزێتەوەو، لەخۆراش نییە بیرمەندێکی وەك ریچارد هاس کە پێشـتر سەرۆکی ستاڤی پلاندانان بووە لە کۆشـکی سپی و خاوەنی بیرۆکەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەیە ئێستا پێشبینی ئەوە دەکات سـەردەمی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی هاتووە، هەروەك چۆن پێشتر سەردەمی فەرەنسا و بەریتانیا بە کۆتا هات .

بۆ ئێسـتای عێراقیش خەریکە ئەمەریکا رووبەڕووی هەمان هەڵەی پێشووتر دەبێتەوە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و ئەفغانسـتان رووبەڕووی بووەوە، لە دوای کارەسـاتی ١١ی سیپتەمبەر گەلی ئەمەریکا بە ئاگاهاتەوە و هەستی بەوەکرد کە لەو ١٩ کەسەی بەشداربوون لە هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر بۆسەر سـەنتەری بازرگانی جیهان و کۆشکی سپی و پێنتاگۆن هەموویان هەڵگری رەگەزنامەی دوو وڵاتن کە بە دووهاوپەیمانی نزیکی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێن کە ئەوانیش سعودیە و میسرن .

بۆ ئەمرۆی عێراقیش رۆڵی دەوڵەتانی عەرەبی و هاوسێکانی عێراق بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان بە هاوپەیمانی ئەمەریکا دەزانن هەمان رۆلی هاوپەیمانەکانی پێشوویەتی، ئەگەر ئەمەریکا ئێستا لەبەر رۆشنایی رێنمایی هاوپەیمانەکانی بە زمانی ژمارە سـەرکەوتن لەعێراقدا دەپێوێت و پێیوایە لەبەر ئەوەی ژمارەی قوربانییەکانی عێراقیەکان لە مانگێکدا لە ٣٠٠٠ کەسـەوە دابەزیوە بۆ ٧٥٠ کەس ئەمەش مانای وایە بەرێژەی لە ٪٧٥ لە عێراقدا سەرکەوتووە، ئەوا هەقە هەر بەزمانی ژمارە پۆلینی دۆسـت و دوژمنەکانـی ئەمەریکا بکەین پێی بڵێـن لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە تاوەکو ئێسـتا کە دەکاتە نزیکەی زیاتر لە ٦٠ سـاڵ هێندەی دۆسـتەکانی ئەمەریکا زیانیـان بە بەرژەوەندی ئەمەریـکا گەیاندووە، لە ٪١ ی دوژمنەکانی وەك سـۆڤیەت و چین زیانیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا نەگەیاندووە، راسـتە سۆڤیەت توانی کۆمەڵێك رۆکێت بگەیەنێتە کوبا و شـەڕێکی وەك شـەڕی کەنداوی بەرازەکان لەسەر خاکی ئەمەریـکا بەرپا بکات، بەڵام هەرگیز نەیتوانی بگاتە ناو سـنووری ئەمەریکا، بەڵام بن لادن کە خۆی دروسـتی کرد نەك هەر توانی سـنووری ئەمەریکا ببەزێنێت بەڵکو سـەرلەبەر بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکای گـۆڕی بە هەموو جیهانـی راگەیاند جارێکی دیکە هەردوو ئۆقیانووسـی ئەتڵەسی و ئارام ناتوانن ئاسایشی ئەمەریکا بپارێزن.

**ئەوانەی بەووردی چاودێری باردۆخی عێراق دەکەن لەو راستییە ئاگادارن کە راستەوخۆ ئیدارەی ئەمەریکی لە واشنتۆنەوە ئاراستەی حکومەتی د.مالیکی دیاری دەکات و هەفتانە بە رێگە کامێرایی ڤیدیۆیی سەرۆک بۆش کۆبوونەوە لەگەڵ مالیکی ئەنجامدەدات و لە دوایین گۆڕانکارییەکانی عێراق ئاگادار دەکرێتەوە**

**ئەگەر ئەمەریکا ئێستا لەبەر رۆشنایی رێنمایی هاوپەیمانەکانی بە زمانی ژمارە سەرکەوتن لەعێراقدا دەپێوێت و پێیوایە لەبەر ئەوەی ژمارەی قوربانییەکانی عێراقیەکان لە مانگێکدا لە ٣٠٠٠ کەسەوە دابەزیوە بۆ ٧٥٠ کەس ئەمەش مانای وایە بەرێژەی لە ٪٧٥ لە عێراقدا سەرکەوتووە، ئەوا هەقە هەر بەزمانی ژمارە پۆلینی دۆست و دوژمنەکانی ئەمەریکا بکەین پێی بڵێن لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە تاوەکو ئێستا کە دەکاتە نزیکەی زیاتر لە ٦٠ ساڵ هێندەی دۆستەکانی ئەمەریکا زیانیان بە بەرژەوەندی ئەمەریکا گەیاندووە، لە ٪١ ی دوژمنەکانی وەک سۆڤیەت و چین زیانیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا نەگەیاندوو**

ڤیبی مارڕ مێژوونووسی بەناوبانگ لە سەر عێراقی هاوچەرخ بۆ گوڵان:



# کورد نایەوێت جارێکی دیکە حکومەتی سەنترالی لە عێراقدا بوونی هەبێت

**پرۆفیسۆر فیبی مارڕ، کە یەکێکە لە مێژوونووسە بەناوبانگەکانی عێراقی هاوچەرخ ، یەکێکە لە تۆژەرە ناودارەکانی زانکۆی بەرگری نیشتمانی، لە ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠ فیبی مارڕ تورەبووە لە ئامۆژگای ویلسۆن و بەردەوامیش بەشداری شرۆڤەی بارودۆخی عێراق کراوە لە میدیاکاندا و چەندین جار بانگهێشتی کۆنگرێس کراوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە بۆچوونەکانی لەسەر بارودۆخی عێراق گوێی لێ بگیرێت و تازەترین دیراسەتیش لەسەر عێراق ئەم دوو دیراسەتەیە:**

**-١ نەخشەی یاسای نوێ عێراق**

**-٢ ئایا سەرکردە تازەکانی عێراق کێن؟ چیان دەوێت؟**

**خاتوو مارڕ، یەکێکە لەو پسپۆڕانەی کە بۆ دارشتنی راپۆرتی گرووپی توێژینەوەی عێراق بانگهێشت کراوە و چەندین جار سەردانی عێراقی کردووە.**

**سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق، فیبی مارڕ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**لە بنەڕەتدا سیاسەتی ئەمەریکا بۆ بەرژەوەندی خەڵکی ئەمەریکا دارێژراوە و « سەرکەوتن» بە پێی بەرەژوەندییەکانی ئەمەریکا پێناسەدەکات**

***ئەگەر لە هەڵوێستی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕوانین لە ئاست عێراقدا، ئەو راستییە بەدی دەکەین کە سیاسەتی ئەمەریکا بۆ قەناعەت پێهێنانی خەڵکی ئەمەریکایە نەك عێراق، هەروەها ئەمەریکا هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی لە گۆشەنیگای خۆیەوە پێناسەی سەرکەوتن بکات و بیخاتە بەردەم رای گشتی ئەمەریکا، نەك لە سۆنگەی خەڵکی عێراقەوە پێناسەی سەرکەوتن بکات، ئایا تا چ رادەیەك ئەم ئیزدواجیەتە زیان بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئەمەریکا و خەڵکی عێراق دەگەیەنێت؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکاوە هەبێت. ئەوا ئەوەی ئێوەی باسی ئاماژەی پێدەکەن دروستە، **لە بنەڕەتدا سیاسەتی ئەمەریکا لە بەرژەوەندی خەڵکی ئەمەریکا دارێژراوە و « سەرکەوتن» بە بە پێی بەرەژوەندییەکانی ئەمەریکا پێناسەدەکات.** لە راستیدا هەموو دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بەم شێوەیە رەفتار دەکات، بە شێوەیەکی تایبەتی ئەوە پێویستە ئەمە لە بەرژەوەندی عێراقییەکانیشدایە لەم ساڵەدا کە هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێن پشتگیری خەڵکی ئەمەریکا بەدەست بهێنرێت بۆ هەر سیاسەتێك کە پیادە دەکرێت. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هۆشیارە بەو راستیەی کە وەك هێزێکی باڵا « سوپەر پاوەر» بەرپرسارێتی جیهانی هەیە و دەبێت ئەمە لەبەرچاو بگرێت، هەروەها بەرپرسیارێتی تایبەتی هەیە لە عێراقدا. پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کارێکی زیاتر بکات بۆ ئەوەی پتر گوێ بۆ عێراقییەکان بگرێت و باشتر لە عێراق تێبگات بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی عێراقیش رەچاو بکات. لە هەمان کاتدا عێراقییەکانیش پێویستیان بەوە هەیە لە ئەمەریکا تێبگەن و پتر پێویستییەکانی خۆیان روون بکەنەوە. ئەمە بەو مانایە دێت کە دەبێت عێراقییەکان روونتر و بە یەکدەنگی لەگەڵ ئەمەریکا بدوێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە بەرژەوەندییەکانی دوو وڵات بە تەواوەتی یەکدەگرنەوە، هەمیشە ناکۆکی و جیاوازی لە بەرژەوەندیەکاندا سەرهەڵدەدەن. ئەمە سروشتی پەیوەندیە دەرەکیەکانە. بەڵام لە کۆتایدا دەبێت بگەینە سازش و چارەسەرێکی مامناوەندی و فێری ئەوە بین سەرەڕای ئەوەی جیاوازیمان هەیە لە بیروبۆچوندا، بەڵام پێکەوە بژین و ئەو جیاوازیانە نەبنە هۆی ئەوەی شەڕی یەکتری بکەین.

*** عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە فرە ئاین و فرە مەزهەبە، ئەم جیاوازییانە بوونەتە هۆی هێنانە ئارای هاوکێشەی زۆرینە وکەمینە لە پرۆسە سیاسییەکەدا، ئەمەش دەکرێت بە دوو شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، یان دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بە چەشنی دەسەڵاتی سەددام حوسێن بۆ ئەوەی لە رووی زەبری هێزەوە ئەو جیاوازیانە پێکەوە بگونجێنرێن، یاخود لە رێی کۆدەنگییەکی نەتەوەییەوە، بەڵام حاڵێ حازر عەرەبەکان ئەم**

**لە بنەڕەتدا سیاسەتی ئەمەریکا لە بەرژەوەندی خەڵکی ئەمەریکا دارێژراوە و « سەرکەوتن» بە بە پێی بەرەژوەندییەکانی ئەمەریکا پێناسەدەکات**

**کۆدەنگییە رەت دەکەنەوە، ئایا تا چ رادەیەک ئەگەر و مەترسی سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆرییەت لە عێراقدا شتێکی واقیعیە؟**

- عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرە مەزهەبە و هەمەڕەنگی و هەمەچەشنییەکی زۆر هەیە لە عێراقدا. بە داخەوە، بە هۆی شەڕە سەخت و دژوارەکانی ئەو چەند ساڵە کەمەی رابردووەوە، عێراق بۆتە وڵاتێک کە کەمتر ئەو هەمەڕەنگییەی پێوە دیار بێت. پێویستە عێراق شانازی بەم فرەیی و هەمەچەشنییەوە بکات، بیکاتە خاڵێکی هێز، نەک سەرچاوەی شەڕ و ناکۆکی. نزیکەی هەموو وڵاتانی جیهان لەم رۆژگارەدا، وڵاتگەلێکی هەمەڕەنگن و فرەییان تێدایە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. کاتێک باس لە کەمینە و زۆرینە دەکەن، من گریمانەی ئەوە دەکەم کە ئێوە باس لە کورد و عەرەبەکان دەکەن. بۆچی ئەم دابەشبوونە گەورەیە بخوڵقێنین؟ چەندین رێگا هەیە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە دابەش بن، بەڵام چەندین رێگەش هەیە بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن. من پێم باشترە جەخت لەسەر دووەمیان بکەینەوە. بۆ من روون نییە کە عەرەبەکان لە چیدا دژی کۆدەنگی نەتەوەین؟ ئایا ئێوە مەبەستان لە کێشەی کەرکوکە؟ رەنگە ناکۆکییەکی راستەقینە هەبێت لەسەر ئەم کێشەیە  هەروەها کێشەگەلێکی دیکە کە دەبێت بگەینە سازشێکی گشتی لەسەر ئەم مەسەلانە. من هیچ دیکتاتۆرێک بەدی ناکەم لە ئاسۆدا، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی زۆر لاوازە لە سەپاندنی دەسەڵاتیدا بەسەر زۆربەی وڵاتەکەدا، بە تایبەتی لە ناوچە کوردیەکاندا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزترین توخمە لە سیستەمی سیاسیی عێراقدا.

**●●●**
**من بەم شێوەیە وەسفی ئەوە دەکەم کە لە عێراقدا روودەدات کە یەکەم جار بریتییە لە پێکەوەژیان، دواتر رێککەوتن، لە کۆتایدا ئاشتەوایکردن. ئەمە پرۆسەیەکی دژوار و دوورودرێژە و پێویستی بە دان بە خۆداگرتن و بەردەوام بوون هەیە هەم لە لایەن عێراق و هەم لە لایەن ئەمەریکاوە**
**●●●**

## بارودۆخی عێراق هێشتا ئاڵۆزە و دەبێت دان بەم حەقیقەتەدا بنێین

*** لەگەڵ ئەوەی زۆربەی چاودێران ئاماژە بە باشتربوونی باری ئاسایش دەکەن و ئەمەش بە سەرەتایەک بۆ سەقامگیری عێراق لێکدەدەنەوە، بەڵام لە سەر ئاستی سیاسیی رەوشەکە بەرەو ئاڵۆزتر دەچێت و زیاتر پێکهاتە سیاسییەکان لە یەکتری دووردەکەونەوە، ئایا ئەگەر پرۆسەی سیاسیی سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت سەرکەوتن چ مانایەکی دەبێت؟**

- عێراق لە بەرەوپێشچووندایە. بارودۆخەکە باشترە بە بەراورد بە ساڵی پار، بە تایبەتی لە رووی رەوشی ئەمنی و بەرزبونەوەی نرخی نەوتەوە. بەڵام هێشتا زۆری ماوەی بگاتە ئەو رادەیەکی بە « سەرکەوتن»ی لە قەڵەم بدەین. لە راستیدا من خوازیاری ئەوە نیم ئەم وشەیە بەکاربهێنم و بەکاریشی ناهێنم. من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا، هێشتا بارودۆخەکە ئاڵۆزە و دەبێت دان بەم حەقیقەتەدا بنێین. جیاوازی ئیتنی، مەزهەبی، بیروبۆچوون و جیاوازی پارتە سیاسییەکان هەیە. من پێم وانییە ئەم گرووپانە پتر لە یەکتری جیادەبنەوە، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات، واقیعیانە رەفتار دەکەن و هەندێ لە رێککەوتن بەدی دەهێنرێن. من بەم شێوەیە وەسفی ئەوە دەکەم کە لە عێراقدا روودەدات کە یەکەم جار بریتییە لە پێکەوەژیان، دواتر رێککەوتن، لە کۆتایدا ئاشتەوایکردن. ئەمە پرۆسەیەکی دژوار و دوورودرێژە و پێویستی بە دان بە خۆداگرتن و بەردەوام بوون هەیە هەم لە لایەن عێراق و هەم لە لایەن ئەمەریکاوە.

***پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق وەک ساڵی ٢٠٠٦ نەماوە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بە تایبەتی لیستی ئیئتیلافی شیعە، ئێستا ئەم لیستە زۆرینەی پەرلەمانی بەدەست نەماوە و زۆر لایەنی گرنگی لێ جیبابۆتەوە، هەروەها عەرەبی سونی هەر کەمینەیە، ئەمەش پرۆسەی سیاسیی عێراقی خستۆتە تاستەنگێکی ئەوتۆ کە نەتوانێت بە شێوەیەکی دیموکراسییانە بەڕێوبچێت، بۆیە مەزندەکان بە ئاراستەی حکومڕانی زۆرینەی بەهێز و عەسکەرتاری دەچن، ئەگەر عێراق بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کودەتای سەربازی، ئایا کاریگەری خراپی لەسەر ناوچەکە وجیهان چۆن دەبێت؟**

- هیچ کاتێک هاوپەیمانی شیعەکان زۆرینە نەبووە لە پەرلەماندا تەنانەت کاتێک کە پێکەوە بوونە ئەوان تەنیا نزیکەی لە ٤٧٪ بۆ ٤٨٪ یان هەبووە. ئەوە راستە کە ئێستا لەبەریەکهەڵدەوەشێت، بەڵام ئەمە هەمیشە شتێکی چاوەڕوان کراو بووە. بە هەمان شێوە، سوننەکانیش لێکترازاون، بەڵام کارێکی باشیان کرد کاتێک رێکخراوی ئەل قاعیدەیان لە زۆرێک لە ناوچەکانی خۆیاندا پاککردەوە و سەقامگیریان لەو ناوچانەدا چەسپاند. هەروەها ئەوان پەرە بە سەرکردایەتیەکی مەحەلی دەدەن لە رێی ئەنجوومەنەکانی سەحوەوە. پارتە کوردیەکان حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کۆنترۆڵکردوە، لەگەڵ چەند ناوچەیەکی دوورتر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بۆتە جێی ناکۆکی لەگەڵ چەند گروپێکی دیکەدا. راستە بە بنبەست گەیشتن هەیە لە سەر چەند مەسەلەیەک، بەڵام دیموکراسی پرۆسەیەکی لەسەرخۆیە و پێویستی بە سازشکردن هەیە. من هاوڕام کە مالیکی و حکومەتی مەرکەزی سوپا بە کاردەهێنن بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ملیشیاکان، بەڵام هێشتا سوپایەکی نەتەوەیی بەهێز پێک نەهاتووە. هەروەها سوپای عێراقی هێزی پێشمەرگە لە خۆدەگرێت، کە ئەمەش دەستڕۆیشتوییەکی زۆری بە پێشمەرگە داوە لەو کارانەی دەیکات و لەوانەشدا کە نایکات. تەنیا لەبەر ئەوەی بە بنبەست گەیشتوون، مانای ئەوە نییە کە کودەتایەکی سەربازی روودەدات. سوپا ئەوەندە بەهێز نییە کە بتوانێت کودەتا ئەنجام بدات، تەنانەت ئەگەر بیەوێت ئەنجامیشی بدات.

***دیاردەی گەندەڵی کارگێڕی و دارای بە جۆرێک تەشەنەی کردووە لە ناو حکومەتی عێراقیدا کە خەڵکی وڵاتەکەی دووچاری نائومێدی کردووە، بە چەشنێک زۆرێک لە هاوڵاتیانی عێراق ئامادەنین ناوی خۆیان تۆمار بکەن و لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدەن، ئایا ئەمە واقیعی حکومەتی عێراقی بێت، بۆچی ئەمەریکا پشتگیری دەکات؟**

- من لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام کە گەندەڵی لە عێراقدا لە ئاستێکی بەرزدایە و دەبێت سنووری بۆ دابنرێت. هەروەها ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی بەپەلە کە نە ئاسایش و نە شەفافیەتی تێدا

بێت خراپترە لە ئەنجام نەدانی ئەو هەڵبژاردنە. بەڵام زۆرێك لە شیکەرەوەکان لە ئەمەریکا پێیان وایە لە عێراقدا پێوستە ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان پتر نوێنەرایەتی خەڵکەکە بکەن، بە تایبەتی کە پێشتر سوننەکان بەشداری هەڵبژاردنەکانیان نەکردووە و ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکانیش نوێنەرایەتی خەڵکەکە ناکەن. من نامەوێت باس لەوە بکەم ئایا حکومەتی ئەمەریکا پشتگیری حکومەتی ئێستای عێراق دەکات یان نا، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە حکومەتی عێراقی هەڵبژێدراوە و دەسەڵاتی بە دەستەوەیە. کەواتە دەبێت پشتگیری لە کێ بکەین؟ ئێمە ناچارنین لەگەڵ هەموو حکومەتێکدا هاوهەڵوێست بین کە جڵەوی دەسەڵاتی دەستەوەیە.

## بێ بوونی کورد و هێزی پێشمەرگە
## ئەو حکومەتەی مالیکی بوونی نامێنێت

***سەرۆك وەزیرانی عێراق سەر بە پارتی دەعوەیە، ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە کە ببێتە دیکتاتۆرێکی دیکە، ئەگەر حزبی دەعوە ببێت بە حزبی بەعس ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبێت؟**

- من ئەو دەزانم کە کوردەکان تێڕوانین و گۆشەنیگای خۆیان هەیە و مافی خۆشیانە، بەڵام ئەوانی دیکەش بیروبۆچونی خۆیان هەیە. حکومەتی عێراق لە چەند میحوەرێك پێك هاتووە، دوو پارتە کوردیەکە بەشێکن لەو حکومەتە، بە هەمان شێوە حزبی دەعوەش بەشێکە لەو حکومەتە، ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی بەشێکی گەورەی ئەو حکومەتە پێك دەهێنێت. ئەوەی من بەدی دەکەم کوردەکان تا رادەیەك ناچاردەکرێن کە پاشەکشە بکەن لەو ناوچانەی کە پێدەچێت خاکی عەرەب بن و ئێوەش خوازیاری ئەمە نین. حکومەت پێك نەهاتووە لە حزبی دەعوە، بەڵکو بریتیە لە ئەنجوومەنی شۆڕشی ئیسلامی و هێزەکانی پێشمەرگە. ئەگەر بە راشکاوی بدوێین، سوپای عێراق لە چی پێکهاتووە، زۆربەی ئەو سوپایە لە شیعە و کوردەکان پێك هاتووە، سوننەکانی تێدانین. بەڵام من لەگەڵ ئێوەدا کۆکم، کە ئەوان هەوڵی بەدی هێنانی دوو ئامانج دەدەن، یەکەمیان هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی دەدەن بەسەر ناوچە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا، سەرەتا لە بەسرە و دواتر مەدینە سەدر و ئێستا دیالە. ئێستا ئەوەی روونە ئێوە هاوڕانین لەگەڵیاندا و ناکۆکیتان هەیە، بۆ نموونە کێشەی کەرکوك زەق بۆتەوە دەبێتە هۆی ناکۆکییەکی گەورە، من هۆشیارم بەم راستییە. من پێم وایە دەبێت کوردەکان ئەم پرسیارە لە خۆیان بکەن، ئایا هاوپەیمانێتی کورد و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقدا چی لێهات؟ من پێم وانییە ئێوە باس لە دیکتاتۆریەتی دەعوە دەکەن، لەبەر ئەوەی تەنیا سەرۆك وەزیران سەر بە حزبی دەعوەیە و دەسەڵاتێکی زۆری لە پشت نییە، ئەو پشت بە سوپا دەبەستێت، بەڵام ئایا سوپا بە زۆری لە چ لایەنێك پێکهاتووە؟ زۆربەی ئەو سوپایە لە ئەنجوومەنی باڵا پێکهاتووە، هەروەها لە کوردەکان و لە هێزی پێشمەرگە پێکهاتووە، لەبەر ئەوەی بێ بوونی کوردەکان و بێ هێزی پێشمەرگە ئەو حکومەتە بوونی نامێنێت. ئەوەی زیاتر ئێوەی نیگەران کردووە کێشەی کەرکوکە، راستە حکومەتی عێراقی هەوڵی فشاردروستکردن دەدات لە دژی کوردەکان، بەڵام چۆن دەکرێت باس لە دیکتاتۆریەتی دەعوە بکرێت کاتێك ئێوە خۆتان توخمێکی بەهێزن لە حکومەتدا. ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی زۆرینە و کەمینەوە هەبێت، من پێم وایە سەرەتا کوردەکان ئەم مەسەلەیەیان دەست پێکرد، لەبەر ئەوەی باس لە ناسنامەی کوردی کراوە، باس لە هەرێمی کوردی کراوە، لە زمانی کوردی و لە پارێزگا کوردییەکانی کراوە، ئێوە لە رووی واقیعەوە سەربەخۆن و ئەوەی تێیگەیشتبم ئێوە خوازیارن هەموو ئەو ناوچانە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆتانەوە کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، ئایا چاوەڕوان ناکەن بەشەکانی تری عێراق، شیعە بن یان سوننە کاردانەوەیان هەبێت؟ هەرچەندە حاڵی حازر عێراق دابەشبووە لە نێوان کورد و عەرەب، سوننە و شیعەدا کە هەرگیز پێشتر ئەمە روونەداوە. بەڵام من پێم وایە کێشەکە ئەوەیە ئێوە خوازیاری ئەوەن راپرسی بکرێت لە کەرکوکدا و ئەم شارە ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، کە شارێکی دەوڵەمەندە بە سەرچاوە نەوتییەکان، نەك کێشەی دیکتاتۆریەتی حزبی دەعوە. واتە کێشەکە لەوە قوڵترە کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی پێدەکەن. لە راستیدا پەرلەمانێکی لاواز و حکومەتێکی لاواز هەیە لە عێراقدا، بەڵام بۆچی ئێستا ئێوە ئەم مەسەلەیە دەورووژێنن، بۆچی ساڵێك پێش ئێستا ئەم پرسیارەتان نەدەکرد دەربارەی دیکتاتۆرییەت. کێشەکە ئەوەیە لایەنەکانی دیکە رێگاچارەی دیکە پێشنیار دەکەن بۆ چارسەرکردنی کەرکوك و ئێوەش رەتی دەکەنەوە، بۆ نموونە کاتێك دەنگ لەسەر ئەو یاسایە درا لە پەرلەمانی عێراقدا کە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە هەبوو، کوردەکان لەگەڵیدا نەبوون، هەروەها ئەو هەڵمەتە سەربازییەی لە نزیك خانەقین دەکرێت کە حکومەتی مەرکەزی سوپای ناردووە و ئەمەش کێشەی دروست کردووە لەگەڵ کوردەکاندا، کە من پێم وانییە ئەمە حزبی دەعوا بێت، ئەنجوومەنی باڵا زاڵە لە حکومەتدا و ئێوە هاوپەیمانێتیتان هەیە لەگەڵیدا، کە من ئومێدەوارم بە توندوتیژی یەکلا نەکرێتەوە، ئیتر چارسەرەکە هەرچیەك بێت، ئەوە عێراقییەکان بڕیاری لێ دەدەن، نەك من.

*** چ راسپاردەیەکت هەیە بۆ کوردەکان بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا بگەنە رێککەوتن؟**

- من پێم وایە سەرکردە کوردەکان کارێکی باشیان کردووە و سەرکردەگەلێکی ژیر و بە ئەزمون بوونە، بەڵام من هیوادارم کوردەکان لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە و پەنا بۆ جیابوونەوە دابەش بوون نەبەن. من ئومێدەوارم لە رێی گفتوگۆوە چارەسەرێك بۆ کێشەی کەرکوك بدۆزرێتەوە کە هەردوولا رازی بکات. هەرچەندە ئەوە پرۆسەیەکی سەخت و دووردرێژە. ئەگەر کوردەکان بیانەوێت دەست بەسەر کەرکوکدا بگرن، ئەوا بەشەکانی تری عێراق بەرهەڵستی دەکەن و ئەو کاتە لە کەشێکی ناسەقامگیردا دەژین. کوردەکان کارێکی باشیان کردووە کە ئاشتیخواز بوونە. من لە نیگەرانی کوردەکان تێدەگەم کە نایانەوێت جارێکی تر حکومەتی مەرکەزی سەرکوتیان بکات، بەڵام دەکرێت بە هۆی بەشداری کردنی زیاتریانەوە لە حکومەت و پەرلەمان و سوپای عێراقیدا ئەو کارە بکەن. من نیگەران دەبم کاتێك کوردەکان گۆشەگیر

> **من پێم وایە دەبێت کوردەکان ئەم پرسیارە لە خۆیان بکەن، ئایا هاوپەیمانێتی کورد و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقدا چی لێهات؟ من پێم وانییە ئێوە باس لە دیکتاتۆریەتی دەعوە دەکەن، لەبەر ئەوەی تەنیا سەرۆك وەزیران سەر بە حزبی دەعوەیە و دەسەڵاتێکی زۆری لە پشت نییە، ئەو پشت بە سوپا دەبەستێت، بەڵام ئایا سوپا بە زۆری لە چ لایەنێك پێکهاتووە؟ زۆربەی ئەو سوپایە لە ئەنجوومەنی باڵا پێکهاتووە، هەروەها لە کوردەکان و لە هێزی پێشمەرگە پێکهاتووە، لەبەر ئەوەی بێ بوونی کوردەکان و بێ هێزی پێشمەرگە ئەو حکومەتە بوونی نامێنێت**

**جودیس یاف شرۆڤەگەر و تایبەتمەند لەسەر ستراتیژییەتی سەربازی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆ گوڵان:**



# عەرەبەکان کەرکووک بە شارێکی کوردستانی نازانن

**پرۆفیسۆر جودیس یاف، کە پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆسێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق بە تایبەتی لە ئامۆژگای دیراساتی ستراتیژی نەتەوەی لە زانکۆی بەرگری نیشتمانی ئەمەریکا، ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ وەك تایبەتمەند و شرۆڤەگەر لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ستراتیژی ئەمەریکا لە عێراقدا کاری لەگەڵ دەزگای هەواڵگری گشتی ئەمەریکا (CIA) کردووە.**
**بۆ قسەکردن و تاوتوێکردنی بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق گوڵان پەیوەندی بە خاتوو جودیس یاف کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** هەلومەرجی عێراق لەوەدایە پێ بنێتە قۆناغێکی ئاڵۆزەوە، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق بەرەو پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز هەنگاو دەنێت، نەك حکومەتێکی فیدراڵی، ئایا پێداگیری لە سەر پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز مەترسی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی دیکەی وەك سەددام حوسێنی لێناکرێت؟**

- مەرج نییە بارودۆخەکە بەو دەرئەنجامە بگات، ئەمە ناکۆکییەکی سروشتییە، هەندێك پێیان وایە دەبێت ئەرکەکان لە لایەن دەسەڵاتێکی مەرکەزییەوە ئەنجام بدرێن، ئەو ئەرکانەش بریتین لە بەرگری، پاراستنی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوە، بەڵام ئایا تا چ رادەیەك حکومەتەکە بەهێز یان لاواز دەبێت، ئەوا دەبێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە و بگەنە رێککەوتنێك لەو رووەوە، بەڵام بوونی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز مانای ئەوە نییە کە سەددامێکی دیکە هاتۆتەسەر دەسەڵات، ئێمە حکومەتێکی بەهێزمان هەیە، بەڵام سەرۆکێکی وەك سەداممان نییە، بەڵام ئەم ئەزموونەی ئێستا عێراق پێیدا تێدەپەڕێت ئەزموونێکی نوێیە، ئێوە دەتوانن لە رێی سیستمی هەڵبژاردنەوە رێ لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی دیکە بگرن، هەروەها لە رێی لێپرسینەوە و چاودێریکردنی دەسەڵاتەوە. کەواتە مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە کە حکومەتێکی بەهێز هەبوو کەواتە سەددامێکی دیکە هەیە و ئەمەش پاڵ بە کوردەکانەوە دەنێت بۆ ئەوەی بیر لە جیابوونەوە بکەنەوە و وڵاتەکە دابەش بێت.

***ئەمەریکا هەڵسا بە رووخاندنی رژێمی سەدام، لەبەر ئەوەی سوپایەکی بەهێزی هەبوو کە هەڕەشە بوو بۆ سەر گەلەکەی، دەوڵەتە دراوسێکان و ئاسایشی جیهانی، بەڵام حاڵی حازر ئەمەریکا سەرقاڵی بنیاتنانی سوپایەکی بەهێزی عێراقییە کە پێکهاتووە لەو میلیشیا چەکداریانەی پێش رووخانی رژێمی بەعس لە ئێران مەشقیان پێکرابوو، ئایا تا چەند دروستکردنەوەی ئەم سوپا بەهێزەی عێراق مەترسییە بۆ سەر گەلی عێراقی؟**

- کێشەکە لە بوونی سوپایەکی بەهێز و دامەزراوەیەکی سەربازی بەهێزدانیە، کێشەکە لە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم سوپا و دامەزراوەیەدایە، وڵات پێویستی بە بوونی سوپایەکی بەهێزە، بەڵام دەبێت ئەو سوپایە بۆ پاراستن و بەرگری کردن لە نەتەوەکە، وڵاتەکە، دەوڵەتەکە و کۆمەڵگەکە بەکاربهێنرێت، نەك ببێتە ئامرازێك بە دەستی سەرۆکی وڵاتەکەوە و بۆ پاراستنی رژێم و دەسەڵات و بنەماڵەکەی بەکاری بهێنێت، وەك ئەوەی سەددام دەیکرد. لە عێراقدا کێشەی بوونی میلیشیاکان هەیە، کە هەندێ لە میلیشیا شیعەکان لە ئێران مەشقیان پێکراوە، سوننەکان میلیشیای خۆیان هەیە، هەروەها کوردەکانیش میلیشیایان هەیە کە هێزەکانی پێشمەرگەن، میلیشیا هەر ملیشیایە، هەر ناوێکی بەسەردا داببڕیت، ئایا چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت، ئایا کوردەکان چی دەکەن لە ئاست هێزەکانی پێشمەرگەدا، دەبێت ئەم مەسەلانە یەکلابکرێنەوە. دەبێت میلیشیاکان ئاوێتەی سوپای نەتەوەی وڵاتەکە بن، عێراق رووبەڕووی کێشەیەکی زۆر زەحمەت بۆتەوە، بەڵام چارسەرکردنی مەحاڵ نییە. دەبێت سوپایەکی نەتەوەیی هەبێت، بەڵام نابێت ئامرازێکی شەخسی سەرۆکی وڵات، یان هەر کەسێکی دیکە بێت، دەبێت ئەرکی پاراستن و بەرگری کردن بێت لە وڵاتەکە، نەك میلیشیا جیاوازەکان لە وڵاتەکەدا شەڕ لە گەڵ یەکتردا بکەن. هەروەها ئەمەریکا لەبەر ئەوە عێراقی داگیرنەکرد، کە سوپایەکی بەهێزی هەبوو، بەڵکو عێراق ئەو سوپایەی بۆ پەلاماردان و هێرشکردنە سەر دەوڵەتە دراوسێکان بەکار دەهێنا.

***هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، بەشێك بوون لە هێزە هاوپەیمانەکان بۆ رووخاندنی رژێمی پێشووی عێراق، هەروەها بە پێی دەستوور بەشێکن لە سوپای عێراقی، بە هەمان شێوە بۆ ماوەی پێنج ساڵیشە ئاسایشی هەرێمی کوردستان و هەندێ ناوچەی دیکەی عێراق دەپارێزن، بەڵان حکومەتی ئێستای عێراق هەوڵ دەدات هەندێ ناوچە لە هێزی پێشمەرگە بستێنێتەوە، ئایا هەر گرژی و پێکدادانێکی سەربازی لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەدا چی کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ئایندەی عێراق؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر زۆر گرنگە، ناکرێت هێزی پێشمەرگە بهێڵرێتەوە و

**مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە کە حکومەتێکی بەهێز هەبوو کەواتە سەددامێکی دیکە هەیە و ئەمەش پاڵ بە کوردەکانەوە دەنێت بۆ ئەوەی بیر لە جیابوونەوە بکەنەوە و وڵاتەکە دابەش بێت**

میلیشیاکانی دیکە هەڵبوەشـێنرێتەوە، ناکرێت کوردەکان بەوە رازی بکرێن کە هێزی پێشمەرگەیان هەبێت و هیچ غەیرە کوردێك نەبێتە بەشێك لێیان، مەبەستم ئەوەیە تەنگژەکە ئەوەیە کە هێزی پۆلیس و هێزی سـوپا لێك جیانەکراونەتەوە، پێشـمەرگە دەتوانێت وەك هێزێکی پۆلیسی مەحەلی بمێنێتەوە و ئەرکەگانی هێزی پۆلیس ئەنجام بدات، بەڵام دەبێت سوپا سوپایەکی نەتەوەیی بێت، ئەمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش بەم شێوەیە، هێزەکانی پۆلیسی ویلایەتەکان خەڵکی ئەو ویلایەتەن، بەڵام ئەمە بۆ سوپا راست نییە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەدیلەکانی دیکەی بەردەم کوردەکان چییە، ئایا دەتوانن شەڕی سوپای عێراقی بکەن، ئایا دەتوانن بەرەنگاری دەستێوەردانی سەربازی تورکیا، یان ئێران ببنەوە، ئەگەر هاتوو سـنووریان بەزاند و لەشکرکێشـیان کرد، من پێم وایە سەرکردە کوردەکان بیر لە جیابوونەوە و سەربەخۆیی ناکەنەوە. لەبەر ئەوە بە هەڵەدادەچن ئەگەر پێتان وابێت هێزەکانـی ئەمەریکا، یان هەر هێزێکی دیکە ئامادە دەبن بـۆ بەرگری کردن لە دەوڵەتە کوردیەکە ئەگەر دووچاری هێرش بووەوە، کەواتە دەبێت کوردەکان ئەو راستییەیان لەبەرچاو بێت کە باشترین رێگە بۆ زامنکردنی ئایندەی خۆیان بریتیە لە مانەوەیان لە چوارچێوەی ئەم سیسـتەمەدا. کەواتە حکومەتی مەرکـەزی چەند ئەرك و کارێکی دیاری کـراو ئەنجام دەدات و پارێزگاکان، یان هەرێمەکانیش چەند کاروبارێکی دیاری کراو هەڵدەسـوڕێنن، بەڵام دەبێت مەسـەلەی پەیوەندی ئەو پارێـزگا و هەرێمانە لە گەڵ یەکتری یەکلابکرێنەوە، بە دڵنیاییەوە مەسەلەی پێکهینانی سوپای وڵاتەکە یەکێکە لە کێشەکان، بەڵام کێشە و گرفتی دیکە هەن کە عێراق رووبەڕوویان بۆتەوە.

***لە ناو شیعە و سوننەکاندا هەڵوێستێکی هاوبەش هەیە دژی کوردەکان لەبەر ئەوەی ئـەو تێڕوانینە هەیە کە کوردەکان هاوپەیمانـی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوونە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەستڕۆیشتویی کوردەکان لە پرۆسە سیاسییەکەدا کە لە دەرئەنجامدا کاریگەری ئەمەریکاش کەم دەبێتەوە، ئایا تا چەند ئەمەریکا ئامادەیە پرۆسـە سیاسـییەکەی عێراق لە شکست و هەرەسهێنان بپارێزێت؟**

- مـن لە ناخی خۆمدا نیگەرانییەکی دوورودرێژم هەیە لە ئاسـت ئەگەری بەرپابوون و هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری لە عێراقدا، کە تێیدا کورد و عەرەبەکان دژی یەك شەڕ بکەن، هەرچەندە پێویست نیە ئەوە رووبدات، عەرەبەکان شـیعە بن یان سوننە باس لە وڵاتی عێراق دەکەن، نەك سونەستان و شیعستان، بە چەشـنی ئەوەی کوردەکان باس لە کوردستان دەکەن. عەرەبەکان بیر لەوە دەکەنـەوە داواکارییەکانی کورد چین، ئایا دەقا و دەق داواکاریەکانیان چیە. بەڵام عەرەبەکان پێیان وانییە کە کەرکوك بە تەواوەتی شارێکی کوردی بێت، هەروەها ئەوان پێشـنیاری دابەشکردنی دەسـەڵات دەکەن لەو شارەدا کە کوردەکان بە هەمو شـێوەیەك رەتـی دەکەنەوە. هەروەها دەسـتیان کردووە بە بیرکردنەوە لەوەی کوردەکان چی دیکەیان دەوێت ئایا چاویان لە خاکی دیکەیە کە ئەوان ئامادەنین دەستیان لێ هەڵبگرن لەبەر ئەوەی بە خاکی عێراقی دەزانن و رەنگە خەڵکەکەشـی بۆ هەزاران ساڵ لەو شـوێنەدا نیشتەجێ بووبن، وەك کەرکووك و موسڵ. لە ساڵی ٢٠٠٥دا سوننەکان بەشدارایان لە هەڵبژاردنەکاندا نەکرد، ئەمەش تای تەرازوی دەرئەنجامەکانی بە بەرژەوەندی کورد و شیعەکاندا شکاندەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتری کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنن و ببنە زۆرینـە لە زۆرێك لە ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکاندا، ئەمە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتـوودا روونادات، کاتێك هەموو چین و پێکهاتەکانی عێراق دەنگ دەدەن. کەواتە بارودوخەکە بە چەشنی ساڵی ٢٠٠٥ نابێت، لەبەر ئەوەی هەلومەرجی ئەو کاتە هەلومەرجی راسـتەقینە واقیعی نەبوو، ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە دەبێت کوردەکان پەنا بۆ سـازش و رێککەوتنی سیاسی ببەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، کە ئەمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دیموکراسییەتی وڵاتانی رۆژئاوادا روودەدەن.

***ئەوەی مایەی دڵتەنگی ئێمەیە ئەوەیە وڵاتانی سعودیە و تورکیا هاوهەڵوێستن لەگەڵ تێڕوانینە عەرەبەکاندا بۆ پێکهێنانەوەی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز، ئەمـەش لەگەڵ تێڕوانینەکانی حزبی بەعسـدا یەك دەگرێتەوە و مەترسـی سـەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆرییەت و پیلانگێڕان و کودەتای سەربازی لێدەکرێت، ئایا ئەگەر عێراق سـوور بوو لە سـەر گرتنەبەری ئەم هەڵوێسـتە، ئەو کاتە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا شکست ناهێنێت؟**

- من پێم وانییە مەسەلەکە پەیوەندی بە شکستی سیاسەتی ئەمەریکاوە هەبێت لە عێراقدا، ئەگەر بارودۆخەکە بەو شـێوەیە بڕوات کە ئێوە باسی دەکەن، ئەوا هەموومان شکسـت دەهێنین لەو وڵاتـەدا. ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن لە بارەی سـعودیەوە راستە، لەبەر ئەوەی سـعودیە خوازیاری ئەوەیە سوننەکانی عێراق جڵەوی دەسـەڵاتی ئەو وڵاتەیان بەدەسـتەوە بێـت، هەروەها تورکیاش خوازیاری ئەوەیە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز لە عێراقدا هەبێت، گرنگ نییە کێ زاڵ دەبێت بەسەریدا، بە مەرجێك کوردەکان کۆنترۆڵ بکات. من پێم وانییە ئەمە ئیشی ئەوان بێت، دەبێت دەستێوەردان نەکەن، هەرچەندە رەنگە ئەمە نەکەن و ئەمە دژی سروشتی ئەوان بێت.

*** مێژووی هەشتا ساڵەی عێراق پێمان دەڵێت، هەر گەڕانەوەیەك بۆ دیکتاتۆری و کودەتای سـەربازی و پیلانگێران سەردەکێشت بۆ دووبارە بوونەوەی بازنەی توندوتیژی و ناکۆکی، بە دڵنیاییەوە ئەو کاتە دەبێت کوردەکان رووبەڕووی ئەم شەڕە ببنەوە، ئایا ئەگەر تەنها رێگاچارەی بەردەوم کوردەکان شەڕکردن بێت لە دژی حکومەتی عێراق، ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە؟**

- من ئومێدەوارم رەوتی رووداوەکان بەو ئاقارەدا نەڕوات و هەموو پێکهاتەکانی عێـراق بگەنە رێککەوتنێك بـۆ پێکەوە کارکردن بێ ئەوەی شـەڕ لە دژی یەکتری بکەن. من پێم وایە کاتی هەڵسـەنگاندنی واقیعیانەی پێگەی کورد و پێکهاتەکانـی دیکە لە عێراقدا هاتووە، هیـوادارم هەردوولا گۆڕانکاری لە خۆیاندا بکەن و کوردەکان بگەنە ئەو راسـتییەی کە دیموکراسـییەتی تەواو بریتییە لەوەی خەڵکێکی زیاتر بەشـداری بکەن، نەك تەنها دوو سـەرکردەی تەقلیدی کۆنترۆڵی ژیانی سیاسی بکەن.

*** بە بێ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق ناتوانرێت یەکێتی عێراق بپارێزرێت، حاڵی حازر تەنها کوردەکان هەوڵی جێبەجێکرنی دەسـتوور دەدەن، بەڵام بە بێ پشـتگیری ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کوردەکان ناتوانن لایەنەکانی دیکە ناچاربکەن پابەند بن بە دەسـتوورەوە، ئایا ئەمەریکا پشتگیری کوردەکان دەکات لەم هەڵوێستەیاندا؟**

- مـن تەقدیری پەرۆشـی ئێوە دەکەم بۆ جێبەجێکردنی دەسـتوور، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەمە بە شـێوەیەکی تەواوەتی راسـت و دروسـت نییە، لەبەر ئـەوەی رەفتاری کوردەکان کاریگەری هەیە لە سـەر لایەنەکانی دیکە و بە پێچەوانەشەوە. رەنگە کوردەکان بەو شێوەیە رەفتار بکەن کە ئەوانی دیکە پێیان خۆش نییە، هەروەها رەنگە کوردەکان بە رفتارەکانی ئەوانی دیکە خۆشـحاڵ نەبن. زۆر مەسـەلە هەیە کە دەکرێت گفتوگۆی لە بـارەوە بکرێت، هەروەها دیموکراسی سیستەمێکی بێ کەموکورتی نییە، بەڵام هەروەك چەرچڵ دەڵێت لە بەدیلەکانی دیکە باشـترە. رەنگە من بە هەڵەداچووبم، کە پێم وانیە هەڵەبم، بـەڵام وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نایەت بە هانای کوردەکانەوە بۆ ئەوەی بەرگریان لێبکات و لە عەرەبەکان رزگاریان بکات، یان لە هەر هەڕەشـەیەکی گەورەتر، ئەمەریکا بەرگری لە کـوردەکان ناکات ئەگەر لە لایەن تورکیا یان ئێرانەوە هێرشیان کرایە سەر.

*** ئایا تا چ رادەیەك گەشبینیت بە ئایندەی عێراق، لە کاتێکدا هیچ ئومێدێك نییە بە پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا؟**

- من ناڵێم هیچ ئومێدێك نییە، رەنگە ئومێدێکی کەم هەبێت، من تا رادەیەك گەشبینم، ئەمە ئەزمونێکی نوێیە بۆ عێراق، بۆ یەکەم جارە عێراقییەکان ناچار دەبـن ئەم بڕیار و ریگاچارانە بگرنەبەر، رەنگە بڕیاری گێلانە بدەن، بەڵام من پێم وانییە کورد و عەرەبەکان هەڵبستن بە خۆکوشتنی نەتەوەیی. دەبێت هەموو لا گفتوگۆ بکەن، ئەوەش ناوەڕۆکی دیموکراسییە، دیموکراسی تەنها دەنگدان و هەڵبژاردن نییە، ئەوەش ئەرکێکی ئاسـان نییە و لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجام نادرێت.

●●●

**دەبێت سوپایەکی نەتەوەیی هەبێت، بەڵام نابێت ئامرازێکی شەخسی سەرۆکی وڵات، یان هەر کەسێکی دیکە بێت، دەبێت ئەرکی پاراستن و بەرگری کردن بێت لە وڵاتەکە**

●●●

●●●

**دیموکراسی سیستەمێکی بێ کەموکورتی نییە، بەڵام هەروەک چەرچڵ دەڵێت لە بەدیلەکانی دیکە باشترە**

●●●

## مایکل ئۆهالون پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر عێراق لە ئامۆژگای برۆکینگز بۆ عێراق:




# ئەگەر دەتانەوێت کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکەن

**لەسەر ئاستی بیرمەندانی ئەمەریکای تایبەت بە دۆسیێ عێراق مایکل ئۆهالۆن ئەو ناوەیە کەهاوشانی کینس پۆلاك و ستیڤن بیدڵ، هەموو شرۆڤەگەرانی سیاسی و سیاسەتمەدارانی کۆشکی سپی لە ئاستی بۆچوونەکانی هەڵوەستە دەکەن.**

**ئۆهالۆن و پۆلاك و بیدڵ تازەترین دیراسەتیان بە ناونیشانی Standing down as Iraq atand up، ئەمەش بە مانا مەجازییەکەی واتە ئەوکاتە لە عێراق دەکێشێتەوە کە عێراق سەقامگیر بوو یان کەوتە سەر پێی خۆی.**

**پێشتر گوڵان وەك یەکەم بڵاوکراوە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان چەندین جاری دیکە لەگەڵ کیسن پۆلاك و ستیڤن بیدڵ وتووێژی کردووە و لەسەر مەسەلە هەستیارەکان راوبۆچوونی بڵاوکردونەتەوە.**

**ئەمجارەش پەیوەندی بە مایکل ئۆهالۆن کرد، کە یەکەمجارە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بۆ گۆڤارێکی سیاسی لێدوان بدات، ئەمەش دەقی لێدوانەکەیەتی.**

## ئێمە تەنها بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا پێناسەی سەرکەوتن ناکەین

*** ئەمەریکا هەوڵدەدات لە گۆشەنیگای خۆیەوە پێناسەی سەرکەوتن بکات و بیخاتە بەردەم رای گشتی ئەمەریکا، نەك لە سۆنگەی خەڵکی عێراقەوە، ئایا تا چ رادەیەك ئەم تێڕوانینە زیان بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئەمەریکا و خەڵکی عێراق دەگەیەنێت؟**

- ئەگەر ئەوەی ئێوە دەیڵێن لێدوانێك بێت، ئەوا من لەگەڵیدا هاوڕا نیم، ئەگەر پرسیارە ئەوا من ئەو بناغەیە رەت دەکەمەوە کە پرسیارەکەی ئێوەی لەسەر بنیات نراوە، لەبەر ئەوەی ئێمە تەنیا بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا پێناسەی سەرکەوتن ناکەین، ئێمە بایەخێکی زۆر بە چەسپاندنی سەقامگیری دەدەین لە عێراقدا و مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا مەسەلەیەکی زۆر گەورەیە بە لای ئەمەریکییەکانەوە، هەروەها ئەمە گرنگییەکی زۆری بۆ عێراقییەکانیش هەیە کە خوازیاری خۆیان کاروباری وڵاتەکەیان بەڕێوە ببەن، هیچ هەڵەیەك لەوەشدا نییە کە ئێمە پەرۆشی کشانەوەی هێزەکانمان بین لە عێراقدا، بەڵام بە مەرجێك ئاستێك لە ئارامی و سەقامگیری لەو وڵاتەدا بهێنینەدی. چوار ساڵی یەکەمی شەڕەکەمان بە خراپی بەڕێوەبرد، هەروەها زۆرێك لە عێراقییەکانیش ئەو چوار ساڵەیان بە خراپی بەڕێوەبرد، لەبەر ئەوەی شەڕی دژی یەکتریان کرد و چاوپۆشیان لەو کەسانە دەکرد کە شەڕیان دەکرد، کە دەبوو هەوڵی بنیاتنانی وڵاتێکی نوێ بدەن، بەڵام لە ماوەی ساڵ و نیوی رابردوودا هەوڵ و کۆششی زۆرێك لە عێراقییەکان و ئەو ستراتجییەتەی ئێمە هەمان بووە بوونەتە هۆی بەدیهێنانی بەرەوپێشچوون لە بارودۆخەکەدا.

***ئێوە زۆر پشتگیری حکومەتی عێراق دەکەن، ئەمەش تێڕوانینی حکومەتی ئەمەریکا، لەکاتێکدا ئێوە شرۆڤەی سیاسیی باردۆخەکە دەکەن نەك سیاسەتمەدارین، هەربۆیە پرسیارەکەمان بەو جۆرەیە بۆچی ئەمەریکا بەو رەهاییە پشتگیری حکومەتی عێراق دەکات ؟**

- من ئەو پرسیارە دەکەم کە چ رێگاچارەیەکی دیکەمان لەبەردەمدایە؟ ئەگەر واقیعیانە بیر بکەینەوە، ئەوا چەند ئەگەرێك لەبەردەم ئەمەریکادا هەیە، یان کۆتایی پێهێنانی پشتیوانی لە عێراق و کشاندنەوەی هێزەکان و راگرتنی هەموو هەوڵە دیبلۆماسییەکان، یان چاوەڕێ بکات بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی داهاتوو ئەنجام بدرێت و حکومەتێکی نوێ دەست بەکار بێت، لەبەر ئەوەی عێراق دەوڵەتی خاوەن سەروەرییە و حکومەتێکی بە شێوەیەکی ئازادانە هەڵبژێردراوە. ئەمەریکا و عێراق هاوڕان لەسەر ئەوەی عێراق خۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات، خۆی حکومەتی خۆی پێك بهێنێت و ئەمەریکا نە توانا و نە مافی ئەوەی هەیە حکومەتێکی دیاری کراو بەسەر عێراقدا بسەپێنێت، لەبەر ئەوە یان دەبێت لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا کاربکەین، یان دەبێت ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵین و کاری لە گەڵدا نەکەین. کەواتە نابێت گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەمەریکا هەموو

●●●
**چەند ئەگەرێک لەبەردەم ئەمەریکادا هەیە، یان کۆتایی پێهێنانی پشتیوانی لە عێراق و کشاندنەوەی هێزەکان و راگرتنی هەموو هەوڵە دیبلۆماسییەکان، یان چاوەڕێ بکات بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی داهاتوو ئەنجام بدرێت و حکومەتێکی نوێ دەست بەکار بێت، لەبەر ئەوەی عێراق دەوڵەتی خاوەن سەروەرییە و حکومەتێکی بە شێوەیەکی ئازادانە هەڵبژێردراوە**
●●●

●●●
**نابێت گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەمەریکا هەموو دەسەڵاتێکی لە عێراقدا هەیە، ئەمەریکا هەموو دەسەڵاتێکی نییە لە عێراقدا و ناشبێت هەیبێت**
●●●

دەســـەڵاتێکی لە عێراقدا هەیە، ئەمەریکا هەموو دەسەڵاتێکی نییە لە عێراقدا و ناشبێت هەیبێت.

*** بـــەڵام لە وتارەکەتاندا لە گۆڤاری «فۆرن ئەفێرز» باس لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەن، ئایا بارودۆخی عێراق سەقامگیر بووە بۆ ئەوەی ئەو کشانەوەیە روویدات؟**

- نەخێر، هەر لەبەر ئەمەشـــە کە داوای کشانەوەیەکی قۆناغ بـــە قۆناغمان کردووە، کە ئەو کشـــانەوەیەش لەســـەر بناغەی پلانێك بێت بـــە هاوکاری نێوان بەغدا و واشـــنتۆن و لە نێوان ســـەرکردایەتی هـــەردوولادا دارێژرابێت، دەبێـــت زۆر وریابین لە پیادەکردنی سیاســـەتی کشـــانەوە، لەبەر ئەوەی هێشتا ئەو سەقامگیرییەی لە عێراقدا بەدەست هاتووە بەس نییە، هەروەها ئەو بەرەوپێشچوونەی بەدی هاتووە لەرزۆکە.

*** ئایا تا چ رادەیەك ئەگەر و مەترســـی ســـەرهەڵدانەوەی دیکاتۆرییەت لە عێراقدا شتێکی واقیعییە؟**

- رەنگـــە مەترســـییەکی کەم هەبێت، من سەرســـامم بەو بەرەوپێشـــچوونەی لە ماوەی ساڵی رابردوودا بەدەست هاتووە، عێراقییەکان کارێکی باشـــیان کردووە لە رووی یاسای بودجە، یاسای لێبوردن و چاکسازی کردن لە یاسای ریشەکێشکردنی بەعسدا، لە پێدانی دەسەڵات بە پارێزگاکان، لە پاککردنەوەی حکومەت لە میلیشیا توندڕەوەکان و لە ئاوێتەکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنەکانی ســـەحوە لە هێزەکانی عێراقدا، لەم ئاستانەدا بەرەوپێشـــچوون بەدی هاتووە، بەڵام هێشـــتا بـــەس نین، لە لایەکی ترەوە لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و یاســـای گاز و نەوتدا کێشـــەی گەورە هەیە، هەروەها من نیگەرانییەکی زۆرم هەیە لە ئاســـت گەڕانـــەوەی ئاوارەکان و دەرکـــراوە ناوخۆییەکان، ئەمانە هەمـــوو تەحەددان، من لە مەیاندا هاوڕام، بەڵام لە گەڵ ئەوەدا هاوڕانیم کە عێراقییەکان شکستیان هێناوە لە کارکردن لەگەڵ یەکدا.

*** پرۆسەی سیاسی عێراقی کەوتۆتە ئاستەنگێکی ئەوتۆ کە نەتوانێت بە شـــێوەیەکی دیموکراسییانە بەڕێوبچێت، بۆیە مەزهـــەدەکان بە ئاراســـتەی حکومڕانی زۆرینـــەی بەهێز و عەســـکەرتاری دەچن، ئەگەر عێراق بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کودەتای سەربازی، ئایا کاریگەری خراپی لەسەر ناوچەکە و جیهان چۆن دەبێت؟**

- مـــن هاوڕانیم لە گەڵ ئێوەدا، من پێم وایە سیســـتەمی سیاســـی عێراقی بە باشی کاردەکات و ئەو بەرەوپێشچوونەی بەدەســـت هاتووە جێی سەرســـوڕمانە، بەڵام هێشتا پێویستمان بە بەرەوپێشـــچوونی زیاترە، بەڵام بارودۆخەکە زۆر باشترە بە بەراورد بە ساڵێك پێش ئێستا.

*** ئەگـــەر حزبی دەعوە ببێت بە حزبی بەعس ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبێت؟**

- مـــن هاوڕانیـــم لە گەڵ ئەوەی حزبـــی دەعوە لە حزبی بەعـــس دەچێت، ئەگەر تەنیا ئاماژە بـــە یەك هۆکار بکەین، ئـــەوا حزبی دەعوە حزبێکی لاوازە و پێویســـتی بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دەبێت بۆ ئەوەی حکومڕانێتی بکات. لە لایەکی ترەوە حکومەتی مالیکی لە مـــاوەی چەند مانگی رابردودا بەرەوپێشچووە لە رووبەڕووبوونەوەی توندڕەوەکاندا، شیعە بن یان سوننە، ئەمە بەو مانایە دێت کە بەرەوپێشچوون بەدەست هێناوە لە پیادەکردنی سیاسەتێك کە جیاکاریی ناکات لە دژی گروپێکی تائیفی دیاری کراو، لەبەر ئەوە ئەم هەنگاوەی مالیکی جێی ئومێدە، ئەگەرچی هێشتا رێگایەکی دووردرێژی لە پێشە.

*** چ ڕاسپاردەیەکت هەیە بۆ کورد؟**


- من ئومێدەوارم بگەنە چارەسەرێکی مامناوەندی لە کێشەی کەرکووکدا و ئەگەر کوردەکانیش خوازیارن دەرفەتێکیان هەبێت بۆ ئەوەی کەرکوك ببێتە بەشـــێك لە کوردســـتان ئەوا دەبێت زۆر بە وریاییەوە ئەم کارە بکەن و دەبێت قەرەبوویەکی باشـــی ئەو کەسانە بکەن کە لە پرۆسەکەدا لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیـــان دەگوێزرێنەوە. لەبەر ئەوە من هیوادارام دۆســـتەکانی ئێمە لە کوردســـتان بەم گیانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکەن.



●●●

**من هاوڕانیم لە گەڵ ئەوەی حزبی دەعوە لە حزبی بەعس دەچێت، ئەگەر تەنیا ئاماژە بە یەک هۆکار بکەین، ئەوا حزبی دەعوە حزبێکی لاوازە و پێویستی بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دەبێت بۆ ئەوەی حکومڕانێتی بکات**

●●●



ستیڤان هێدمان بەڕێوەبەری سەنتەری دیموکراسی لە زانکۆی شیکاگۆ بۆ گوڵان:



# هەندێک رەفتاری حکومەتی عێراق لەگەڕانەوە بۆ دیکتاتۆرییەت دەچێت

**پرۆفیسۆر ستیڤان هێدمان، کە ئوستادی زانستی سیاستە لە زانکۆی شیکاگۆ، پرۆفیسۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و هەروەها تایبەتمەندە لەسەر مەترسی رژێمە توتالیتارییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هێدمان لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی عێراق و کوردستانەو وەك لەم دیمانەیەدا ئاماژەی پێکردووە لەمانگی رابردوو لە کوردستان بووە، بۆ زیاتر شرۆڤەکردنی رەوشی ئێستای عێراق، پرۆفیسۆر هێدمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**

***ئێستا ئەمەریکا لە عێراقدا سیاسەتێکی دوولایەن پیادە دەکات لەلایەك دەڵێت من پشگیری لە فیدرالیزم دەکەم لە لایەکی دیکە پشتگیری حکومەتێکی مەرکەزی دەکات، ئایا تا چ رادەیەك ئەم ئیزدواجیەتە زیان بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئەمەریکا و خەڵکی عێراق دەگەیەنێت؟**

- دەرفەت بدە چەند تێڕوانینێك بخەمەڕوو، ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن راستە کە ئەمەریکا لە پێناسەکردنیدا بۆ سەرکەوتن فشارە سیاسییەکانی وڵاتەکەی لەبەرچاو بگرێت، بەڵام من پێموایە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا ئەمەریکا لە گۆشەنیگایەکی بەرتەسکەوە پێناسەی سەرکەوتنی دەکرد، لە روانگەیەکی ئایدیۆلۆژیەوە ئەم کارەی دەکرد، تا گەیشتە ئەو رادەیەی کە لەگەڵ واقیعەکەدا رووبەڕوو بووەو ناچار بوو گۆڕانکاری بەسەر چۆنییەتی پێناسەکردنیدا بهێنێت بۆ چەمکی سەرکەوتن و تا وای لێهات دەست لە هەندێك لەو ئامانجانە هەڵبگرێت کە کردبوونی بە پاساو بۆ داگیرکردنی عێراق. ئەوەی پەیوەندی بە لەبەرچاوگرتنی رای گشتی ئەمەریکاوە هەیە، من پێموایە ئەگەر ئەمەریکا هەڵوێست و سیاسەتەکانی خۆی لەسەر رای گشتی وڵاتەکەی بنیات بنایە ئەوا ماوەیەکی زۆر بوو بە تەواوی لە عێراق کشابووەوە، هەر ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی دابەزینی شەعبیەتی سەرۆك بۆش، لەبەرئەوەی وەك پێویست بایەخی بە رای گشتی نەداوە، بۆیە من گومانم هەیە لەوەی سیاسەتی ئەمەریکا لەسەر ئەرزی واقیع هەوڵێك بێت بۆ قەناعەت پێهێنانی رای گشتی ئەمەریکا، ئەگەر واش بێت ئەوا سەرکەوتوو نەبووە. مشتومڕێکی زۆر هەبوو لە نێوان وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوە لەبارەی ئەوەی چ سیاسەتێك لە ئاست عێراقدا پیادە بکرێت، ستراتیجیەتی زیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکاش لە عێراقدا، دەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە بوو، کە لە رووی ئەمنیەوە بارودۆخەکەی بەرەوپێشتربرد، هەرچەندە لە رووی سیاسییەوە بەرەوپێشچوونێکی گەورە بەدی نەهات، دەتوانین گفتوگۆیەکی زۆر و دوورودرێژ بکەین لەبارەی ئەوەی ئایا سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا ئیجابیە یان سلبی، بەڵام گرێدانەوەی سیاسەتی ئەمەریکا بە ئیعتبارە سیاسیە ناوخۆییەکانی ئەمەریکاوە شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی وورد نیە.

**حکومەتی عێراق هەندێ رەفتار دەکات**
**ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە جارێکی دیکە عێراق**
**بەرەو دیکتاتۆرییەت رێچکەی گرتووە**

***ئایا تا چ رادەیەك ئەگەر و مەترسی سەرهەڵدانەوەی دیکاتۆریەت لە عێراقدا شتێکی واقیعییە؟**

- ئەگەرچی ئەوەی ئێوە باسی لێوە دەکەن تا رادەیەك لێکدانەوەیەکی دروستە و عێراق لەبەردەم هەموو ئەگەرەکاندا کراوەیە، لەبەرئەوەی ئاماژەی ئەوە بەدی دەکرێت حکومەتی عێراق هەندێ رەفتار دەکات کە ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە جارێکی دیکە عێراق بەرەو دیکتاتۆرییەت رێچکەی گرتووە، نەك جێگیرکردنی چوارچێوەیەکی دەستووری بۆ پێکەوە گونجاندنی ئەم جیاوازیانە. من پێموایە دەبێت هەموو عێراقییەکان ئەو راستییەیان لەبەرچاو بێت کە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی

عێراق دەبێت لەگەڵ یەکتری سازش بکەن بۆ ئەوەی بگەنە ستراتیجییەتێك، کە پەنابردنە بەر توندوتیژی تێدا نەبێت و سەر بکێشێت بۆ ئەوەی دەرئەنجامی ئەم بارودۆخەی ئێستا کۆدەنگی نەتەوەی لێ بکەوێتەوە، نەك دیکتاتۆریەت. ئەگەر بە راشکاوی بدوێم ئەوا ناتوانین دڵنیابین لەوەی ئەم کۆدەنگییە نەتەوەیە لەم هەلومەرجەی ئێستاوە سەرهەڵدەدات، ئەگەرەکانی ئەوەی عێراق بە ئاڕاستەی دیکتاتۆریەت و تاکڕەویدا بڕوات بەهێزترن لە ئەگەرەکانی چەسپاندنی دیموکراسی و کۆدەنگی نەتەوەیی، کە ئەمەش ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە لەسەر عێراق.

## چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوک
## ئایندەی عێراقی لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدا راگرتووە

*** لە سەر ئاستی سیاسی رەوشەکە بەرەو ئاڵۆزتر دەچێت و زیاتر پێکهاتە سیاسییەکان لە یەکتری دووردەکەونەوە، ئایا ئەگەر پرۆسەی سیاسی سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت سەرکەوتن چ مانایەکی دەبێت؟**

- ئەگەر نەتوانین بگەینە چارسەرە سیاسییەکان بۆ زۆرێك لە کێشەکانی عێراق، لە نێوان کێشەی کەرکوك، ئەوا سەرکەوتنمان بەدەست نەهێناوە، بەڵکو شکستمان هێناوە، بە بێ بەدەست هێنانی سەرکەوتن لە گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەکان ناتوانین بڵێیت سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە، ئەگەر کێشەکان لە رێی توندوتیژی و دابەشبوونی ئەمری واقیعی وڵاتەکەوە چارەسەرکران، ئەوا شکستمان هێناوە، پرۆسە سیاسییەکە شکستی هێناوە. لە ئەمەریکا ئومێدی ئەوە هەیە عێراقییەکان ئەو دەرئەنجانە لەبەرچاو بگرن کە لە شکست هێنانی پرۆسە سیاسییەکە دەکەوێتەوە، دەبێت لەم روانگەیەوە رەفتار بکەن و سازش لەگەڵ یەکدا بکەن، هەرچەندە تا ئێستا سەرکردەکانی عێراق زۆر خاوبوونە لە بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسیەکە و چارەسەرکردنی کێشە گەورەکانی وەك کێشەی کەرکوك، کە ئەمەش ئایندەی عێراق لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدا راگرتووە.

*** مەزەندەکان بە ئاڕاستەی حکومڕانی بەهێز و عەسکەرتاری دەچن، ئەگەر عێراق بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کودەتای سەربازی، ئایا کاریگەری خراپی لەسەر ناوچەکە و جیهان چۆن دەبێت؟**

- ئەوە راستە کە گۆڕانکارییەکی زۆر روویانداوە، بەڵام مەرج نییە هەموو گۆڕانکاریەکان سلبی بن، بۆ نموونە شکستهێنانی سوپای مەهدی کارێکی خراپ نەبوو، باڵادەست بوونی سیاسی مالیکی، ئەگەر ئەم باڵادەست بوونە بۆ رەخساندنێکی کەشێکی دیموکراسی بێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئاشتیانە و ئازادانەی پارێزگاکان، ئەوا گۆڕانکاریەکی خراپ نەبووە، هەروەها دووبارە گەڕانەوەی سوننەکان بۆ ناو حکومەت رەنگدانەوەی هەستکردنیانە کە هەندێ لە گرژی و ئاڵۆزیە تائیفیەکان چارەسەرکراون، کە پەرۆشیەکی زیاتریشیان هەیە بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنە مەحەلییەکانی داهاتوو بکەن. لەبەر ئەوە هەندێ گۆڕانکاری ئیجابی هەن کە دەکرێت ببنە مایەی بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە، بەڵام هێشتا ئەم بەرەوپێشچوونانە لەرزۆکن، هیشتا ئەگەری ئەوەی سوننەکان بتوانن هاوپەیمانێتی بکەن لە ناو پەرلەماندا بۆ پارسەنگدانەوەی کەمینە بوونیان، ئەگەرێکی لاوازە. بارودۆخەکە هێشتا ئاڵۆزە و سەرەڕای بەرەوپێشچوونە ئیجابیەکان، بەڵام ناتوانین بڵێین بەرەوپێشچوونی یەکلاکەرەوەن.

***دیاردەی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی لە ناو حکومەتی عێراقیدا کە خەڵکی وڵاتەکەی دووچاری نائومێدی کردووە، ئایا ئەمە واقیعی حکومەتی عێراقی بێت، بۆچی ئەمەریکا پشتگیری دەکات؟**

- هیچ گومانێك نییە لەم رەوەوە، هەروەها ئەمە دەرفەتێك بۆ سیاسەتمەدارانی عێراق دەڕەخسێنێت کە چارەسەرکردنی دیاردەی گەندەڵی بکەن بە بەرنامە و سیاسەتی خۆیان بۆ ئەوەی بتوانن پشتوانییەکی جەماوەری بۆ خۆیان کۆبکەنەوە، گەندەڵییەکی زۆر هەیە لە عێراق و ئەمەریکا لەم رووەوە هەست بە نائۆمێدی دەکات و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا چارەسەرکردنی گەندەڵی کردووە بە یەکێك لە مەرجە بنەڕەتییەکانی بۆ هاوکاری کردنی عێراق لە ساڵی ئایندەدا، هەروەها من پێموایە ئەم مەسەلەیە پتر لە پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و عێراقدا زەق دەبێتەوە. مەسەلەکە ئەوە نیە ئەمەریکا پشتگیری حکومەتی عێراقی دەکات و گرنگ نییە ئەو حکومەتە چۆن رەفتار دەکات، بەڵکو نیگەرانییەکی زۆر هەیە لە لایەن ئەمەریکاوە لە ئاست تەشەنەسەندنی گەندەڵی، لە ساڵانی داهاتووشدا ئەمە زیاتر زەق دەبێتەوە لە پەیوەندیەکانی نێوانیاندا.

*** بەرای تۆ کورد چۆن دەتوانێت لە واقیعەی عێراقدا بەرێگەچارەی ئاشتییانە کێشەکانی خۆی چارەسەربکات؟**

- دەبێت کوردەکان ئەو رەچاو بکەن کە بە شێوەیەکە گشتی ئایندەی هەرێمەکەیان گرێدراوە بە ئایندەی عێراقەوە و کارێکی باش نییە ئەگەر ئەو سەروەری و جیابوونەوەیەی ئەمری واقیعە کە لە ماوەی رابردوودا بەدەستیان هێناوە بەردەوام بێت و من ئومێدەوارم کە ئایندەی خۆیان لە چوارچێوەی عێراقدا بەدی بکەن، نەك لە جیابوونەوەدا. من لە مانگی رابردوودا لە کوردستان بووم، دووچاری سەرسوڕمان بووم کاتێك ئەوەم بەدی کرد کە لە سەدا ٦٠ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ناتوانن بە عەرەبی قسەبکەن، هیچ ئاڵایەکی عێراقیم نەبینی، تەنها ئاڵای کوردستان نەبێت، حکومەتی هەرێم تەنها کار بە زمانی کوردی دەکات ئەمانەش ئاکامێکی باشیان نابێت بۆ سەر ئایندەی عێراق لە مەودای دووردا. کوردەکان مافی خۆیانە زمانی خۆیان بەکاربهێنن، بەڵام نابێت زمانی عەرەبی پەراوێزبکەن و کوردەکان هیچ سوودێك بەدی ناکەن لە یەکگرتوویی عێراقدا و ئەمەش تێڕوانینێکی ئاڵۆز و بگرە مەترسیدارە، رەنگە ئاکامی خراپی بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەبێت، ئەگەر کوردەکانی وڵاتانی سوریا و تورکیا و ئێران هەمان هەنگاویان هەڵگرت و هەوڵی بەدەست هێنانی سەربەخۆییاندا. رەنگە ئێوە هاوڕانەبن لە گەڵمدا، بەڵام ئەمە بۆچون و تێڕوانینی منە. من ئەو راستییە دەزانم کە کوردەکان دووچاری ئێش و ئازار و سەرکوتکردن هاتوون، هەروەها هیچ گومانێك نیە لە گرنگی بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان، بەڵام ئۆتۆنۆمی یەکسان نییە بە سەربەخۆیی و سەروەریی.

●●●
**ئەگەرەکانی ئەوەی عێراق بە ئاڕاستەی دیکتاتۆریەت و تاکڕەویدا بڕوات بەهێزترن لە ئەگەرەکانی چەسپاندنی دیموکراسی و کۆدەنگی نەتەوەیی**
●●●

●●●
**دەبێت کوردەکان ئەوە رەچاو بکەن کە بە شێوەیەکی گشتی ئایندەی هەرێمەکەیان گرێدراوە بە ئایندەی عێراقەوە و کارێکی باش نییە ئەگەر ئەو سەروەری و جیابوونەوەیەی ئەمری واقیعە کە لە ماوەی رابردوودا بەدەستیان هێناوە بەردەوام بێت**
●●●